کاکەیی - ئەهلی هەق و شەبەک

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی

پرۆفیسۆر دکتۆر
زرار صدیق تۆفیق



هەولێر – ٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب

کاکەیی- ئەهلی هەق و شەبەک

-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-

هەواڵنامەی کتێب

کاکەیی-ئەهلی هەق و شەبەك

-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-

هەواڵنامەی کتێب

پرۆفیسۆر دکتۆر
زرار صدیق تۆفیق

هەولێر- ٢٠٢٠

بیروڕاگەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا
دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندی، ئەكادیمیای كوردی لێیان بەرپرس نییە.

هەواڵنامەی کتێب

* ناوی كتێب: كاكەیی– ئەهلی هەق و شەبەك (لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی).
* نووسەر: پرۆفیسۆر دكتۆر زرار صدیق تۆفیق.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە(٣٨١).
* چاپخانەی زانكۆی صەلاحەددین– هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی(   )ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

– هەموو مافێكی چاپكردن بۆ ئەكادیمیای كوردی پارێزراوە.
– ئەم كتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەكادیمیای كوردی دووبارە چاپ بكرێتەوەو وێنەكانی لەبەر بگیرێتەوە.

هەر دەمێك گوێتان لە دەنگی تەنبور بوو، ئەوە نیشانەی دەرکەوتنەوەی خوداوەندە لە روخساری باباناووس دا، ئەوجا تەنبوەرەکان سازبدەن با خۆبەخۆ لێبدەن تا دەربکەوێتەوە.

-پەیامی شاخۆشین بۆ یارانی-

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

- پێشەکی:

لە ئاکامی سستیی بزاڤی مێژوونوسیی کوردی و هەست نەکردنی توێژی خوێندەواری کورد بە بایەخ و گرنگیی یاداشتکردنی روداوەکان و نەبوون یان کەمیی روناکبیرانی خەمخۆر و دڵسۆزی دیرۆك و کەلتوری میللەتەکەمان، گەلێك بەسەرهات و مژاری ئایینی و جڤاکی و کەلەپوری و سەربوردەی دەیان و سەدان کەسایەتیی کاریگەری مێژووی کوردو کوردستان بەیەکجاری فەوتان و لەبیرچوونەوە و سەرئەنجام زیانێکی فرە مەزن بەر مێژوو و رۆشنبیریی کوردی کەوت.

هاوکات چەندین پرس و مژاری وا هەن کە راستەوخۆ پەیوەستن بە مێژووی کوردەوە و پشکێکی کاریگەر و بنەڕەتیی ئەو مێژووەن، کەچی تا هەنوکە بە مژداری و ناڕۆشنی ماونەتەوە و کاری زانستیی وردیان دەرهەق ئەنجام نەدراوە، بەڵکو نوسینی نازانستییان لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە و کارێکی وا کراوە زیاتر لە راستی و حەقیقەتی خۆیان دووربخرێنەوە، لێرەوە دەکرێت بڵێین کە دەمی ئەوە هاتووە بە رێبازێکی زانستی و دوور لە سۆزی نەتەوایەتی و لایەنگریی ناوچەگەری و دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی و شتی لەم بابەتانە، لێیان بکۆڵرێتەوە و پەردە لەسەر راستییان لا بدرێت و ئەو ئاڵۆزی و تەمومژەی دەورەی داون بڕەوێندرێتەوە، تا چیدی نوسینی نازانستی و پڕ لە سۆزیان دەرهەق بڵاو نەکرێتەوە.

ئەم کتێبە دوو لێکۆڵینەوە لەدور دوو لەم چەشنە پرس و مژارانە لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی جیاوازە لەو نوسینە زۆر و زەبەندانەی پێشتر دەربارەی کوردانی کاکەیی– ئەهلی هەق بڵاوکراونەتەوە، بەوپێیەی سەرچاوەی نوێ بەکارهێنراوە و لێکدانەوەی تەواو نوێ بۆ ناسنامەی کەسایەتیە سەرکیەکانی کراوە و خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەش بۆ دەق و سەرچاوەکانیان ئەنجامدراوە.

پێشتر لێکۆڵینەوەکە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بڵاوکراوەتەوە(١)، بەڵام لەگەڵ ئەمەی لێرە بڵاودەکرێتەوە تەواو جیاوازە، ئەمەیان بە زانیاری و

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) ژمارە(٣٩)(هەولێر: ٢٠١٧)، ل١٩٣–٢٤٠.

سەرچاوەی نوێتر ئاوێتەکراوە و خوێندنەوەی وردتر بۆ چەند بابەتێك کراوە و دەستکاریی بنەڕەتیی بیروڕاگەلێك کراوە.

لێکۆڵینەوەی دووەمیش دەربارەی کوردی شەبەك-شەنبەکە کە پێش پێنج ساڵێك لە گۆڤاری ژین بڵاوکراوەتەوە(١)، لێرەش سەرچاوەگەلێك بەکاهێنراوە و چەردەیەك زانیاری و روونکردنەوەی نوێ و بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەتیی نوسەر خراونەتەڕوو سەبارەت بە پەیڤی شەبەك و چۆنیەتی دەرکەوتن و پەیدابوونیان لە رۆژهەڵات و باشوری موصڵ و زیاتر جەخت لەوە کراوەتەوە کە کوردی رەسنن و هەمان هۆزی شەنبەك (الشنبکیة)ی سەدەکانی ناوەڕاستن، بەمەش ئەو بوختان و بۆچوونە نازانستیانە رەتکراونەتەوە کە لە مێژەوە بە پێنوسی گوماناویی کەسانی ناحەز دەربارەی نەژاد و ناسنامەیان نوسراون.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨، ئەم کتێبەم لەسەر حسێبی خۆم لە دەزگای خانی لە دهۆك چاپکرد، بەڵام چاپێکی پەرپووت و نارێك و بازاڕی کە هیچ هونەرێکی دیزایین و چاپکردنی تێدا رەچاو نەکرابوو، بۆیە بەشێوەیەکی سنوردار نەبێت بڵاونەکرایەوە و چەند دانەیەکیشم کردە دیاری بۆ ژمارەیەك هاوڕێ و کتێبخانەی زانکۆکان، دوواتر ئەم پرسەم لەگەڵ برادەرانی ئەکادیمیای کوردی باسکرد، ئەوانیش بە رووخۆشیەوە بەدەنگمەوە هاتن و پەیمانیان پێدام کتێبەکە لە ئەکادیمیای کوردی چاپ بکرێتەوە و ئەم هەڵوێستەیان شایانی سوپاس و پێزانینمە.

هەواڵنامەی کتێب

منیش ئەم دەلیڤەیەم لەدەست نەدا و سەرلەنوێ بە سەرلەبەری کتێبەکەدا چوومەوە و سوودیشم لە سەرچاوەی دی وەرگرت، نەخاسمە لە کتێبی دەستنوسی (فسطاط العدالة في قواعد السلطنة) کە ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز نوسراوە و زانیاریی نوێ و پڕبەهای لەمەڕ شاخۆشینی کاکەییەکان و میللەتی خۆشینان ئاشکراکردووە و توێژەری ناسراو محەمەد رەزا شەفیعی کەدکەنی لە کتێبە ناوازەکەی سەبارەت بە مێژووی بزاڤی قەلەندەری، چەند دەقێکی لێ بڵاوکردۆتەوە و لە کۆتاهی ساڵی ٢٠١٨ ئەم کتێبەم لە تەهران دەستکەوت.

دهۆك

٢٠٢٠/٤/٧

---

(١) ژمارە(٧) (سلێمانی: ٢٠١٥)، ل٣٩-٥٦.

بەشی یەکەم :

کاکەیی_ ئەهلی هەق
لە سەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاک

هەوالاّمەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

– دەروازە:

کاکەیی– ئەهلی هەق، ئایینێکی دێرینی کوردستانە و زۆربەی هەرە زۆری باوڕدارانی کوردن و نیشتەجێی گوند و شارۆچکە و شەهرستانەکانی: کەرەند، صەحنە و دینەوەر، سەرپولی زەهاب، قەصری شرین، شاهئاباد، هەرسین، ناوەندی کرماشان، کوهدەشت، نورئاباد و دولفانی سەر بە هەردوو ئوستانی کرماشان و لوڕستان و چەند گوند و شوێنێکی ئوستانەکانی هەمەدان و زنجان و ئازەربیجانی رۆژهەلات و رۆژئاوا و تەهرانن(١)، سەرەڕای ئەمانەی کوردستانی باشور کە بە کاکەیی دەناسرێن و دانیشتووی ژمارەیەك دێهاتی داقوق–خوارووی کەرکووك و سەر زێی مەزن و گوندی هاواری رۆژهەلاتی هەڵەبجە و شوێنی دیکەن، خۆشویستنی ئیمام عەلی و ئەهلی بەیت و دۆنادۆنی یان کراس گهۆڕین واتا گیرسانەوەی گیانی یەکێك لە پێشەوایانیان پاش دیارنەمانی لە جەستەی یەکێکی دیدا، لە بنەما جەوهەریەکانی ئایینەکەیە(٢).

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە، بەردەوام تێکستە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق چاپ و بڵاو دەکرێنەوە(٣)، هەروەها چ نوسەران و رۆشنبیرانی ئەهلی هەق و

---

(١) دەربارەی ژمارە و رێورەسم و دابونەریتی کوردانی ئەهلی هەق، بڕوانە: دائرە المعارف تشیع (تهران: ١٣٦٨ش)، ٢/ ٦١٠–٦١٤، عبدالله خدابندە، شناخت فرقە أهل حق، إنتشارات أمیر کبیر(تهران:١٣٨٨ش)، ص٥٥–٦١.

(٢) ب. لیرخ، دراسات حول الأکراد، ترجمة عبدي حاجي(دمشق:١٩٩٢)، ص٣٩، کوردانی یەزیدی بەم حاڵەتە دەڵێن کراس گهۆڕین واتا (الحلول)، (التناسخ).

(٣) لەوانە کارەکانی: ماشاءالله سوری، سرودهای دینی یارسان (تهران:١٣٤٤ش)، نامە سرنجام یا کلام خزانە، تحقیق وتفسیر صدیق صفی زادە، إنتشارات هیرمند (تهران :١٣٧٥ش)، ٦٦١ص، محمد مُکری، دورە دیوانە گەورە یا دیوان عالی یاران حقیقت برفراز کوە شاهو(پاریس:١٩٧٧) و (بڕوانە: فهرست مقالات و تألیفات استاد محمد مُکری (پاریس:١٩٩٣))، سید قاسم أفضلی، دفتر رموز یارسان و گنجینە سلطان صحاك (تهران:؟)، طیب طاهری، سرأنجام، مجموعە کلامهای یارسان، چاپخانە آراس (أربیل :٢٠٠٧)، ٩٧٢ل، تاریخ و فلسفە سەرئەنجام، دەزگای موکریانی(هەولێر: ٢٠٠٩)، ٨٢٨ل...هتد.

چ توێژەرانی کورد و فارس و ڕۆژهەڵاتناسان، دەیان کتێب و لێکۆڵینەوە و گوتاریان سەبارەت بە ئەهلی هەق بڵاوکردۆتەوە(١) و تەرخانیان کردووە بۆ ئاخافتن و راوەستان لەسەر فەلسەفە و کەلتور و ڕێوڕەسمی ئایینی و مۆزیك و دابونەریتی جڤاکی و لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکانیان(٢)، وەلێ دەستپێك و چۆنیەتیی سەرهەڵدانیان و ڕەوتی مێژوویی پێشڤەچوون و گەشەکردنی بیروباوڕیان و شوناسی کاراکتەرە باڵاکانیان، کەمتر سۆراخکراوە(٣) و دەکرێت بڵێین پشتگوێخراوە یان بایەخی شایەنی خۆی پێنەدراوە و ئەوەی کراویشە کاری سەرپێیین و تەنها پشت بە دەقەکانی ئەهلی هەق بەستراوە(٤) و تا ئێستا وەك پێویست کۆششی زانستی و جدی بۆ ساخکردنەوەی ژیاننامەی کەسایەتیە سەرەکیەکانیان نەکراوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) زانستیترینیان تۆژینەوەیەکی مینۆڕسکی یە لە کتێبی: سه گفتار تحقیقی در آیین أهل حق، ویراسته وحواشی و توضیح و ترجمه محمد علی سلطانی و مریم بانو رزازیان، مؤسسه نشر فرهنکی سُها(تهران: ١٣٧٨ش)، ص٣٨–٥٩ و کتێبەکەی فلادمیر ئیڤانۆف: پەیڕەوانی راستی، یارانی کوردستان"ئەهلی هەق"، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم (هەولێر: ٢٠٠٣)، ٢١٨ل.

(٢) بۆ زیاتر پێزانین بگەڕێوە بۆ: مصطفی دهقان، برخی منابع مطالعه أهل حق، کتاب ماه تاریخ وجغرافیا، شماره(٧٥) و(٧٦)(تهران: دی وبهمن ١٣٨٢ش)، ص١٤٧–١٥٣، بیبلۆگرافیای هەڵبژاردە لەبارەی ئەهلی هەق (سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان) لە کتێبی: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێرانی نەجاتی عەبدوڵا، دەزگای موکریان(هەولێر: ٢٠٠٥)، ل١٤٦–١٥٣، مهری رحیمی وأمیر إسماعیل آذر، کتابشناسی فرقه أهل حق "یارسان"، نشریه عرفان إسلامی، شماره(٤٩٥)(تهران:پاییز١٣٩٥ش)، ص١١٩–١٣٨.

(٣) قوولترین و فراوانترین کار لەمبارەیەوە کتێبەکەی سیاوش دلفانی یە: پیدایش سلسله أهل حق، منشور أمید(تهران:١٣٩٢ش)، ٧٧٤ل.

(٤) لەوانە: چەند گوتارێکی موراد ئاورەنگ لە گۆڤاری ئەرمەغان، وەك: سلطان إسحاق، مجله أرمغان، دوره چهل وششم، شماره(٦)(تهران:شهریور١٣٥٦ش)، ص٣٢٧–٣٣٠، ظهور سلطان إسحاق، مجله أرمغان، دوره چهل وششم، شماره(٧) (تهران:مهرماه ١٣٥٦ش)، ص٣٧٧–٣٨٢، محمد محمدی، پژوهشی دقیق در أهل حق،"تاریخچه، عقاید، فقه"، مؤسسه فرهنگی وإنتشاراتی پازینه (تهران:١٣٨٤ش). دوورنیە نوسینی دیکەش هەبێت و من پێم نەزانیبێت. بڕوانە: مهری رحیمی وأمیر إسماعیل آذر، کتابشناسی فرقه أهل حق"یارسان"، ص١٢١–١٣٨.

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، پـتر لـە رووی دیرۆکیـی بابەتەکـە دەکۆڵینـەوە و هەوڵدەدەین لە سەرچاوەکاندا [1]سەرەداوێکی سەرهەڵدان و ناسنامەی کەسایەتیە بـەرایی و پێشـەنگەکانی کاکـەیی بدۆزینـەوە و پابەندییـەکی وامـان نابێـت بـە دەقەکانـەوە وەك کەرەسـتەیەکی مێـژوویی و خۆمـانیش نـادەین لـە پرسـەکانی میتافیزیکا و بیروباوڕی ئایینی و فەلسەفی و بنیـادی کۆمەڵایـەتی و خوورەوشـتی میللیی ئەم گروپە و کاریگەربوونی بە مەسیحیەت[2] و بە فەرهەنگ و شارستانیەت و کەلتوری دێرینی کوردستان و ئێران کە لە مێژەوە ورووژێنراون[3].

---

(١) رێـز و سوپاسـم بـۆ هـاوڕێم رێـزدار د.ئیسـماعیل شـەمس کـە بەدەنگمـەوە هـات و بـە سوپاسـەوە، چـیی هـەبوو بـە فارسـی لەمـەڕ ئـەهلی هـەق لـە دەق و سەرچـاوە بـەpdf بۆیناردم.

(٢) مینۆڕسکی و پێشتریش گەڕۆکە رۆژئاوییەکان بە زیادەڕۆییەوە باسـی کاریگـەریی یهـودی و مەسـیحیی و تەنانـەت هیندۆسـی و بوداییـان لەسـەر بیروبـاوەڕی عـەلی ئیلاهـی–ئـەهلی هەقەکانی ئەودیو کردووە، بگەڕێوە بۆ:
GEORGE KEPPEL , A JOURNEY,
FROM INDIA TO ENGLAND (LONDON:1853),2/57-58, H.RAWLINSON,NOTES ON A MARCH FROM ZOHAB(1839),PP 36-39,
ژوزف ئەرتور گۆبینو، سه سال در آسیا (١٨٥٥–١٨٥٨)، ترجمـه عبدالرضـا هوشـنگ مهـدوی، نشـر قطره(تهـران:١٣٨٣ش)، ص٢٤٢–٢٦١، ویـبرت بلوشـر، سـفرنامه بلوشـر، ترجمـه کیکاووس جهانداری(تهران: ١٣٦٩ش)، ص٨٧.

(٣) دەربارەی دەستە و بنەماڵەکانی ئەهلی هەق و بانـدۆر و کاریگـەریی زەرادەشـتی و ئایینـە ئاسمانیـەکان و کـەلتورە جیاوەزەکـان و مەزهەبـە شـیعییەکان لەسـەر بیروباوەڕیـان، بگـەڕێوە بـۆ: سـە گفتـار تحقیقـی در آیـین أهـل حـق، از اعتمـاد السـلطنة – دکـتر سـعید کردستانی– مینورسکی، ویراسته وحواشی و توضیح و ترجمه محمد علی سلطانی و مـریم بانو رزازیـان، مؤسسـه نشـر فرهنگـی سُـها(تهران: ١٣٧٨)، دائـرة المعـارف بـزرگ إسـلامی (تهران:١٣٦٧ش)، أهل الحق، ١٠/٢٧٣–٢٧٤.

هەوڵنامەی کتێب

یەکەم: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و دەرکەوتنی ئەهلی هەق:

١– هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و دەقەکانی ئەهلی هەق:

دیارە ئەهلی هەق گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و هەمەچەشنەی دەستنوسی میللیان هەیە(١) کە دەیان دەفتەر و کەلام و دیوان و یاداشتنامە و کەشکۆڵ لەخۆدەگرێت و دەشێت بکرێنە کەرستە و سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە و دووڤچوونی زانستی دەربارەی هزر و بیروباوەڕ و فەلسەفەیان(٢).

وەلێ گرفت و ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم توێژەر لە دیرۆك و سەربوردەی ئەهلی هەق ئەوەیە کە نە لە سەرچاوەکاندا هەواڵ و دەنگوباسێکی وەهایان هەیە بەشی ئەوە بکات بکرێتە کەرەستەی تۆژینەوەیەکی تێروتەسەل و نە ئەم دەقە پیرۆزانەی خۆیانیش هەندە کەڵك و بەهای مێژووییان هەیە لە سۆنگەی ئەوەوەی کە زیاتر دەقی ئایینی و فەلسەفین و بە کێشی خۆماڵیی کوردی هۆنراونەتەوە و هاوشێوەی شیعری عاریفانە و سرودگەلی صۆفیگەریانە دەماودەم خوێندراونەتەوە و درەنگانێك تۆمارکراون، هەرچەند لە ساتی دەرکەوتنی باباناووسەوە لەتەك ژەنینی ئامێری تەنبوردا و وەك شێوازێکی نزا و پاڕانەوە لە خودای مەزن ودلۆڤان، دەکرانە ستران و دەگوترانەوە و لەمڕووەوە دەنگبێژان و کەلامخوانان خزمەتێکی زۆری مۆزیکی کوردییان کردووە و ئاوازگەلێکی رەسەن و سرودی ئایینی و سترانی دێرینیان پاراستووە(٣).

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) لە زۆربەی دەستنوسەکان، نە ناوی نوسەر و روونوسکاران و نە ساڵی نوسینەوە تۆمار کراوە، لەوڕا بە دەستنوسی میللی دادەنرێن.

(٢) سەبارەت بەم دەستنوسانە بگەڕێوە بۆ: مهری رحیمی وأمیر إسماعیل آذر، معرفی وتحلیل نسخەهای خطی فرقە أهل حق، مجلە پژوهش های إعتقادی وکلامی، شمارە(٢٠)، (تهران:زمستان ١٣٩٤ش)، ص٧–٢٨.

(٣) بڕوانە: محمد مُکري، موسیقی الأکراد المقدسة "أهل الحق" في إیران ، لە (مقلات مُکری، جلد(٤): کُردیات إیرانی، نشر وچاپ پترز(پاریس:١٩٩٥)، ص(٣٣–٥٤) بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەند خۆیان و موسڵمانانی دەوروپشتیان دەیانزانی کە لەم تەرزە شیعرانە بترازێت، نوسراو و کتێبی دیکەیان نیە، کەچی جۆزیف ئەرتور گۆبینۆ(١٨١٦–١٨٨٢) کە تێکەڵیان بووە و بە دابونەریت و خوورەشتیان ئاشنابووە و زانیاریی ورد و نوێی لەبارەوە یاداشتکردوون، گومانی لەم نکوڵیکردنە دەربڕیوە و دەڵێت لە دوو سێ شوێن کتێبخانەیان هەبووە و ئەوەندەی ئەو زانیویەتی، نزیکەی بیست بەرگ کتێبیان لەخۆگرتووە، بێئەوی بزانێت کتێبەکان چی بوونە وبەهای مێژوویان چەند بووە ودەربارەی چ مژار و بابەتێك بوونە(١)، کەچی شەفیعی کەدکەنی پێیوایە ئەم دەقانە ئەوەندە کۆن نین و لە سەدەی یازدەهەم و دوازدەهەمی کۆچی دێرینتر نین(٢).

دوورنیە دەنێو ئەم تێکستە شیعریانەدا، هەیانبێت کەون بن و بگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ٩–١٠ك/١٥–١٦ز و بە مەزندەی گۆبینۆ مێژووی دانانی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك تا چوار سەدە لەوەوبەر(٣)، بەڵام مخابن درەنگوەخت و پاش ماوەیەکی درێژ، لە سینەی سیخناخی یارانەوە گواستراونەتەوە سەر کاخەز و ئەمەش وایکردووە هەرگیز وەك خۆیان نەمێننەوە. ئەوەی زانراوە کۆنترین و پڕبەهاترین سەرمایەی ئەهلی هەق کە کتێبی (سەرئەنجام)ە، لەوە ناچێت هەندە زوو یاداشت کرابێت و ئەو دانەیەی دەست مینۆڕسکی(١٨٧٧–١٩٦٦) کەوتووە ساڵی ١٨٤٣ز نوسراوەتەوە(٤) و نوسینەوەی(تذکرە أعلی) لە رۆژی پێنجشەممە ١٢–٨–١٢٩١ك/٢٤–٩–١٨٧٤ز تەواوبووە(٥) و(سرودهای دینی

---

(١) سە سال در آسیا(١٨٥٥–١٨٥٨)، نشر قطره(تهران:١٣٨٣ش)، ص٢٥٥.

(٢) قلندریە در تأریخ، إنتشارات سخن(تهران:١٣٩٤ش)، ص٣٣٨.

(٣) سە سال در آسیا، ص٢٥٥. واتا لە نێوان ناوەڕاستی سەدە پازدەهەم و ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم. وبڕوانە: مهری رحیمی وأمیر إسماعیل آذر، معرفی وتحلیل نسخە های خطی، ص٩–١٢.

(٤) مینورسكي، دائرة المعارف الاسلامية، أهل الحق، ٣/٩٤، وبڕوانە: پەیڕەوانی راستی، ل ٤١–٤٢.

(٥) مجموعە رسائل وأشعار أهل حق(تهران: ١٩٦٠)، ص١٠٨.

یارسان)یش لە سەدەی ١٣ك/١٩ز نوسراوەتەوە(١) و ناشیێت وەك دەقێكی رەسەن و ئۆرگینالّ سەرەدەرییان لەتەك بكرێت(٢).

خەوش و كەلێنێكی زل و هاوبەشی سەرلەبەری ئەم دەقانەش: (سەرئەنجام – كلام خزانە)، (شاهنامە حقیقت)، (سرودها دینی یارسان)، (تذكرە أعلی)، (دفتر رموز یارسان)، (گنجینە سلطان صهاك)...هتد ئەوەیە، نوسەرەكانیان كەسیان ئاگایان لەوانەی دی نەبووە و هەریەكەو بە شێوازی خۆی و بە گوێرەی ئەو نوسراو و ئاخەفتنانەی بە دەستی گەهیشتووە، شیعر و دەقەكانی یاداشتكردووە و لە رێبەر و پیرەكان دواوە و هیچ گوێی بە سالّ و سەردەم نەداوە، وەك بلّێی زەمەن بۆ ئەوان گرنگی و بایەخێكی ئەوتۆی نەبێت، لە سۆنگەی ئەمەوە ناكۆكی و بێسەرەوبەرەییەكی قوول لە ناوەڕۆكی ئەم دەقانە هاتۆتەكایەوە و وایان لێهاتووە كە ئاستەمە بكرێنە ژێدەری زانیاریی جێگای متمانە، تەنانەت دەنێو نوسەرانی دەقەكاندا كەسانی وا هەن دەگمەن قەلّەمیان لەسەر كاخەز گێڕاوە و بەخۆشیان لە بەیتە شیعرەكان تێنەگەهیشتوون(٣)، هەر بۆیەش ئەم حیكایەت و دەقانە دەبنە مایەی قوولكردنەوەی سەرلێشێواوی(٤)، لەمبارەیەوە نیعمەتولّای جەیحونئابادی (١٨٧١–١٩٢٠)ی نوسەری كتێبی (فرقان الأخبار) لەوە نیگەرانە كە چۆن ناكۆكی و دژبەیەكی دزەی كردووەتە نێو دەفتەرەكانیانەوە، ئەوەی راستی بێت ئەهلی هەق كتێبێكی پیرۆزی یەكگرتوویان

هەواڵنامەی كتێب

---

(١) كتابشناسی فرقە أهل حق، ص١٢٤.

(٢) ك. ج. ریچ كە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دانەیەك لە شەرەفنامە و كاری دی، هاوینی سالّی ١٨٢٠ لە سلێمانیەوە روویكردە سنە و لە یاداشتنامەكەیدا بە وردی لە هەر شتێك دواوە سەرنجی راكێشابێت، تەنانەت باسی كەشوهەوا و تۆبۆگرافیای ناوچەكەشی كردووە، ئەگەر بیزانیبا یان شكی كردبا كە ئەهلی هەقەكان گەنجینەیەك لە دەستنوسی دینی و ئەدەبییان هەیە، ئەوا رەنگبوو هەر بەرگوێی بكەوتایە و هیچ نەبوایە بە چەند وشەیەكیش بووایە لێی بدوایە و دووریش نەبوو كاری بۆ دەستخستنی دەستنووسەكانیان بكردایە.

(٣) ئیڤانۆف، پەیڕەوانی راستی، ل٤١.

(٤) محەمەد عەلی سولّتانی، بزووتنەوە و سەرهەلّدانی عەلەوییەكانی زاگرۆس، ٣١/١.

نیه و هەر دەستە و ماڵباتێکیان تایبەتیی خۆی هەیە و جیاوازە لەوانەی دی(١)، هاوڕێمان تەیبی تاهیریش گازندەی ئەوە لە یاران و کەلامنوسان دەکات کە دەستکاری و جێگۆڕکێیان بە وشە و ناوەکان کردووە و خواست و ئارەزوویان لە تێکستەکاندا رەنگیداوەتەوە(٢).

ئەوەی لەم دەقە میللیانە مایەی هەڵوەستە و گومانە، ناوی هۆز و شوێنی وا لە ناساندنی کارەکتەرە پێکهێنەرەکان–دۆنەکان بەرچاو دەکەوێت، نوێن و هەندە کۆن نین و زادەی سەردەمی عوسمانین و لە رۆژگاری خەملێنراوی ئەواندا، ئەم شوێن و هۆزانە هەر بوونیان نەبووە یان بەو ناونانە نەناسراون، وەك: خورماڵ، عەربەت، زاخۆ، هۆزی جاف...(٣).

هەروەها لە کتێبی سەرئەنجام و لە ریزی پیرانی یاوەری سوڵتان سەهاك دا، زۆر ناوی نامۆ و سەیر و سەمەرەی تێدایە کە لە هەموو مێژووی ئیسلامی دا هاوچەشنیان بەدی ناکرێت و ناوی باوك و باپیری کەسیشیان نازانرێت(٤)، وەك: عینوانی کەعبەیی، قانونی شامی، قابیلی سەمەرقەندی، راستگۆی قەرەداغی، قەمەر سوار قماشی، صادقی مازندەرانی، خالقی ئەردەبیلی، نازدارخاتونی شیرازی، تەیاری خوراسانی، مەیتون عەقراوی، نادری قەرەپاپاقی، رەحمەتی بۆمبایی، تەهماسپی کرمانی، سەفەری قەلاجی، نالی مۆردێنی...هتد و هەیانە خەڵکی وڵاتی وان کە ئەو دەمانە و چەند سەدەیەکیش پاشتر نەکەوتبوونە

---

(١) دائرة المعارف الاسلامية، أهل الحق، ٣/٩٥، ١٠٢، گۆبینۆ باسی هەندێك لە جیاوازیەکان دەکات، سه سال در آسيا، ص٢٤٩، ٢٥٣–٢٥٤.

(٢) سرانجام، مجموعه كلامهاى يارسان، ل٩–١٠.

(٣) خورماڵ ناوێکی نوێیە و تا ئەم دواییانە بە گوڵعەنبەر دەناسرا و گوایە عیسای بەرزنجیی بابی سوڵتان سەهاك، کچی سەرداری هۆزی جافی خواستووە و عابدینی جاف یەکێکە لە یارانی سوڵتان(بڕوانە:دەفتەری عابدینی جاف، ل٦، لە(دفتر رموز يارسان)، لە کاتێکدا دەرکەوتنی هۆزێکی کورد بەو ناوە درەنگترە و یەکەم ناوهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم، فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي، ص٨٤.

(٤) لە کتێبی سەرئەنجام دا، تەنها ناوی پیرەکان هاتووە بێ ناوهێنانی باب و باپیرانیان.

چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامی، وەك ئەستانبول:حوسێنی ئەستەمبولی یان بولغار:سیراجەدینی بولغاری(١).

ئەرێ ئەم پیرانە کە هەر یەکەیان لە گەلێکە و خەڵکی ولاتێکە، ئەگەر لە واقیعدا هەبن، چۆن و بۆچی لە یەك کاتدا گشتیان بڕیاریاندا لە پەڕدیوەر گردببنەوە و چ وا زوو فێری زمانی کوردی بوون تا ئەو ئاستەی بشێن شیعری پێ بهۆننەوە؟ بۆچی کێش وفۆرم وشێوەزاری زمانی شیعریی زۆربەشیان چوونیەکە؟(٢).

کەموکوڕیی هاوبەشی زۆربەی ئەو نوسەر و توێژەرانەی وا لەبارەی مێژووی ئەهلی هەقەوە کاریان کردووە و شتێکیان نوسیوە، ئەوەیە کە هیچ گومانیان لە راستی و دروستیی ئەم دەقانە نەبووە و نەیانخستۆتە ژێر رەخنە و هەڵسەنگاندنەوە و بێ سێودوو وەك دەقێکی بێخەوش و بێگەرد سەرەدەرییان لەتەك کردوون و هەرچی پێزانین لەخۆدەگرن دوور لە مشتومالْکردن و لەبێژنگدان، کوتومت وەریانگرتوون(٣)، لە کاتێکدا توێژەر دەتوانێت بە ئاسانی و بێ ماندووبوون پەی بەو راستییە ببات کە زمان و فۆرمی ئەم دەقانە زۆر نوێن و بەرهەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستن و هەرگیز رەوا نیە بگەڕێنرێنەوە بۆ سەدەی٨ك/١٤ز و سەردەمی خەملێنراوی سوڵتان سەهاك و پیرانی هاودەمی.

---

(١) لەمبارەیەوە بڕوانە: نامە سرنجام یا کلام خزانە، ص١٢٦-128و فهرست مطالب ومندرجات، ص٤–٥، صدیق صفی زادە(بورەکەئی)، مشاهیر أهل حق، کتابخانە طهوری(تهران: ١٣٦٠ش)، نامیق هەورامی، پەیڕەوکارانی یارسان لە کرمانجی سەروودا، چاپخانەی رۆشنبیری(هەولێر :٢٠١٣).

(٢) تەنها شیعرەکانی عابدینی جاف بە کرمانجیی خواروون و لە(دفتر رموز یارسان) بڵاوکراونەتەوە.

(٣) باشترین نموونە کتێبەکانی صدیق صەفیزادە بۆرەکەیی و ئەیوب رۆستەم و نامیق هەورامی یە.

هەواڵنامەی کتێب

٢– بنەچەی ناوی کاکەیی– ئەهلی هەق:

کاکایی– کاهـ کاهی بەر لەوەی وەك کۆمەڵێکی ئایینی سەرهەڵبدات و بناسرێت، خێڵێکی کوردی دانیشتووی دەڤەرێکی سەر بە هەرێمی لوڕستانی بچووك–باکور بووە(١) و یەکەم ناوهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی٨ك/١٤ز(٢).

لە سەدەی شازدەهەمەوە، بەشێکیان ئاوەدیوی شارەزور بوون و ئەوەش دەزانین کە عەلی بەگی کاکەیی ماوەیەك قەڵای سروچکی بەدەستەوە بووە(٣) و هۆزی صارەلی کە ئەوانیش کاکەیین، نیشتەجێی لیوای قەرەداغ بوون و لە دوو بەڵگەنامەی عوسمانی کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ٩٨٥ك/١٥٧٧ز و ٩٨٩ك/١٥٨١ز، دەردەکەوێت کە کێشە و ناکۆکییان هەبووە لەگەڵ میر لیوای قەرەداغ دا و سکاڵانامەیان گەیاندووەتە بەردەست سوڵتانی عوسمانی(٤).

صارەلی تا ئێستاش بە هەمان ناوەوە هەن و کاکەیین و لە دێهاتێکی کەناری زێی مەزن لە خوارووی شارۆچکەی کەڵەك–خەبات نیشتەجێن(٥).

کاکەییەکان پاشتر چەند دێهاتێکیان لە دەوروپشی داقوقی خوارووی

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) هۆزەکانی باکوری هەرێمی لوڕستان– لوڕستانی بچووك کە هاوسنوری هەرێمی کوردستان بوو، پتر لە خێڵ و تیرەکانی لەك و کەلهوڕ و گۆران و زەنگەنە بوون لەمانەش کاکەیی و مستەوفی قەزوێنی ئەمەی روونکردۆتەوە.

(٢) مستوفی قزوینی، تاریخ گزیده، ص٥٥٠، البدليسي، شرفنامه، ص١٤١. چوار سەدە لەوە پێشتر، ناوی هۆزی کوردی کیکانی– کیکی هاتووە کە هۆزێکی دییە و زیاتر ناسراوە و ئێستاش بە هەمان ناوەوە هەر ماوە و لە چەند گوندێکی نێوان موصلّ و دهۆك نیشتەجێیە و هیچ پەیوەندیەك و نزیکایەتیەکی بە کاکەییەوە نیە و بە هەڵە و تەنها بە پاساوی نزیکیی ناویان، لە لایەن مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و نوسەرانی دییەوە بە کاکەیی دانراون.

(٣) البرزنجي، الفصول في مناقب عبدالرسول، نشره د.عماد عبدالسلام رؤوف في كتابه: دراسات وثائقية عن تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، ص٣٤٦، هامش(٦).

(٤) عشائر كردية في وثائق عثمانية، نشره د. عماد عبدالسلام رؤوف في كتابه: دراسات وثائقية ، ص٢٨٤–٢٨٥.

(٥) بروانه: نفخ الطيب وتذكرة اللبيب في تأريخ رحلة السيد أحمد النقيب، تحقيق محمود أحمد محمد، مجلة كاروان، العدد(٤٦)(أربيل: تموز:١٩٨٦)، ص١٥٦.

کەرکووك بنیادنا(١) و هەرچەند لە زووەوە ئەهلی هەقن، بەڵام تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ناوی هۆزەکەیان بەسەردا زاڵە و پتر وەك هۆزێك و هەر بە کاکەیی دەناسرێن و ئەهلی هەقەکانی شوێنەکانی دی بەم ناوە ناناسرێن، وەك لە یاداشتەکانی زێوەری شاعیر(١٨٧٥-١٩٤٨)(٢) و گوتارێکی بەڵاڤۆکی(دیاری لاوان)(٣) و ئەم شیعرەی شێخ رەزای تاڵەبانی(١٨٣١-١٩١٠) روونده‌بێتەوە:

چوار عەشیرەت: کاکەیی و وەند و جەباری و داوودە
ئیتیفاقیان کردو هاتن چوارسەد و پەنجا سوار(٤).

سەبارەت بە ناوی کاکەیی، دەماودەم وا هاتووە کە دەمێك برایان موسا و عیسای کوڕانی بابە عەلی هەمەدانی(؟) هاتوونەتە بەرزنجە، ئەوەندەی نەبردووە رابوونە مزگەوتێکیان بنیادناوە، لە کاتی دارەڕاکردنی کاریتەکانی سەر مزگەوتەکە، یەکێکیان کورتی هێناوە و نەگەهیشتووەتە دیوارەکەی دی، لەم ساتەدا شێخ عیسای برا بچووك هاتۆتەدەست و موعجیزەی نواندووە و بە موسای کاکی گوتووە: کاکە دارەکە راکێشە، ئەمیش دارەکەی راکێشاوە و بە ڕادەی پێویست درێژ بووەتەوە و گوایە ئەم پەیڤی کاکەیە بنەوانە و رەگی ناوی کاکەییە، محەمەدی کوڕی باباڕەسوڵی بەرزنجی (١٦٣٠-١٦٩١ز) دەڵێت کاتێك دیتیان کاریتەیەك کورتە، هەریەکەو سەرێکیان گرت و ناوی خودایان لێ هێنا و گوتیان"بسم الله"و دارەکەش لە هەر سەرێکەوە دوو باڵ درێژ بووەوە(٥)، شێخ مارف نۆدێیش(١٧٥٣-١٨٣٧) لە شیعرێکدا یادی ئەم روداوەی کردۆتەوە:

وطرفاه خرجا من جُذرِ　　من كل جانب زُهاء شبرِ
فحق ان نفخر بالجذعين　　هذا وجذع سيد الكونين(٦).

---

(١) داقوق پەیڤێکی تورکیە بە واتای مریشك و خەڵکی ناوەندی شارەکەش پتر تورکمان بوون، دەگێڕنەوە کە خەلیل ئاغای کاکەیی یان فەتاح ئاغای کوڕی لە داخی تورکمانەکان، لە بەرانبەر داقوق دا گوندێك ئاوەدان دەکاتەوەو ناوی دەنێت خروس واتا کەڵەشێر.

(٢) گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، پێشەکی و پەراوێز محەمەدی مەلا کەریم (بەغدا:١٩٨٥)، ل٨٥.

(٣) دیاری لاوان (بەغدا:١٩٣٤)، ل٩١.

(٤) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، ل٨٩.

(٥) الفصول في مناقب عبدالرسول، ص٣٦٦-٣٦٧.

(٦) الأعمال الكاملة للشيخ معروف النودهي(بغداد: ١٩٨٤)، ٣/٣٢٧-٣٢٨.

یەکێکی دیش لە ساداتی بەرزنجە هەر بە شیعر پێداگیریی لەم موعجیزەی باپیرانی کردووە:

جذعان فخري يشهدان بمجدي   جذع هنا قد كان حّن لجدي
ثان ببرزنجٍ بمسجدها الذي   عيسى وموسى أسساه بجدِ
جدي وعّمي إمتّد في أيديهما   أعظم بخارقٍ جذعنا المُمتّد
من لم يصّدق فليسأل مَن ههنا   من أهل بيتي فيكسب ودّي(١).

بەڵام هیچ کامیان ناڵێن وشەی کاکە لە زاری عیسای باپیرە هەرەگەورەیانەوە دەرچووە تا ببێتە سەرچاوە و هۆی ناونانی کاکەیی.

کەچی شێخ تەهای بالیسانی(١٧٢٣–١٧٩١ز) موعجیزەیەکی هاوشێوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت بە گەنجی–پێش ساڵی ١٧٤٣–، لە ئاکرێ چاوی بە بکەرەکەی کەوتووە و ناوی مەلا بووە و بە کامەلا–کاکە مەلا(٢) ناودەبرا کە ئاکرێی نەبووە، وەلێ بەر لەو ساڵە و تا مردنی نیشتەجێی ئاکرێ بووە(٣).

---

(١) الفصول في مناقب عبدالرسول، ص٣٧٦–٣٧٧. محەمەدی کوڕی بابارەسوڵ و شێخ مەحمودی گڵەزەردەیی نوسەری پاشکۆی نامیلکەی(الفصول)، دەڵێن بەسەرهاتی موسا و عیسای بەرزنجیی باپیریان لە کتێبی(روضات الجنان)گواستۆتەوە کە گوایە(ابوالسعود العمادي:م٩٨٢ك/١٥٧٤ز) موفتیی دەوڵەتی عوسمانی دایناوە، کەچی ئەوی موفتی و(شيخ الإسلام) کوا کتێبی بەو ناونیشانە هەیە و باوڕیش ناکەم مەبەستیان کتێبی(روضات الجنان وجنات الجنان) بێت کە حافز حوسینی کەربەلائی(م:٩٩٧ك /١٥٨٩ز) بە فارسی دایناوە.

(٢) کاکە مەلا ناوێك کە خۆی بە غەریب داناوە(الغريب كاكه ملا)، لەبۆ خاتری فەقێ حوسێن، موناجاتی شێخ صادقی نوسیوەتەوە، شێخ صادق ئەم موناجاتەی کە بە(بەیتی خالید پاشا)ناسراوە، بە بۆنەی نەخۆشکەوتنی خالید پاشای بابانەوە(م:١٧٤٣) لە موصڵ داناوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەقنامە(هەولێر:٢٠٠٨)، ل٢٧٧. دوور نیە ئەم دوو کاکە مەلایە یەك کەس بن و دەشێین بڵێین لە شێخانی بەرزنجە بووە و ڕەنگە بە یاوەری شێخ صادق و لە کاتی کشانەوەی خالید پاشای بابان لە بەرانبەر شاڵاوی نادرشاهی ئەفشاردا هاتبێتە دەڤەری موصڵ و بەهدینان و لە ئاکرێ گیرسابێتەوە و تا ئەمڕۆش لقێکی شێخانی بەرزنجە تەکیە و دەروێش و مەنسوبێکی زۆریان لە دێیەکانی ئاکرێ و ڕوڤیا هەیە.

(٣) رحلة الشيخ طه بن يحيى الكردي، دار الكتب العلمية(بيروت:٢٠٠٧)، ص١٨٨–١٩١.

ئەمە لە کاتێکدا بەلای بەرەبابی شێخانی کاکەیی داقوقەوە بکەری ئەم موعجیزەیە، ئیسحاقی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجیی باپیریانە و گوایە کاتێك تەکیەکەی بەرزنجە کۆن بووە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە بووە، دارێکیان هێناوە تا ببێتە راگری دیرەکەکەی، دەمێك بڵندیان کردە سەر دیوارەکە بینییان کورتە و ناگاتە ئەوسەر، ئیسحاقیش بینیی باوکی لە خەمی کورتیی دارەکەیە، چووە سەر دیوارەکە و سەرێکی دارەکەی گرت و بانگی باوکی یان برا گەورەکەی کرد و گوتی: کاکە بیکێشە، دارەکەش درێژ بووەوە و لە شوێنی خۆی دانرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زڕبراکانی ئێرەیی پێ ببەن و گومان لە برایەتیی بوورۆژێنن و ئەوەیان بڵاوکردەوە کە باوکی پیرەمێردی بەساڵاچوویان بە پێشنیاری دەروێشەکانی ژنی دیکەی هێناوە و گوایە باوکی دروستی ئیسحاق نیە و ئەم بوختانە ناچاری کرد بەرزنجە جێبهێڵێت و سەری خۆی هەڵبگرێت و رووبکاتە نیازخانەیەك لە پەڕدیوەر لە کەناری دەستەڕاستی روباری سیروان و لە تەنیشت گوندی شێخان(١).

چۆنیەتی موعجیزەکە و دیاریکردنی بکەرەکەی کە بەرزنجەی شارەزور مەیدانی بووە، هەر چۆنێك بووبێت و کام لەم گێڕانەوانە راستبن یان ئەگەر هیچیان راست نەبن، لەو راستییە ناگۆڕن کە کاکەیی–وەك باسکرا– لایەنی کەم لە نیوەی یەکەمی سەدەی٨کۆچی/١٤زایینیەوە خێڵێکی کورد بووە لە لوڕستانی باکور نەك لە شارەزور و دەشێت ناویشی پەیوەندییکی بە وشەی کاك–کاکەوە هەبێت بە واتای برا گەورە و هەر کەسێکیش بە برا مەزن دابنرێت و گوزارشت لە رێزلێنانی بکرێت بە کاکە گاز دەکرێت(٢)، دیارە کاك– کەکیش پەیڤێکی رەسەنی کوردیە و لە مێژەوە بۆ ناونانیش بەکارهاتووە، وەك : کەکی باپیرە گەورەی میرانی دۆستەکی–مەروانی و کەکی مازنجانیی حەمیدی میری دەڤەری ئاکرێ– سەدەی٧ك/١٣ز–کە بە فرمانی خیلافەی عەباسی نازناوی (مبارز الدین)ی پێ بەخشراو بە مبارز الدین کەك ناوی دەرکرد، پیر شەهریاری هەورامانیش(م: ٥٠١ك/١١٠٧ز) لە لایەن موریدان و شوێنکەوتوانیەوە بە کاکیس ناودەبرا.

---

(١) إدمونز، کورد وتُرك وعرب، دار آراس(أربیل: ٢٠١٢)، ص٢٦٥.

(٢) رحلة الشیخ طه بن یحیی الکردي، ص١٨٩.

عەباس عەززاوی لە کتێبەکەیدا دەربارەی کاکەیی، کەوتووەتە هەڵەی زل و قەبەوە دەرهەق ناو و سەرهەڵدانیان و راستیەکانی شێواندووە و ناکۆکی و ناڕێکی لە ئاخافتنەکانی بەڕوونی بەدیدەکرێت و خۆیشی نەیزانیوە دەیەوێت چی بڵێت و ئەوانی گرێداوە بە بزاڤە شیعیەکانی بەکتاشی و حروفی و عەلی ئیلاهی و تەریقەتی سوهرەوەردی و گەڕاندنەوەی ناویشیان بۆ کاکە رەتدەکاتەوە و وای لێکداوەتەوە کە هەمان کۆمەڵەی (الأخية -برايەتی)ن، کە ئەندامانی بە یەکدییان دەگوت(أخي– برام)، بەوپێیەی خۆیان بە برای یەکدی دەزانی بە پشتبەستن و لێکدانەوەی ئایەتی(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ)⁽¹⁾، ئەمانە پاشان لە سەدەکانی دواییدا بە کاکەیی ناسران و لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بە بزاڤی(الفتوة)ەوە هەیە کە لە سەردەمی خەلیفە(الناصر:٥٧٥–٦٢٢ك/١١٧٩–١٢٢٥ز)دەرکەوت⁽²⁾.

یارانی ئەهلی هەق لە نێوخۆی کوردستان، سەرەتا بە کاکەیی و دواتر بە ئەهلی هەقیش دەناسران⁽³⁾، ئەوانەی ئەودیو لە لای(المنشيء البغدادي)⁽⁴⁾ و لە یاداشتی گەڕۆکە رۆژئاواییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بە عەلی ئیلاهی ناودەبرێن کە ئیمامی عەلی دەکەنە هاوشان و بەرجەستەبوونی خودا⁽⁵⁾ و گوایە دەیان گوت:"من عەلی بە خودا دانانێم، بەڵام لە خوداش جودای ناکەمەوە" و "من نەمگوتووە عەلی خودایە، وەلێ دووپاتی دەکەمەوە کە لە خودا

---

(١) سورة الحجرات، الآية(١٠).

(٢) الكاكائية في التأريخ، ط٢، مكتبة النهضة العربية(بغداد: ٢٠١٦)، ص٤–٧.

(٣) ڤ. أ. ژۆکۆڤسکی، مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران–ساڵی ١٨٨٦–، وەرگێڕانی لە رووسیەوە ئەنوەر قادر محەمەد، لە کتێبی:چەند وتارێکی کوردناسی، بنکەی ژین (سلێمانی:٢٠٠٨)، ل٦٢.

(٤) رحلة المنشيء البغدادي عام ١٨٢٠، ص٦٤–٦٧.

(5)GEORGE KEPPEL,A JOURNEY FROM INDIA TO ENGLAND, 2/55-57, H.RAWLINSON, NOTES ON A MARCH FROM ZOHAB ,P36,39,109.....

راولینسون، سفرنامه راولینسون(تهران: ١٣٦٢ش)، ص ١٤، ب. لیرخ، دراسات حول الأكراد، ص٣٩، ویبرت بلوشر، سفرنامه بلوشر، ص٨٧. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: إیرج بهرامی، أسطوره أهل حق(تهران :١٣٧٨ش)، ص٣٠–٤٠.

جودا نيە"(١)، ديارە ئەم ئەوڕوپيانە زياتر لە زارى دەسەڵاتداران و كەسانى غەيرە و ناحەزەوە گوێبيستى هەبوونيان بوونە، هەروەها ك. ج. ريچ (١٧٨٧–١٨٢١) باس لە توركمانى عەلى ئيلاهى و ئيسماعيلى و چراغ سونديرەن(٢) دەكات لە دوزخورماتوو و قەرەتەپە و ئاواهيەكى نزيك ديالا(٣) و خورشيد پاشاش ئەهلى هەقى بە نوصەيرى داناوە(٤) و محەمەد حەسەن خان (إعتماد السلطنة: ١٨٤٣–١٨٩٦) لە نوسينێكيدا بە عەلى ئيلاهى ناويان دەبات كە بە نوصەيرى و غالى– توندڕەو و ئەهلى حەقيش دەناسرێن(٥)، گۆبينۆ ئەم ئالۆزييەى ڕەواندۆتەوە و دەڵێت ئەم مەزهەبەى ئەهلى هەق لەكن عەرەب و توركان بە نوصەيرى و لەكن ئێرانييان بە عەلى ئيلاهى دەناسرێت(٦)، گەڕيدەيەكى دى دەڵێت فارسە شيعەكان بە ئەهلى هەق ناويان دەبەن سەرەڕاى ناوى كوردپەچە و كەڵەشێركوژ(؟)(٧).

وەلێ ئەوان خۆيان بە ئەهلى هەق و يارسان ناودەبەن و ئەم دوو ناسنامەيە لەژێر چەترێكدا كۆياندەكاتەوە، كە وا ديارە ناوێكى تا رادەيەك نوێن(٨) و ناو و ناسنامەى گشتگير و كۆكەرەوەى هەموو ئەو دەستە و گروپانەن كە شيعەبوون كۆيدەكردنەوە و ڕەنگە لە سەدەى هەژدەهەم يان كەمێك پێشترەوە پێى ناوزەدكرابن و لە سەرەتادا و لە كۆنترين دوو دەقى خۆماڵى دا، بە ئەهلى هەق و بە يارسان ناونەبراون و نەناسراون، بەڵكو سەربارى ناوى كاكەيى وەك باسكرا،

---

(١) إيرج بهرامى، أسطوره أهل حق، ص٣٣، ٣٦.

(٢) واتا ئەوانەى ساڵانە شەوێك خڕدەبنەوە و چراكان دەكوژێننەوە و گوايە ژنان و پياويان تا بەيانى بە تاريكى رادەبوێرن(؟).

(٣) رحلة ريج عام ١٨٢٠، ص٤٤، ٣٩٤، ٣٩٦، رحلة المنشي البغدادي، ص٧٤، ٧٧.

(٤) رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وإيران، ص١٩٩–٢٠٢.

(٥) سه گفتار تحقيقى در آيين أهل حق، ص٤–١٦.

(٦) سه سال در آسيا(١٨٥٥–١٨٥٨)، ص٢٢٢.

(٧) ڤ. أ. ژۆكۆڤسكى، مەزهەبى ئەهلى هەق لە ئێران، ل٦٢.

(٨) شێخ ڕەزاى تاڵەبانى لە شيعرەكەى دا، كاكەييەكانى كەركوكى بە(يارانى ديدار) و(يارانى جەم جەم)ناوبردووە، ديوانى شێخ ڕەزاى تاڵەبانى، ص٩٧–١٠٠.

هەر دەستەو بە ناوی بنەڕەتی و دروستی خۆیەوە دەناسرا : ناووسی(١)، مقەدەمیە، یان بە ناوی هۆزەکانیانەوە: صارەلی، سیامەنصوری، لەکی، زەند، کرانی، کولیائی، ئەفشاری، جەلیلوەندی، خواجەوەندی(٢).

ئیڤانۆڤ (١٨٨٦-١٩٧٠) لەمبارەیەوە دەڵێت:"بە دوور دەزانرێت ئەم کۆمەڵەیە دەزگا یان ڕێکخراوێکی ئایینی مەرکەزییان هەبێت، ئەم کۆمەڵەیە نە سەرۆکێکی ددانپێدانراو، نە ئۆرگانێکی ڕێبەدێیی، نە بنکە و ناوەندێکی سەرکردایەتی، نە دەستەیەکی روحی بەمانای وشە نە دۆگمایەکی ڕێکوپێك، نە کتێبێکی پیرۆزیان هەیە، تەنانەت هیچ کتێبێکی ئایینیشیان نیە کە شایەنی ئەو ناوە بێت و لەلایەن هەموانەوە وەك هەر کوڕ و کۆمەڵەیەکی بێ سەوادی نەخوێندەوار جێگای بڕوا و بەقا بێت"(٣).

٣- کوردستان لانکەیەکی گروپ و باسکە شیعیەکان:

ئەوەی لێرە پڕبایەخە و گرنگیی خۆی هەیە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی سەرهەڵدانی ئەهلی هەق و سەلماندنی دێرینی و ڕەگداکوتاوییان و پێشڤەچوونی بیروباوڕیان، ئەوەیە کە تا ناوەڕاستی سەدەی سێهەمی کۆچی/نۆهەمی زایینی، ئیسلام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە چیاکانی کوردستان بەدی نەهێنابوو و ئەوەندە تەشەنەی نەکردبوو لە نێو دێهاتی و چییانشینانی کورد و خیلافەی ئیسلامی دەسەڵاتێکی وا پتەوی نەبوو بەسەر ئەم ناوچە شاخاویانەدا(٤)، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی پەرتبوون لە شیعەگەری دا، شارەزور و کرماشان بوونە مەکۆیەکی لەبار و مەیدانی کۆشش و چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حیزب و دەستە

---

(١) زین العابدین الأردلاني، الیمانیات المسلولة، ص٤١.

(٢) النوافض للروافض، ص١٠٨.

(٣) پەیڕەوانی راستی، ل١١-١٢ .

(٤) بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چاپی سێهەم (هەولێر: ٢٠١٣)، ل٧٥-٨٠.

شیعیە جۆربەجۆر و هەڤڕەکەکان، شارۆچکەی بیر(١) –وەك نموونە–لە مێژەوە وەك شایەتحالێك دەڵێت:"دەرەتانی هەرچی هەڵاتووان و بارەگای گشت غارەتگەران بوو"(٢)، بەمەش جۆرە تێکەڵبوونێك لە نێوان هەردوو لا هاتەکایەوە و کارلێکردن و ئاوێتەبوونی هزریی لێکەوتەوە، ئێمە لەمبارەیەوە بەڵگەی تەواو شك نابەین، بەڵام ئەوە دەزانین کە لەکن زانایانی سوننە، سەرجەم شیعەی باتنی (الباطنیة) تەنها بە ناو و روخسار ئیسلامن، ئەگینا لەگەڵ مەجوسی و مەزدەکی و خوڕەمدینی و بابەکی دا دوو رووی یەك دراون(٣) و زانایانی کوردیش هاوڕایان بوون(٤).

هەر ئەوانە بوون خەڵکی شارۆچکەی بیریان کردە موسڵمان لەسەر مەزهەبی شیعەی صالحی زەیدی، پێدەچێت بانگخوازە زەیدییەکان لە دەستەی گەورە بانگخواز حەسەنی کوڕی صالح(م: ١٦٨ك/٧٨٤ز)کە بە(الصالحية) دەناسران، لە غیابی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزدا، دزەیانکردبێتە ناوچە شاخاوییە پەڕگیر و دوورەدەستەکانی شارەزور و کەوتبێتنە بڵاوکردنەوەی بیر و بەرنامەی خۆیان، بێگومان بانگخوازانی زەیدی و باتنی لە هەرێمەکانی دەیلەم و تەبرستان و چییاکان دا کارا و چالاك بوون(٥) و پاشماوەی هزری شیعەی زەیدی تا رۆژگاری شەهرستانی(م:٥٤٨ك/١١٥٣ز) لەو هەرێمانە برەوی هەبوو(٦).

---

(١) بیر بازێڕێکی تووش و قایمە لە شارەزور، یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤١٢/١. پێدەچێت بیر بیارە بێت. بیر لە ناساندنی شارەزور دا(معجم البلدان، ١٦٥/٣) بە هەڵە خوێنداوەتەوە و کراوە بە(شیز).

(٢) مسعر بن المهلهل، الرسالة الثانية، ص ١١، معجم البلدان، ١٦٥/٣.

(٣) البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٢٩، ٢٥٢–٢٥٣، الغزالي، فضائح الباطنية، تحقيق عبدالرحمن بدوي، مؤسسة دار الكتب الثقافية(الكويت:بلا)،ص١١–١٨، ٣٤.

(٤) رسائل في الرد على الرافضة، ص٣٨.

(٥) بڕوانە: مسکویە، تجارب الأمم، دار الكتب العلمية(بيروت:٢٠٠٣)، ٢٥٠/٥.

(٦) الملل والنحل، ص١٢٨، بگەڕێوە بۆ: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی، ل٧٧.

دەبێت ئەم صالحیە زەیدییانە هەڵگری ئایدیایێکی نامۆ و تەواو جوداواز بوبێتن لە کەشوهەوای ئایینی و مەزهەبیی شارەزور و بیروباوەڕی خەڵکەکەی کە زیاتر سوننە و مەولای خەلیفەی دادپەروەری ئومەوی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوون و پێدەچێت گوتاری ئایینی زبر و نەشیاویان لێ بیسترابێت دەرهەق خولەفای راشدین و ئال و هەڤاڵانی پێغەمبەر و ڕێوڕەسمی نابەجێ و نەگونجاویان لێ بەدی کرابێت، بە ڕادەیەك کە نەك هەر لێیان قبوڵ نەکراوە، بەڵکو بە دڕندانەترین شێوە بەرپەرچ دراونەتەوە و کار بۆ بنەبڕکردنیان کراوە، ئەوەبوو خەڵکی نیم ئەز ڕا–خورماڵ(١) ساڵی ٣٤١ك/٩٥٢ز هەڵیانکوتایە سەریان و کەوتنە کوشتن وبڕین و تاڵانکردنیان و بەوەندەش نەوەستان بەڵکو سوتاندیانن(٢).

جگە لە زەیدی، پاشماوەی ناووسی (الناووسیة) و ئیسماعیلی موبارەکی (المباركیة) كە لە حیزبە شیعییە بەراییەکانن، چ بە ئایدیا چ بە ناویش لەناو دەستە و باڵەکانی ئەهلی هەق بەدیدەکرێن کە دواتر دێینەوە سەریان.

هاوکات ئەوەی هیچ گومانێك لەخۆ ناگرێت و یەکلابۆتەوە ئەوەیە کە بانگەشەکارانی ئیسماعیلی هەر زوو و بە ماوەیەکی کەم پاش سەرهەڵدانیان، توانییان دزە بکەن و خۆیان بخزێننە ناو چەند ناوچەیەکی کوردستان و پەیوەندیی بە ژمارەیەك کوردەوە بکەن و بە هزر و دروشم و ئامانجەکانی بانگەشەی ئیسماعیلی ئاشنایان بکەن و لەمبارەیەوە زیاتر لە دەقێك هەیە(٣)، بگرە بەپێی ئاخافتنی بەغدادی(م: ٤٢٩ك/١٠٣٧ز) کوردانی هەرێمی چیا - واتا شارەزور و لوڕستانی بچووك و کرماشان و هەورامان و ئەردەڵان - و دانیشتووانی چیایەك بە ناوی بدین(؟) لە هەرێمی ئازەربیجان لە پێشەوەی ئەو نەتەوە و خەڵکانە بوون کە بە هەوڵ و پێکۆڵی بانگەشەکارە پێشەنگەکان بڕوایان بە هزر و بەرنامەی ئیسماعیلی هێنا(٤)، یەکێك لەمانە عەلەوی–عەلیزادەیەك بوو لە

---

(١) نیم ئەز را واتا نیوەی ڕێگا و زۆر نزیکە هەر خورماڵی ئێستا بێت.

(٢) الرسالة الثانية، ص١١، معجم البلدان، ٣/١٦٥.

(٣) بگەڕێوە بۆ: البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٢٥٠، ابن الجوزي، المنتظم، ١٢ /٢٩٧–٢٩٨.

(٤) الفرق بين الفرق، ص٢٦٦.

سەردەمی خەلیفە(المعتمد:٢٥٦–٢٧٩ك/٨٧٠–٨٩٢ز) دەركەوت و خۆی بە(الرافع باللە) ناساند و كوردانێكی لەخۆ كۆكردەوە و وەك مێژوونوسێك دەڵێت لەخشتەیبردن و فریویدان(١).

سەرباری ئەوەی كە كورد لە بزاڤی قەرامیتەش بەشداریكردووە، كەساڵی ٢٧٨ك/٨٩١ز بۆ یەكەمجار لە دەڤەری كوفە دەركەوتن و یەكێك لە فەرماندە مەیدانیەكانی قەرامیتە جەعفەری كوڕی حەمیدی كورد بوو(٢) و كابرایەكی شارەزوری و یەكێكی دیی دینەوەریش، ناویان لە ریزی ئەو كەسانە هاتووە كە گوایە بە دیداری ئیمامی مەهدی(صاحب الزمان) گەهیشتوون(٣) و خەڵكی دینەوەر و كرماشان پیتاك و كۆمەكیان(٤) بۆ ئیمامانی شیعە دەنارد(٥)، تەنانەت رێگرانی كوردیش ئیمامانی ئەهلی بەیتان خۆشدەویست(٦).

شیعەی نوصەیریش كە لە گروپە هەرە توندڕەوەكانە و بەناوی محەمەدی كوڕی نوصەیری نومەیری(م:٢٧٠ك/٨٨٤ز)ی دامەزرێنەرەوە ناونراوە، لە ساتی دەركەوتنیەوە لای كورد نامۆ نەبووە و فازۆ یان فادۆی كورد(فازویە الكُردي) یەكێك بوو لە یارانی ئیمام (الحسن العسكري) و لە كەسە نزیك و هاوبیرەكانی محەمەدی كوڕی نوصەیر(٧)، دواتر باهی خۆی جەماوەری لە كوردستان پەیداكرد و میر شەرەفەدینی رۆژەكی خودانی بەدلیس لە نیوەی یەكەمی سەدەی٨ك/١٤ز گومانی ئەوەی لێدەكرا نوصەیریە(٨)، خورشید پاشاش خەڵكی گوندی زەردەی

---

(١) المقدسي، البدء والتاريخ(باريس: ١٩١٩)، ٦/١٢٥.

(٢) بگەڕێوە بۆ: كورد و كوردستان لە رۆژگاری، ل ١٠٤–١٠٥.

(٣) الأربلي، كشف الغمة في معرفة الأئمة، ٣/٢٨٥– ٢٨٦، رسول جعفريان، تأريخ تشيع در إيران، ص٢٨٣.

(٤) دەبێت مەبەست پێنجیەك بێت كە ئەركبوو لە ئەستۆی هەر شیعیەك بیدات بە ئیمامی زەمانی خۆی.

(٥) ابن طاووس، فرج المهموم في تأريخ علماء النجوم(قم:١٣٦٣ش)، ص٢٣٩–٢٤٣.

(٦) كشف الغمة في معرفة الأئمة، ٣/٤٨.

(٧) الخصيبي، الهداية الكبرى، ص٣٣٨.

(٨) العمري، التعريف بالمصطلح الشريف، ص٥٤.

لای سەرپول زەهاو و هۆزی هەلیلانی کوردی فەیلی و زۆربەی هۆزی گۆران کە ئەمانە تێکڕا ئەهلی هەق بوون بە نوصەیری داناون(١)، لە راستیدا نوصەیر لەکن ئەهلی هەق پلەیەکی بڵندی هەیە و یەکێکە لە هەڤاڵانی دڵسۆزی ئیمامی عەلی.

جگە لەمانە، دەستەیەکی دیی شیعە دەرکەوت و هەر بە(الإسحاقية) ناودەبران و بڕوا ناکرێت پەیوەندیی بە(الإسحاقية)ی یەکەمەوە هەبێت کە یەکسەر پاش مردنی جەعفەری صادق دەرکەوت، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئیسحاقی کوڕی محەمەدی نەخعی، ناسراو بە (النخعي الأحمر:م٢٨٦ك/٨٩٩ز) چۆنکە وەك دەڵێن سەری رووتاوەی بە مادەیەکی سوور رەنگدەکرد و کەچەڵیەکەیی دەشاردەوە.

ئەم کابرایە خۆی بە شوینگرەوەی دوا ئیمامی ناسراوی شیعەی موسەوەی دەزانی(٢) و بیروڕا و بۆچوونەکانی دەرهەق ئیمامی عەلی و کوڕ و نەوەکانی لە دووتوێی چەند کتێبێکدا بڵاوکردەوە و هەندە پەڕگیر و سەرسەخت بوو تا ئەو رادەیەی زانا و هەواڵزانانی شیعە بە زەندیق و گومڕا و لادەر و درۆزن دایدەنێن و ئەو فەرموودانەی رەتدەکەنەوە کە لەمەڕ فەزڵ و مەزنێتی ئیمامی عەلی گێڕاویەتیەوە، ئەو بەوەندەوە رانەوەستا پلەوپایەی عەلی تا ئەوسەری هەڵبکێشێنێت، بەڵکو هەموو سنورەکانی بەزاند و راستاوڕاست دەیگووت ئیمامی عەلی خودایە و دواتر وەك خودا لە شێوەی حەسەن و حوسێن دەردەکەوێتەوە و ئەگەر هەزاران کەسیش بن، ئەوە هەر تەنیا عەلی خۆیەتی و هەر ئەویشە محەمەدی بە پێغەمبەرایەتی راسپاردووە(٣).

زێدەڕۆیی لەم ئاستە، سەرەڕای ئەوەی تەواو دەرچوون بوو لە چوارچێوەی ئیسلام، خەڵکانێکی لە عێراق دەستخەڕۆ و گیرۆدەکرد و پەلکێشی

---

(١) رحلة خورشيد باشا، ص ١٩٩،١٥٢.

(٢) ابن طاووس، فرج المهموم في تأريخ علماء النجوم، ص٢٤٠.

(٣) سەمعانی لەبارەیانەوە دەڵێت:"وجماعة من غلاة الشيعة يقال لهم الإسحاقية نسبوا إلى إسحاق بن محمد النخعي الاحمر الكوفي وهؤلاء الملاعين يعتقدون في علي رضي الله عنه الإلهية"، السمعاني، الأنساب، دار الجنان(بيروت:١٩٨٨)، ١٣٦/١ .

ناوخۆی کردن، بەڵکو بەرەبەرە زیادیان دەکرد و لە سەدەکانی دواتر، بوونە باڵێکی شیعیی سەربەخۆ و بە ئیسحاقیە دەناسران و شاری مەدائین -سەلمان پاك مەکۆی گردبوونەوەیان بوو(١).

ئەمانە ئیمام عەلی یان لە مرۆڤبوون بردە دەرەوە و گەیاندیانە جیهانی غەیب و پێیان وابوو بەر لە خولقاندنی ئاسمان و زەوی هەبووە و پێیانیش وابوو کە دەرکەوتنی روحانیەت و شتە روحیەکان لە جەستەی مرۆڤدا دیاردەیەکە، مرۆڤی ژیر و هۆشمەند ناتوانێت نکۆڵی لیٚ بکات، چ ئەو روحە خێرخواز و چاکەکاربێت وەك دەرکەوتنی حەزرەتی جوبرائیل لە جەستەی کەسانێك و خۆنیشاندانی لە شێوەی عەرەبێکی چۆڵەوانی، یان بەدکار و شەڕانگیز بێت، وەك دەرکەوتنی شەیتان لە روخساری مرۆڤدا و ئەنجامدانی کاری خراپە بە دەستی مرۆڤ و هەروەها دەرکەوتنی جن لە شێوەی ئادەمیزاد و ئاخافتن بە زمانیان، هەر لەم روانگەیەوە دەکرێت خودی خودای مەزن لە روخساری مرۆڤ خۆی دەربخات، ئەگەر پاش پێغەمبەریش هیچ کەسێك لە ئیمامی عەلی و لەدووی ئەویش کەس لە نەوەکانی هەژیتر و پەسندتر و باشتر نەبێت، ئەوا ئاساییە کە خودای هەق لە شێوەی ئەوان دەربکەوێت و بە زمانی ئەوانەوە بئاخڤێت و بە دەستی ئەوانیش کارەکانی خۆی رابپەڕێنێت، ئەم تایبەتمەندیەش تەنیا تەرخانکراوە بۆ عەلی، چونکە تەنها ئەوبوو دەستگرتن و پشتیوانیی ئیلاهی لە پشتبوو، بە پاساوی ئەم راستیانە، ناوی ئیلاهی و خوداوەندیمان لەسەر دانا، ئەوە عەلی بوو توانی شەڕی دووڕوو و هەلپەرستەکان بکات و دەروازەی قەڵای خەیبەر لە بنەوە هەڵبتەکێنێت، ئەگەر پشتیوانێکی ئیلاهی لەپشت نەبوایە و پشتگیریی نەکرایە، ئەوا چۆن دەیتوانی ئەم کارانە بکات، ئەوە خودایە لە ناو ئەودا بەرجەستە بووە، شەهرستانی ئەمانە و نوصەیری بە دوو حیزبی هاوچەشن و هاوبیر دادەنێت و

---

(١) ابن الجوزي، المنتظم، ١٢/٤٠٤–٤٠٥، هەروەها بڕوانە: الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩٧)، ٦/٣٧٥–٣٧٧، الذهبي، ميزان الأعتدال في نقد الرجال، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٩٥)، ١/١٩٦–١٩٨.

دەڵێت ئیسحاقی پتر عەلی دەکەنە هاوپشکی پێغەمبەر، کەچی نوصەیری لایەنی ئیلاهی لە عەلی دا زاڵ دەکەن(١).

بەڵگە و ئاماژەیەکی وا نیە کە ئەمانە دەستیان بە کوردستان راگەهیشتبێت و خۆیان گەیاندبێتە ئەو دەڤەرانەی کە مەکۆ و زێدی یارانی ئەهلی هەقن، بەڵام هاوبیری و لێکچوونێکی تەواو بەدیدەکرێت لە نێوان دید و روانینی هەردوو لایان دەرهەق ئیمامی عەلی، وێڕای لێکچوونی ناوی ئیسحاق و سەهاك(٢).

لە سەدەکانی دواتر دا، کوردستان بووە مەڵبەندێکی ئاوەدانی بزاڤە شیعە توندڕەوەکان، ئیسماعیلیە نزارییەکانی ئێران کە بە(الباطنیة) و(الحشیشیة) دەناسران و پتر لە سەدە و نیوێك (١٠٩٠–١٢٥٦ز) حوکمیانکرد و قەڵای ئەلەمۆت ناوەندی دەسەڵاتیان بوو و هۆلاکۆ لە ساڵی ٦٥٤ك/١٢٥٦ز لەناویبردن و قەڵا و بارەگەکانی داگیرکردن، دیارە ئەمانە بە نهێنی بانگخواز و چالاکوانی خۆیان بۆ کوردستانیش ناردووە، بە قسەی مارکۆ پۆڵۆ (١٢٥٤–١٣٢٤ز) شێخ عەلائەدینی دوا شێخی ئیسماعیلیەکانی قەڵای ئەلەمۆت، نوێنەری خۆی رەوانەی کوردستان و دیمەشق کردبوو(٣).

٤– سەرهەڵدانی کاکەیی–ئەهلی هەق:

ئەوەی تا هەنوکە زانراوە، بەر لە سەدەی حەڤدەهەم شتێکی وا لەبارەی کاکەییەوە نەنوسراوە و نە شەرەفخانی بەدلیسی و نە هیچ مێژوونوس و گەڕۆکێکی دی بە راشکاوی باسی هەبوونیانی نەکردووە و رەنگە کۆنترین بەڵگەی رەوانی هەبوونی کۆمەڵە خەڵکانێکی بەدەر لە ئیسلام، یان لادەر و دەرچوو لە

---

(١) الملل و النحل، ص١٥١–١٥٢.

(٢) سەرەداوێك بۆ پەیوەندیی نێوان خەڵکی دەینوەر–صەحنە و(إسحاق الأحمر النخعي) هەیە، بڕوانە: ابن طاووس، فرج المهموم في تأريخ علماء النجوم، ص٢٣٩–٢٤٠.

(٣) فرهاد دفتري، الإسماعيليون تأريخهم وعقائدهم، ص٥٠. گریمانەی بێ بەڵگە و دوور لە راستیی واش هەیە کە سەرهەڵدانی ئەهلی هەقەکانی کوردستان پەیوەست دەکات بە روداو و گۆڕانکاریەکانی سەدەی٦ك/١٢ز یەوە و گوایە دامەزرێنەرانی لە ئیسماعیلیە ئاوارەکانی هیندن کە بەرە و کوردستان هەڵاتن و گیرسانەوە .بڕوانە: ئیڤانۆف، پەیڕەوانی راستی، ل٣٤–٣٥.

ئیسلامی سوننی باو و چەسپیو لە کوردستان، ئەوە بێت کە قازی محەمەدی مەراغەیی (م:٥٩٠ك/١١٩٣ز)[١] گێڕاویەتیەوە کە چۆن شەوێك لایداوەتە مزگەوتی دێیەکی شارەزور و لە نزیکەوە دە کەسی جوالقی[٢]–جوالپۆشی بینیوە و گوایە پەنگکێشی وکاری دزێوی لێ دیتوون[٣].

پێدەچێت ئەم تەرزە خەڵکە نامۆ و لاسارانە، هەر هەواداری ئەو دەستە و تاخمە پێنەگیر بە ئیسلامانە بن کە دواتر چەتری ئەهلی هەق کۆی کردنەوە، ئەوەتا گەڕۆکی فەڕەنسی جوزیف ئەرتور گۆبینو درکی بەو راستیە کردووە کە ئەهلی هەق بە رواڵەت موسڵمانن، دەنا پێغەمبەریان لەکن قبوڵ نیە و پێ ناکەن بە مزگەوتەکاندا، مەگەر لە ناچاری یان لە دەمی پێویستدا نەبێت، ئازادیشیان بەخشیوە بە ژنانیان و رێگایان بۆ والآ کردوون روخساریان نیشانی کەسانی بیانی بدەن و لە شایی و گۆڤەندەکاندا بێ سەرپۆش دەستی پیاوان بگرن، لەمڕووەوە رێساگەلێکیان بەزاندووە و بەهۆی رەچاوکردنی هەندێك یاسا ودابونەریتی جڤاکیی موسڵمانانی دەرهاوسێیانەوە، بیروباوەڕی نەپەنی–نهێنیی خۆیان لە ناخیاندا دەپارێزن[٤].

لە لایەکی دیەوە، لە سەردەمێکی نادیار و لە گۆشەیەکی لاڕێی کوردستاندا، کوردانێك پەیدابوون کە بە خۆشینان(قوم خوشینان)خۆیان دەناساند، روون نیە ئەمانە کێن و کەنگی و لە کام لای کوردستان سەریان هەڵداوە؟ هەچەند گومانێکی زۆر بۆ ئەوە دەچێت کە لە شارەزور گەشەیان کردبێت. مەگەر ئەوەندە نەبێت کە

---

(١) ناوی تەواوی:(صدر الدين أبوبكر محمد بن عبد الله بن عبدالرحيم المراغي)یە، قازیی بازێڕی مەراغەی ئازەربیجان بووە، جارێك ساڵی٥٣٨ك/١١٤٣ز و جارێکی دی ساڵی ٥٧٥ك/١١٧٩ز لە مەراغەوە چووەتە بەغدا و گەڕاوەتەوە و دیارە لەم گەشت و گەڕانەیدا بە شارەزوردا گوزەریکردووە.

(٢) جوالق:هەر جواڵی کوردی و فارسیە و لە عەرەبیدا کراوە بە جوالق.

(٣) ابن الخطيب، فسطاط العدالة، لە:محمد رضا شفيعى كدكنى، قلندريه در تأريخ، ص٥٢١، وەرگیراوە.

(٤) سه سال در آسيا(١٨٥٥–١٨٥٨)، ص٢٤٣–٢٤٤، ب. ليرخ، دراسات حول الأكراد، ص٣٩.

پاشماوەی مەزدەکی–خورەمی بوونە و لە سەرەتای سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەهەمی زایینی هەبوونە و دوو ئەندامیان: محەمەدی کورد و شەمسی کورد، چوونەتە ریزی قەلەندەریەکانەوە و بوونەتە هاوکاری جمال الدین ساووجی(م:٦٣٠ك/١٢٣٢ز) شێخ و دامەزرێنەری بزاڤی قەلەندەری(١) و لەو چوار پێنج شاگردە کارا و بەبزاڤتەی ساووجی بوونە کە برەوەیان بە دیاردە و بەرنامەی قەلەندەری داوە و بە جیهانی ئیسلامیدا پەخشیان کردووە، محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی مەحمودی ناسراو بە(إبن الخطيب) (٢)کە رەنگە هەمان زانا و مێژوونوسی گومناوی کورد(إبن الخطيب الهذباني الأربلي)بێت(٣)، لە کتێبی(فسطاط العدالة في قواعد السلطنة) کە ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز لە شاری ئاقسەرای ئەنادۆڵ بە فارسیی دایناوە، تاکە سەرچاوەی ئەم بابەتە گرنگ و باڵکێشەیە(٤).

به هەرحاڵ قەومی خۆشینان هەرچییەك بن، پاشتر بوونە بەشێك لە ئەهلی هەق و خۆشینیش کێ بێت، پایەی بابا و شاهی پێ بەخشرا و بوو بە یەکەم بەرجەستەکەری خوداوەند لە کوردستان(٥) و گوندی باوەخۆشینی رۆژئاوای دەربەندیخان دەشێت پەیوەندیەکی پتەو و راستەوخۆی بە خۆشین و میللەتی خۆشینانەوە هەبێت(٦).

---

(١) لەبارەیەوە بڕوانە:الذهبي، تأريخ الإسلام، دار الكتاب العربي (بيروت: ١٩٩٣)، ٤٥/٤٢٣–٤٢٤.

(٢) بڕوانە: حاجي خليفة(ت: ١٠٦٧هـ/١٦٥٧م)، كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون الناشر: مكتبة المثنى(بغداد:١٩٤١)، ٢/١٢٥٩.

(٣) ئەوەی لە ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز دانەیەکی کتێبی(مختصر سير الأوائل والملوك و وسيلة العبد المملوك)ی کڕیوە، بڕوانە: ابو الفضائل محمد بن علي بن نظيف الحموي(ت:في حدود ٦٤٠هـ/١٢٤٢م)، التأريخ المنصوري، تحقيق: أبوالعيد دودو، مطبعة الحجاز (دمشق : ١٩٨١)، ص١٢.

(٤) "إين محمد كُرد و شمس كُرد هر دو كُرد بودند أز قوم خويشينان، بر مذهب مزدك"، فسطاط العدالة، ص٥٥٠، ٥٦٠.لە: شفيعى كدكنى، قلندريه در تأريخ، ص٢٣٦–٢٣٨، ٥٢٢، وەرگیراوە.

(٥) دوواتر دێینەوە سەر ئەم بابەتە.

(٦) لەم ساڵانە کرا بە ناوەندی ناحیە.

هەرچەند یارانی ئەهلی هەق، سەرەتای دەرکەتنی خوداوەند(مظاهر إلاهی) لە نێوانیان دا دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمانی یەکەمین خەلیفەی عەباسی(١)، وەلێ زۆر ئاستەمە بە وردی بزانرێت کەنگی یەکەم دەستەی ئەو گروپ و باسکە شیعەیانەی کەوا لە ئێستادا ناوی کاکەیی– ئەهلی هەق کۆیان دەکاتەوە، لە لوڕستان و کرماشانا سەریهەڵدا و ڕەگی خۆی داکوتا و چۆن و تا چ رادەیەك سوود و کەڵکیان لە بیروباوەڕە باو و نائیسلامیەکانی ناوچەکە وەرگرت، چونکە وەك ئیڤانۆڤ دەڵێت:"مسۆگەر لە حاڵی گرووهێکی نەخوێندەواری دەوارنشین و لادێیدا کە بە دەگمەن هاتوچۆی ناوەند و مەڵبەندەکانی ژیان و شارستانیەتی وڵاتانیان دەکرد، ناشێت مەزەندەی مێژوویەکی واقیعی بکرێت، هاتنەگۆڕی کۆمەڵەیەکی تازە بە رواڵەت، ئاکامی پڕۆسەیەکی دوورودرێژە، ئەم هاتنە ئارایەوە هەرگیز هاوشان و هاوکاتی روداوێکی نائاسایی نەبووە کە سەرنجی دونیای دەرەوەی راکێشابێت، سەیر ئەوەیە مێژووش شتێکی ئەوتۆی پێ نیە سەبارەت بەم دەڤەرە تا قسەیەکی لێ بکات"(٢).

مینۆڕسکیش پێیوایە کە ئەهلی هەق لقوپۆپی زۆری هەیە و پێکهاتەیەکی ئایینی وا نین یەکێتی بیروباوەڕ کۆیان بکاتەوە، بەڵکو لەوە نزیکن کە بزاڤگەلێکی هاوپەیوەندبن و لە جۆرە یەکێتیەکەدا رێکخرابێتن(٣).

وا دیارە سەرەتا وەك چەند شانەیێکی بچووکی خامۆش و تەریك بووبێتن و لە گوندگەلێکی لاڕێی ناوجەرگەی چییاکان گیرسابێتنەوە و هیچ چالاکیەکی فکری یان جموجوولێکی بانگەشەیانیش نەنواندبێت بووبێتە مایەی سەرنج و هاوڕدانەوەی خەڵکانی دەوروبەریان، بە سەواد و خوێندەواریش نەبوونە تا شتێك بنووسن، دیارە تا هەنوکەش لە یازدە لق و بنەماڵە پێکدێن و هەر یەکەیان بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەیە(٤)، لەوانە : ئیبراهیمی، داودی، میری، سوڵتان

---

(١) سە سال در آسیا، ص٢٥٢.

(٢) پەیڕەوانی راستی، ل٢٠.

(٣) دائرة المعارف الاسلامية، مادة أهل الحق، ٣/٩٥.

(٤) نامە سرنجام یا کلام خزانە، ص٢٣.

بابری، خامۆشی، یادگاری، شاه ئەیازی، خانەتاشی...(١). کەیخەسرەو ئەسفندیاریش (سەدەی١٠ك/١٦ز) لە خەڵکانێکی عەلی ئیلاهی دەدوێت لە کوێستانەکانی رۆژهەڵاتی ئێران لە نزیك وڵاتی خُتا(٢)، بێگومان ئەمانە پەیوەندییان بە کوردستانەوە نیە(٣).

وەلێ ئەوەی تا هەنووکە ساخبۆتەوە، یەکەم ناوهێنانی راستەوخۆی کاکەیی (الکاکائیة) وەك گروپێکی شیعیی پەڕگیر، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم(٤)، ئەو دەمەی وا بە تەواوەتی چووبوونە ئامێزی شیعەگەریەوە و لە بیروباوەڕە کۆنەکانی کوردستان دابڕابوون. لەو بڕوایەدام پێشتر باسی هەبوونیان بەم ناوە لە ئارادا نەبووە و ئەوەی راستی بێت تا سەدەی نۆزدەهەم هەندە ناسراو نەبوون و شتێکی وایان لەبارەوە نەنوسرابوو، تا ئەو دەمەی دەنگوباسیان کەوتە نێو یاداشت و سەرنجی دیبلۆمات و گەڕیدە ئەوڕوپییەکانەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە لەم یەکەم دەقەدا، هیچ باسوخواسێکی سوڵتان سەهاك–ئیسحاق لە گۆڕێدا نیە، بەڵکو شیعەیەکی هەرە توندڕەون و ئیمامی عەلی یان لەکن هاوئاستی خودایە، محەمەدی کوڕی باباڕەسوڵ کە بۆ خوێندن لە بەرزنجەوە روویکردبووە هەمەدان، دیارە لە نزیکەوە ئاشنایی لەگەڵ پەیداکردوون و لەبارەیانەوە دەڵێت: ئەمانە بە سیامەنصوری و شاه بابایی(٥) و صارولیش دەناسرێن، بەلای ئەمانەوە خودا چووەتە ناو جەستەی عەلییەوە، پاشان چووەتە ناو جەستەی یەك لەدووی یەکی کوڕ و نەوەکانیەوە، ئەوجا چووەتە ناو شێخەکەی سەردەمی خۆیانەوە(٦).

---

(١) سە سال در آسیا، ص٢٥٥، نامە سرنجام، ل٢٤–٢٨.

(٢) "در بیان عقاید علی اللهیان در کوهستان مشرق نزدیك بە ختا"، کتاب دبستان مذاهب، کتابخانە طهوری(تهران: ١٣٦٢ش)، ص٢٦٥–٢٦٧.جێگای داخە محەمەد ئەمین زەکی ئەم زانیاریانەی وەك خۆی لەم کتێبە وەرگرتووە و وای زانیوە مەبەست ئەهلی هەقەکانی کوردستانە. خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپخانەی دار السلام (بغداد:١٩٣١)، ل٢٧٩–٢٨١.

(٣) گۆبینۆش جیاوازیی دەکات لە نێوان عەلی ئیلاهی و ئەهلی هەق.

(٤) البرزنجي، النوافض للروافض، ص١٠٧.

(٥) لەوانەیە شاه بابایی شوێنکەوتووانی شاهخۆشین–باباخۆشین بن.

(٦) النوافض للروافض، ص١٠٦.

له شوێنێکی دی دا، هۆزەکانی لەك و زەند و کاکەیی و کرانی و کولیائی و ئەفشاری و موقەدەمی (المقدمية) و جرادورەوی(١) و جەلیلوەندی و خواجەوەندی و کەسانی دی کە لە ژمارە ناهێن، بەوە تۆمەتبار دەکات کە شیعەن و حەزرەتی عەلی وەك خودا دەپەرستن و دەڵێت رۆژێکیان کابرایەکی زەندم دواند و گوتم بیستوومە زەندەکان عەلی یان خۆش ناوێت، ئەویش گوتوویەتی:(إستغفر الله)، ئێمە عەلیمان خۆش ناوێت؟ عەلی خودا و رێنوێنمانە، تەنانەت پیرەمێردێکیان شەهدیمان (الشهادتين)ی نەدەزانی و لەبریدا دەیگوت:"عەلی وەلیی پێغەمبەری خودایە"(٢).

رەوا نیە و بگرە ناهەقیەکی مێژووییە، ئەگەر بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەویی شیعەگەری لە ناوچەگەلێکی لوڕستانی باکور و کرماشان، واتا لە زێدی لەمێژینەی یارانی ئەهلی هەق، پەیوەست بکرێت بە هەژموونی بزاڤی قزڵباشی و دواتریش بە دەرکەوتنی دەوڵەتی صەفەویەوە وەك کەسانی نەشارەزا دەیانهەوێت بیسەلمێنن(٣)، بەڵکو لایەنی کەم سەدەیەك پێشتر هەست بە هەبوونی ئەم دیاردەیە دەکرێت و دیارە ئەمەش لە ئەنجامی خەبات و کۆششی زانایانی شیعە بووە، ئەوەتا کەڵە فەقیهی شیعیی ناسراو(العلامة الحلي:م٧٢٦ك/١٣٢٦ز) هاتۆتە دینەوەری نزیك صەحنە و بۆ گاڤێك ماوەتەوە و کەوتۆتە بزاڤ و چالاکیی بانگخوازی و رۆژی٢٠-٣-٧٠٩ك/٥-٩-١٣٠٩ز، لە رەشنوسکردن و دانانی بەرگی یەکەمی کتێبی (الألفين في إمامة أمير المؤمنين)بۆتەوە(٤)، ناوبراو لەم کتێبەیدا وەك لە ناوونیشانەکەیی دیارە و بەخۆیشی لە پێشەکیەکەیدا روونیکردۆتەوە، هەزار بەڵگەی یەقینی و بورهانی عەقڵی و نەقڵی هێناوەتەوە لە پێناو سەلماندن و چەسپاندنی رەوایەتیی ئیمامەتی حەزرەتی عەلی(خير الوصيين) و هەزاری

---

(١) راستەکەی چاردولی-چرداولی.

(٢) النوافض للروافض، ص١٠٨-١٠٩.

(٣) بگەڕێوە بۆ: کامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، منشورات الجمل (بيروت:٢٠١١)، ٢/٣٧٦.

(٤) الألفين في إمامة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب، ص١٤٩.

دیکەش بۆ پوچەڵکردنەوەی رەخنە و توانجی نەیاران و رەواندنەوەی گومانی کەسانی بەدگومان(١).

هەر لەم چوارچێوەیەدا، نوسەرێکی نەناسراو ساڵی ٧١٢ك/١٣١٢ز لە شارۆچکەی کەرەندی نیشتمانی ئەهلی هەق، شەرحێکی بۆ کتێبی(نهج البلاغة)ی ئیمام عەلی نوسیوە(٢) و مەزاری ئیمامزادەیەکی ئەهلی بەیت(سەدەی٣ك/٩ز) لە نورئابادی مامەسێنی هەبوو و ساڵی ٧٧١ك/١٣٧٠ز نۆژەنکراوەتەوە(٣)، بۆیە هیچ سەیر نیە ئەگەر دانیشتووانی باژێڕی نەهاوەند کە سەرپاکیان کورد بوون، لەم سەردەمەدا شیعەی دوازدە ئیمامی بن(٤).

نەك ئەمەندە، بگرە ئەم دوو هەرێمە کوردنشینە واتا لوڕستانی باکور و کرماشان لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەهەمی زایینیەوە، بوونە مەڵبەندی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیری توندڕەویی مەزهەبی لە کوردستان، ئەوەبوو دیاردەی زێدەگاڤی و سەرسەختی (الغلو–المغالاة) لە خۆشویستنی بێڕادەی ئیمامی عەلی و ئیمامان و ئەندامانی ئەهلی بەیت لە ناوچەی لەکستان هاتەکایەوە و گەهیشتە ئەوپەڕی، شاعیر مەلا پەریشانی کورد کە لە تیرەیەکی کوردانی دێرینی لەکە و بە مەزندە لە نیوەی دووەمی سەدەی ٨ك/١٤ز و نیوەی یەکەمی سەدەی ٩ك/١٥ز ژیاوە(٥)، یەکێکە لە نوێنەران و ئاڵاهەڵگرە چالاکەکانی ئەم تەوژمە، ئەو وەك بەخۆی رایگەیاندووە، هاودەم و شاگردی دڵسۆز و گوێڕایەڵی پەنجا ساڵەی زانای دەمارگیر و توندڕەوی شیعە شێخ رەجەبی برسی (م:٨١٣ك/١٤١٠ز) بووە(٦) و بە بیروڕاکانی شێخ و مامۆستاکەی تەواو سەرمەست و

---

(١) الألفين، ص٢٢. ئەم زانا و بانخوازە رۆڵی مەزنی هەبوو لە کردنی مەغۆلی وەسەنی بە شیعە.

(٢) رسول جعفريان، تأريخ تشيع در إيران، ص٦٧٨.

(٣) تأريخ تشيع در إيران، ص٨٥١–٨٥٢.

(٤) مستوفى قزويني، نزهة القلوب، ص١١٩.

(٥) وا باوە لە هۆزی غەواسوەندی لەکە و ساخنەبۆتەوە خەڵکی کام شوێنی وڵاتی لەکستانە.

(٦) ناوی تەواوی (الحافظ رضي الدين رجب بن محمد بن رجب البرسي الحلي)یە و خەڵکی گوندی برسی نێوان حیللە و کوفەیە و یەکێکە لە زانا هەرە توندڕەوەکانی شیعە و ریوایەت و بۆچوونەکانی لەلایەن بەشێکی خودی زانایانی شیعەوە جێگەی گومان و هەڵوەستەن، ژمارەیەك

کاریگەر بووە و ئەمەش بە روونی و زەقی لە شیعرەکانی رەنگیداوەتەوە و سەرتاپای دیوانەکەی شیعری دینیە و لیوالیوە لە غلو– زیدەرۆیی دەرهەق ئەهلی بەیت(١)، تەنانەت لە بەندی چوارەمی دیوانەکەیدا، راست و رەوان دەڵێت تەنها چواردە ئیمامی مەعصوم مرۆڤن و(أبوذر و میقداد و عەممار و سەلمان) یش نیمچە مرۆڤن، هەرچی خەڵکی دی هەیە سەرجەم نسناسن واتا مەیمونن:

سه نوع بشر خلق كرد خداى عالـــم   ناس و شبه ناس يكناس أفهم
ناس چهارده معصوم شبه‌ناس بزان   بوذر و مقداد و عمّار و سلمان
مابقـــی مـــردم مطلق نسـناسن   واحـديت خـدا نشـناسن (٢).

دیارە ناکرێت رۆڵ و باندۆری بیروراکانی (العلامة الحلي) و کاریگەریی شیعرەکانی مەلا پەریشان پێشچاو نەخرێت لە بڵاوکردنەی هزری توندڕەوی لەنێو کوردانی لەك و لوڕ و کەلهوڕدا، دووریش نیە مەبەست لە بابا رەجەب(باوە رەجەب)ی نێو دەقەکانی ئەهلی هەق هەر رەجەبی برسی بێت(٣).

لە هەمان دەمدا، بزاڤەکانی حرووفی و نوربەخشی و موشەعشەعی دەرکەوتن و محەمەدی کوڕی فەلاح (المُشعشع: م٨٦٦ك/١٤٦٢ز)، لە زۆنگاوەکانی حەوێزە دەرکەوت و خۆی بە سەید دادەنا و بانگەوازی مەهدێتی کرد و دەستی گرت

کتێبی هەیە وەك (مشارق أنوار اليقين في أسرار أمير المؤمنين) و (أسرار النبي وفاطمة والأئمة) و (كيفية التوحيد والصلوات على الرسول والأئمة) و (مولد النبي وفاطمة وأمير المؤمنين وفضائلهم) و (الدر الثمين في خمسمائة آية نزلت من كلام رب العالمين في فضائل مولانا أمير المؤمنين باتفاق أكثر المفسرين من أهل الدين)، لەم کتێبەی دواییەیدا وەك لە ناونیشانەکەی دیارە پێیوایە کە (٥٠٠) ئایەتی قورئان لەمەڕ فەزڵی عەلی دابەزیوە. بۆ پتر پێزانین بگەڕێوە بۆ: كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، ٢/٢٢٣–٢٥٤.

(١) شەوی ١٩/٢٠–٣–٢٠١٨ میوانی نوسەری خەمخۆر و دڵسۆزی کەلتور و گەنجینەی ئەهلی هەق کاك تەیبی تاهیری بووین لە ماڵی خۆی لە کرماشان و بە سوپاسەوە دیوانی مەلا پەریشانی پێبەخشین، ئەم دیوانە بۆ جارێکی دی لە لایەن رێبوار حەمە تۆفیقەوە ساخ و چاپ کراوەتەوە، چاپخانەی کارۆ(سلێمانی:٢٠١٩).

(٢) دیوان ملا پریشان کرد، گردئ‌ورد و ناشر فتحعلی زیباجویی، چاپ محمدی(کرمانشاه:؟)، ص٧.

(٣) باوە رەجەب لەم دەقانەدا هاودەمی بەهلولی ماهی یە و لە هەردوو سەدەی ٢–٣ك/٨–٩ز ژیاوە(صدیق صفی زادە، مشاهیر أهل حق، ص٢٣–٢٤)، کەچی لەو دەمانە و تا چەند سەدەیکیش پاشتر ناوی مانگی رەجەب هەرگیز بۆ ناونان بەکار ناهات.

بەسەر شوشتەر و دیزەفول و دەوڵەتی(المشعشعین) لە خوزستان و ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی عێراق دامەزراند(١)، عەلیی کوڕی موشعشەع ناسراو بە مەولا عەلی لە رەمەزانی ساڵی٨٦٠ك/هاوینی١٤٥٦ز دەستی گرت بەسەر کوردستان و بەهبەهاندا(٢) و ساڵی دوواتر لە دەمی مەلەکردندا لە روبارێك بە ناوی کوردستان(٣) خنکا یان کوژرا و ئاوبردی(٤)، ئەم مەولا عەلی یە دەیگوت روحی ئیمام عەلی لە ناخیدا گیرساوەتەوە و خودا هەر عەلی خۆیەتی و ئەو گۆڕەی بۆ ئەو دانراوە هی ئەو نیە و خودا چۆن دەمرێت تا گۆڕی هەبێت و هەڵستا بە کاولکردنی گۆڕەکەی و شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا(٥).

٥- لە نێوان ئەهلی هەق و شیعەی ئیسماعیلیدا:

لە راستیدا ناکرێت ئەهلی هەق بە پاشکۆ یان لق یان درێژەپێدەری هیچ دەستە و تاقمێکی شیعی دابنرێن، هەرچەند لە زۆربەیان سوودمەندبوونە، بەڵکو لە سەرەتا و بنەوانەدا ئایینێکی خۆماڵیی سەربەخۆ بووە و تا هاتووە پتر کەوتووەتە ژێر هەژموونی شیعەگەریەوە و لە بنج و بنەڕەتی خۆی دوورکەوتۆتەوە، وێڕای کاریگەربوون و بگرە کۆپیکردن و داڕشتنەوەی تەواوی ئایدیا و بەرنامە و دنیابینیی ئیسماعیلی.

بە مردنی هەر ئیمامێکی شیعە یان خامۆشکردنی شۆڕشێکیان، یەکسەر تەبایی و هاوکۆکیی ناو جەماوەری شیعە لەبەین دەچوو و بەسەر چەند دەستە و

---

(١) نورالله الشوشتري، مجالس المؤمنين، ٣/٤٩٩- ٥٠٤.و بڕوانە: أحمد کسروی، تاریخ پانصدساله خوزستان، دنیای کتاب(تهران:١٣٨٩ش)، ص١٣-٨٤.

(٢) التأريخ الغياثي، ص٣١٢.

(٣) ئەم روبارە لە کوردستان نیە، بەڵکو لە نزیك بەهبەهان-ئەرجانە و هەمان روباری تابە(نهر طاب)، أحمد کسروی، تاریخ پانصد ساله خوزستان، ص٢٥.

(٤) مجالس المؤمنين، ٣/٥٠٦.

(٥) مجالس المؤمنين، ٣/٥٠٦-٥٠٧.

بالّدا دابەش دەبوون، ئەوەی مایەی تێبینیە ئەم دیاردەیە بە زەقی لە مێژووی شیعەگەریدا رەنگی داوەتەوە(١).

لە ئاکامی مردنی ئیمام صادق(جعفر الصادق:م ١٤٨ك/٧٦٥ز)، کاریگەرترین لێکترازان و لەتبوون لە جەستەی شیعەگەری هاتە کایەوە و جەماوەری بڕواداران و شوێنکەوتووانی هێزی ئیمامەت کەوتنە قەیرانەوە و لەبەریەك هەڵوەشانەوە و چەندین باسك و دەستەی جیاجیا و دژبەیەك پەیدابوون(٢)، بەپێی نەریتی ئیمامە و راسپاردەی ئیمام، دەبوو دوای خۆی ئیسماعیلی کوڕە گەورەی شوێنی بگرێتەوە، کەچی کوڕە گەورە پێشوەخت و هێشتا باوکی مابوو ساڵی ١٤٥ك/٧٦٢ز مرد، ئەمەش کۆسپوتەگەرەیەکی سەخت و دژواری هێنایەکایەوە و بووە گرێکوێرەیەك لە پرسی شوێنگرتنەوەی ئیمام، ئەوەبوو هەوادارانی ئیسماعیل قەناعەتیان نەهێنا کە مردووە و پێیان وابوو زیندووە و جەعفەری صادقی باوکی بە مەبەست و لە ترسی نەیارانی و دەسەڵاتدارانی عەباسی مردنی راگەیاندووە و گوایە لە بازاڕی بەصرا دیتوویانە، ئەمانە بە (الإسماعیلیة الواقفة) ناسران و پاش ئیسماعیل دانیان نەنا بە هیچ ئیمامێکی دی.

کەچی بەپێچەوانەی ویستی ئەمان، زۆربەی شیعە دانیان نا بە ئیمامەتی موسای کوڕی جەعفەر(موسی الکاظم) وکردیانە ئیمام و دواتر بە دوازدە ئیمامی (الإثناعشریة) ناسران.

محەمەدی کوڕی ئیسماعیل کە هەم بە تەمەن لە موسای مامی گەورەتر بوو و هەم خۆشی بە میراتگری موستەحەق و شایەنی پڕکردنەوەی پۆستی ئیمامە دەزانی، ئامادە نەبوو ئەم ناهەقیە قبوڵ بکات و ئیمامەتی موسای رەتکردەوە، ئەوەبوو دەستەیەك دەرکەوتن نکۆڵییان دەکرد لە گواستنەوەی ئیمامەت لە براوە

---

(١) بۆ ئاشنابوون بە شیعە و شیعەگەری بڕوانە: السید عبدالرسول الموسوي، الشیعة في التاریخ، مکتبة المدبولي (القاهرة: ٢٠٠٢)، سعد رستم، الشیعة والتشیع، النشئة، التاریخ، العقیدة، التوزیع الجغرافي، دار الأوائل(دمشق: ٢٠٠٨).

(٢) بڕوانە: النوبختي، فرق الشیعة، ص٥٧–٥٨، ئێمە لێرە تەنها لەوانە دەدوێین کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەهلی هەقەوە هەیە.

بۆ برا، واتا لە ئیسماعیلەوە بۆ موسا و کوڕانی دیکەی جەعفەری صادق، هەرچەند دانیان بەوەدا نا کە ئیسماعیل مردووە، بەڵام سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئیمامەت لەوەوە گواستراوەتەوە بۆ محەمەدی کوڕی و ئەمیان بە ئیمامی خۆیان ناساند، لە ئاکامدا دەستەیەکی دیی ئیسماعیلی سەری هەڵدا و بە (الإسماعیلیة المبارکیة) ناسران.

لە ژمارەیەك سەرچاوەدا وا لێکدراوەتەوە کە ئەم دەستەیە بە ناوی موبارەکی مەولای محەمەدی کوڕی ئیسماعیلەوە ناونراوە(١)، بەڵام فلادمیر ئیڤانۆف ئەمە ڕەتدەکاتەوە و فەرهاد دەفتەرییش پشتگیری دەکات و دەڵێن (الإمام المبارك) نازناوی خودی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلە(٢) و ئەم دەستە نوێیە هەر بە نازناوی ئەوەوە بە (المبارکیة) ناوزەدکرا(٣).

محەمەدی کوڕی ئیسماعیل دوای تەنگاوکردن و تەنگپێهەڵچنینی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەباسی لە لایەك و ناکۆکیی دەگەڵ شیعەی موسەوی لە لایەکی دیەوە، وێڕای زویربوون و دڵشکانی لەوەی کە زۆربەی جەماوەری شیعە داویانەتە پاڵ موسای مامی، مەدینە و عێراقی بەجێهێشت و ڕوویکردە هەرێمی خۆزستانی هاوسنوری کوردستان و لەوێوە ڕابوو بە بەڕێکردن و بڵاوکردنەوەی بانگخوازانی بۆ هەرێمی چیاکان و ناوچەکانی دەوروبەری لەپێناو ئاشناکردنی خەڵکی بە بەرنامەکەی، تا بە مەزندە لە دەوروبەری ساڵی١٧٩ك/٧٩٥ز مرد و لەکن لایەنگرانی بووە دوا ئیمام و هەر خۆیەتی (صاحب الزمان) و مەهدیی چاوەڕوانکراو(٤)، یان گوایە نەمردووە و وا لە وڵاتی ڕومە(٥).

لە کاتێکدا دەستە و لقەکانی دیکەی ئیسماعیلی دوایان بڕایەوە، ئیسماعیلیەی موبارەکی گەشەیکرد و لقوپۆپی لێبووەوە وتا ئێستاش مانەوەی

---

(١) النوبختي، فرق الشیعة، ص ٥٨، الأشعري، مقالات الإسلامیین، ص ٢٥–٢٦، البغدادي، الفرق بین الفرق، ص٦٧، الشهرستاني، الملل والنحل، ص ١٣٦.

(٢) الإسماعیلیون تأریخهم وعقائدهم، ص ١٧٣– ١٧٤ .

(٣) ابویعقوب السجستاني، إثبات النبوات، ص ١٩٠.

(٤) مقالات الإسلامیین، ص٢٥–٢٦، الملل والنحل، ص١٣٦، الإسماعیلیون، ص ١٨٢.

(٥) النوبختي، فرق الشیعة، ص٦٢.

بەهێز و کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە(١). کرۆکی بیروباوەڕی ئیسماعیلی لەسەر دەرکەوتنی حەفت جاری خوداوەند لە شێوەی مرۆڤ بنیادنراوە و ئەمە پوختەکەیەتی:

خوداوەند حەفت جار لەسەر گۆی زەوی دەردەکەوێت، چونکە ژمارە حەفت تایبەتمەندی و پیرۆزیی خۆی هەیە و ئەوەتا ژمارەی ئاسمان و زەوی و هەسارەی گەڕۆك و رۆژەکانی حەفتە هەمووی هەر حەفتن، بۆیە خوداوەندەش لە ئەزەلەوە تا رۆژی دوایی تەنها حەفت جار دەردەکەوێت، هەر جارێکیش لە شێوەی پێغەمبەرێك و ئەم پێغەمبەرانە لە قورئاندا بە (أولو العزم) دانراون (فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ)(٢) کە بریتین لە ئادەم و نوح و ئیبراهیم وعیسا و موسا و محەمەد، ئیمام محەمەدی کوڕی ئیسماعیلیش دەبێتە حەفتەم و خاتمیان، ئەم پێغەمبەرانە تەنها (ناطق—ئاخێوەر)ن و کاریان ئاخڤین و بڵاوکردنەوەی فرمان و گوتەکانی خودایە و دەبێت هاوتەریب لەتەکیان دا کەسی (صامت—کپ) هەبێت و کاری ئەویش لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئایەت و ئاخافتنەکان و جێبەجێکردنیانە، صامتی ئادەم هابیلە و صامتی نوح سامە و صامتی ئیبراهیم ئیسماعیلە و صامتی موسا شەمعونی صەفایە و صامتی عیسا خوزەیمەیە، بەڵام زەکەریا بووە سەرپەرشت و وەصیی، صامتی محەمەدیش حەزرەتی عەلی یە، پێویستە ئەم صامتانەش وریا بن و ئاگاداری غەیب و نهێنییەکان بن و توانا و شیانی لێکدانەوەیان هەبێت، لە دوای هەر یەك لەم پێغەمبەرانە، واتا لە نێوان هەر دوو دەور—دەرکەوتندا شەش ئیمام هەن و تا دەرکەوتنی داهاتوو فرمان و کارەکان رادەپەڕێنن و حەفتەمیان دەبێتە پێغەمبەری دەورەی داهاتوو.

هەریەك لەم پێغەمبەرانە نوێنەر و پەیڤداری دەورەیەك—خولێکن و خولەکە بە ناوی ئەوانەوە دەناسرێت و صامتی کۆتاهی—حەفتەمیش محەمەدی کوڕی

---

(١) بۆ ئاشنابوون بە مێژووی شیعەی ئیسماعیلی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بڕوانە کتێبی: فرهاد دفتري، الاسماعيليون، تاريخهم وعقائدهم، ترجمة سيف الدين القصير، دار الساقي (بيروت: ٢٠١٢).

(٢) سورة الأحقاف، الآية(٣٥).

ئیسماعیله كه كۆكەرەوە و ڕێكخەرەوەی تێكڕای ئەم بیروباوڕانەیە و كۆتاهییان پێ دێنێت و هەر خۆیشیەتی خاوەندی كەشف و سەرهەڵدان(١).

كەلامخوانان و دەفتەردارانی ئەهلی هەق، بۆ پڕكردنەوەی شوێنی كارەكتەرە بنەڕەتی و پێكهێنەرەكانی ئایینەكەیان و تەواوكردنی پەیكەر و سیناریۆی لێكدانەوەیان لەسەر بنەمای دید و ئایدیای شیعەی ئیسماعیلی، جگە لەوانەی خۆیان پێویستیان بە داتاشین یان خواستنی كەسایەتیی دی هەبووە، ئەوجا یان خەیاڵیان بەگەڕخستووە و كەسایەتیی ڕەمزییان داهێناوە وەك پیر بنیامین و پیر داود و كاكەرەدا و بابا فەقێ و دەیانی دی، یان دامەزرێنەران و ڕێبەرانی حیزبە شیعیەكانیان هێناوە و بە كوردیان كردوون و پایەی (شاه) و (بابا) یان پێبەخشیون، بۆ نموونە (الإمام المبارك)یان كردووە بە موبارەكشاه و(ناووس)یان كردووە بە باباناووس، یان هەڵساون لە كەلتور و ئەدەبیاتی كوردی كەسایەتییان خواستووە و بە پیاوانی خۆیان دایناون و شوێنیان پێ پڕ كردوونەتەوە وەك شاعیر بابا تاهیری هەمەدانی (سەدەی ٥ك/١١ز) كە نە لە شیعرەكانی و نە لە پەیڤەكانی (الكلمات القصار) هیچ ئاماژە و بەڵگەیەك نیە كە هاوبیری ئەهلی هەق بووبێت، یان وەك پیر شالیاری هەورامان كە كەڵە صۆفییەكی هەرە ناسراوە و پیر میكائیلی دەودانی باپیرە هەرە گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی(٢)، كە ئەمیش صۆفییەكی خەرقەپۆش بووە لە ناوچەكانی پاوە و دەرەتەنگ و پاڵنگان و خۆی و باب و باپیرانی خۆیان بە نەوەی عوسمانی كوڕی عەففان دادەنا(٣).

جگە لەوەی لە كەلتوری تەصەوفی ئیسلامیش، مەنصوری حەلاج(م: ٣٠٩ك/٩٢٢ز) و شێخ صەفیەدینی ئەڕدبیلی(م: ٧٣٥ك/١٣٣٤ز)...هتد یان هێناوە

---

(١) السجستاني، إثبات النبوءات، ص١٨٥–١٩٣، الغزالي، فضائح الباطنية، ص١٦، ٤١–٤٤.

(٢) نامه سرنجام، ل٩٥، ١٦٥. لە كتێبێكی دیمدا بە درێژی لە بارەی پیر شەهریار–شالیار و پیر میكائیل دوواوم.

(٣) ابن الفوطي، مجمع الآداب في معجم الألقاب(طهران: ١٤١٦هـ)، ٢/٥٢٣–٥٢٤، ٣/٤٤٨.

و بە پیرانی خۆیانیان داناون(١)، یان یەکێکی وەك بەهلول-بەهلولە شێت(م: ١٩٧ك/٨١٣ز) یان هێناوە و کردوویانە بە خەڵکی دینەوەر و گۆڕێکیشیان بۆ چێکردووە لە گوندی تەنگەگۆلی بناری دالاهۆ، بێسارانی دەڵێت:

بە هەوای پرشنگ تاف بیٚ قەرار
نە پای بالول کۆ تەخت دەڕنە شار(٢).

مەلا عومەری رەنجووریش هاواری بۆدەبات:

یا بارگەی بەهلول هەردەی دالاهۆ
یا عومەر گودروون ماوا گودروون کۆ(٣).

ئەمە لە کاتێکدا بەخۆی عەرەبە و هاودەمی خەلیفە (هارون الرشيد) بووە و لە کوفە و بەغدا ژیاوە و یەکێك بوو لەوانەی کە بە (عقلاء المجانين)دەناسران و هیچ نزیکی و تێکەڵییێکی بە کوردستان و ئەهلی هەقەوە نیە و هەر لە بەغداش مردووە و تا ئێستاش گۆڕ و گڵکۆکەی هەر ماوە(٤).

محەمەدی کوڕی ئیسماعیل، حەفتەم و دوا بەرجەستەبوونی خوداوەندە لای ئیسماعیلییەکان، کەچی لای ئەهلی هەق سێهەم بەرجەستەبوونە و یەکەمیانە لە کوردستان و بە موبارەکشا شاخۆشین ناوزەدکراوە و باباناووس و سوڵتان سەهاکیش چوارەم و پێنجەمن(٥) و هەر یەك لەم دۆنانە وەك ئیسماعیلیە، پێنج یاوەریان هەیە و چواریان رۆڵی ئیسرافیل و میکائیل و جوبرائیل وعەزرائیل

---

(١) صدیق صفی زادە، مشاهیر أهل حق، ص٢٥-٢٧. هەروەها جونەیدی بەغدادی و مەولانا جلال الدینی رومی و فرید الدین عەتتاری نیشاپوری و بابا تاهیری هەمەدانی...هتد، رێزو پایەی بەرزیان لای یارانی ئەهلی هەق هەبوو. بڕوانە: گوبینو، سە سال در آسیا، ص٢٤٦.

(٢) دیوانی بێسارانی، ل١٩٢.

(٣) دیوانی رەنجووری، ل١٣٢.

(٤) بگەڕێوە بۆ: صدیق صفی زادە، مشاهیر أهل حق، ص١٨-٢٢.

(٥) لە (تذکرە أعلی) باسی جامە-دۆنی باباناووس نەکراوە و سوڵتان سەهاك بە جامەی چوارەم دانراوە، مجموعە رسائل وأشعار أهل حق، ص٤٥، ٥٠، ٥٤.

دەگێـڕن، پێنجەمیشـیان ژنـە و دایکـی دۆنەکەیـە[١] یـان ڕۆڵـی فاتیمـەی کچـی پێغەمبەر دەگێڕێت و نوێنەرایەتی ئەو دەکات وەك لەم خشتەیە هاتووە[٢].



		I	II	III	IV	V
١	خاوندگار	جبرئیل	میکائیل	اسرافیل	عزرائیل	؟
٢	علی	محمد مصطفی	سلمان	قنبر	ناصر	فاطمه
٣	خوشین	بابابزرگ	ب ـ رفکی (تقیه)	ب ـ حسن	ب ـ طاهر	؟
۴	سهاک	بنیامین	داود	پیرموسی	؟	رزبار
۵	کرمیزی	کاکامیر	ک ـ عرب	ک ـ رحمان	؟	زربانو
۶	محمدبگ	کا ـ مریجان	ک ـ ملک‌جان	کرپوست	شاه ـ سوار	؟
٧	شاه ـ آتش	ش ـ جمشید	ش ـ الماس	ش ـ عبدال	؟	پری ـ خانم

هەر ئەندامێك لەمانە بەرجەستەکەر و نیشاندەری ئیمامێکی شیعەیە، داود نیشاندەر و بەرجەستەکەری حەزرەتی ئیمام عەلی ڕەزای کوڕی موسای کازمە و ئەوە فریادڕەس و لە ساتی تەنگانەدا بەهانەوە دێت و فریادەکەوێت و خوداوەند ئەوی بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپاردووە، نەخاسمە کاتێك مرۆڤ لە زیندان بێت یان لە نێو دەریا یان لە نێو کێو و دەشتودەر و چۆڵەوانی گیری خواردبێت، ئەگەر لەو دۆخە و لە ساتی ڕۆژئاوابووندا هاواری بۆ ببات بەدەنگێوە دێت، لای هەندێك دەستە سوڵتان سەهاکیش دەرخەر و نیشاندەری ئیمام عەلییە و بابایادگاریش دەرخەر و نیشاندەری حوسێنە، هەرچی بنیامینە ئەویش دەرخەر و بەرجەستەکەری ئیمام جەعفەری صادقە[٣].

---

(١) مجموعه رسائل وأشعار أهل حق، ص١٥٠–١٥١.

(٢) مینورسکی، سه کفتار تحقیقی در آیین أهل حق، ص٤٠.

(٣) آثار الحق، إنتشارات جیحون(تهران:١٣٧٣ش)، ٢/٥٠.

٦- هەڵوێستی زانایانی کوردی سوننە لە شیعەگەری:

لە ئاست فشار و هەڕەشەو گوڕەشەی بەردەوامی دەوڵەتی قزڵباشیی صەفەوی لەلایەك و نەشونماکردن وجموجۆڵی ئەم دەستە و کۆمەڵە توندڕەوانە و یەزیدییەکان لەلایەکی دییەوە و زیادبوونی ژمارەیان و ئەنجامدانی هەندێك رەفتاری ناپەسند و سوکایەتیکردن بە رەمزەکانی ئەهلی سوننە و جەماعەت(١)، کە نەك هەر لەگەڵ جەوهەری ئیسلامی سونیی دەقگرتوو یەکیان ناگرتەوە، بەڵکو تەواو کفر و لەڕێدەرچوون بوون، نەدەکرا مەلا و زانایانی پێگیر بە سوننەی سەلەفەوە نەورووژێن و بە بێدەنگی بمێننەوە و هەڵوێستی خۆیان دەرنەبڕن، بۆیە ناو بەناو دەهاتنەدەنگ و بە فەتوا و بە نوسینی کتێب و نامیلکە، ئەمانەیان بە گومڕا و سەرلێشێواو و دەژمارد و بە توندی بیروڕا و رەفتاریان رەتدەکردنەوە، لە وێنەی یوسفی سەهرانی-سۆرانی ناودار بە(یوسف الأصم:م١٠٠٢ك/١٥٩٤ز) و مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆری (م:١٠١٤ك/١٦٠٥ز)و عەبدولکەریمی کوڕی موصەنیفی چۆری (م:١٠٥٠ك/١٦٤٠ز) و زین العابدینی ئەردەڵانی (م:پاش ١٠٧٠ك/١٦٦٠ز)(٢)و مەلا محەمەدی بەرقەڵایی (البرقلعلي) و محەمەدی بەرزنجی(٣) و حەیدەری حوسێنئابادی(م:١١٢٩ك/١٧١٧ز) و مەلا حوسێنی شیڤکی (سەدەی١١ك/١٨ز) و مەلا عەبدوڵای ربتکی(م:١١٥٩ك/ ١٧٤٦ز)(٤) و کەسانی دی(٥)، کە هەرچی دەستە و تاقمی شیعە هەبوو بە گومڕا و هەڵگەڕاوە (مُرتد)

---

(١) بە گوتەی زین العابدینی ئەردەڵانی، ناوی کەڵە هەڤاڵانی پێغەمبەریان لە سەگەکانیان دەنا و لە ژێر کەوش و چەکمەکانیان دەیاننوسی و یەکێکیان ناوی عومەری کوڕی خەتابی لە ژێر پێلاوەکەی نوسیبوو و کوردێکی موسڵمان لەداخا رابوو کوشتی.رسائل في الرد على الرافضة، ص٨٦.

(٢) وەك خۆی دەڵێت کچەزای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفە.

(٣) بەرزنجی لەمبارەیەوە دوو کتێبی هەیە: الناشرة الناجرة بالرد على الفرقة الفاجرة، بروکلمان، تاريخ الأدب العربي، ٦٢/٩، النوافض للروافض، ابوعبدالرحمن النعيمي بڵاویکردۆتەوە لە سایتی www.archief.org

(٤) مەلا حوسێن و مەلا عەبدوڵا دوو زانای ناودارن و شیڤکی و ربتکێ دوو گوندی مزورین.

(٥) بڕوانە:رسائل في الرد على الرافضة، جمع وتحقيق حمدي عبدالمجيد السلفي، مطبعة خبات(دهوك:١٩٩٧)، ص٩١-٩٢.

دەژماردن، بەلای موصەنیفی چۆڕیەوە، قزڵباشی صەفەوی کافرن و لەمبارەیەوە دەڵێت:

زمانی پڕ فتن و دوری پڕ آشوب   نی دانش مطلب و نی علم مطلوب

……………………………………………

گهی أز ظالمان أهل إسلام   بەغارت می شدی در صُبح ودر شام
گهی أز شَرّ کُفار قزلباش   شدی پنهان به هر شُعب و به هر تاش(١).

سالمی صاحیبقڕان (١٨٠٥–١٨٦٩)یش دەڵێت:

رافیضی شیعەن، لە هەردوو لا، نەزان و بێ خەبەر
موعجیزەی صدیقە بوڕا، هەر وەکوو دوڕەی عومەر(٢).

لەمەش زیاتر، عەبدوکەریمی کوڕی موصەنیفی چۆڕی بە جلی کەسکەوە و بە یاوەریی میر هەڵۆخانی ئەردەڵان(١٥٩٠–١٦١٦ز) دەچووە غەزای قزڵباش و بە دەستی خۆی ژمارەیەکی لێ کوشتوون(٣)، فەقێ و شاگردانی حوجرە و قوتابخانەکانی شارەزوریش لەم جۆرە جیهادە بەشدار دەبوون(٤)، بەرزنجی(٥) و شێخ رەزای تاڵەبانییش بە زمانێکی زبر، بوختان و کار و کردەوەی هەڵبەستراو و

---

(١) ریاض الخلود، إنتشارات سیروان (تهران:١٣٨٧ش)، ص٢٦٦.

(٢) دیوانی سالم، بنکەی ژین(سلێمانی: ٢٠١٥)، ل٣١٨–٣١٩. لە شیعرێکی دیدا ناوی شیعەی نوصەیریی بردووە:

فەڕەنگ و داسنیی و گەبری بەدخوو
نوصەیری و ئەرووس و دەیلەم و جوو
بە حاڵی من نەبن هەرگیز ئەمانە
هەزار جار ئۆف، برایم ئاغا لەدەست توو. دیوانی سالم، ل٦٥٩.

(٣) الیمانیات المسلولة، في کتاب رسائل في الرد علی الرافضة، ص٨٦.

(٤) البدلیسي، شرفنامە، ص٤٧٨.

(٥) النوافض للروافض، ص١٠٧–١٠٩، محەمەدی کوڕی بابا ڕەسوڵی بەرزنجی پاش ئەوەی روویکردە مەدینە و بە یەکجاری گیرسایەوە، وەك زانایەکی وشك و دەقگەرا و پێگیر بە سەلەفی صالحەوە ناودار بوو.

نادروست دەخەنە پاڵ کاکەیی(١). لێرەوە ئێمەش هاوڕا و هاودەنگی ئومێد کاکەڕەشی ساخکەرەوەی دیوانی شێخ رەزاین و ئەو توانج و بوختانانە بەتوندی رەتدەکەینەوە و دەڵێین بێ گومان شەڕی خوێناوی و ململانێی خێڵەکیی نێوان شێخانی تاڵەبان و ئاغاکانی کاکەیی لە پشت ئەم توانجدانە بێ بنەمایەی شێخ رەزاوە بوون(٢)، پێشتریش شێخ فازڵی تاڵەبانی لە گوتارێکدا ناڕستەوخۆ داوای لێبوردنی لێکردوون و بە کوردی رەسەن و"خۆشەویستی گشت لایەکمان" وەصفیکردوون و دەڵێت شێخی ئامۆزام"پیسترینی هەجووی بۆ نزیکترین کەسوکاری خۆی بووە"(٣)، بەداخەوە مەحویش(١٨٣٠–١٩٠٦)، ناڕەوایانە و بە زماێکی ناشایستە، دوو جار سوکایەتی بە دایە رەزبار–رێزوار دەکات(٤).

هەر سەبارەت بە تەوژم و هەژموونی شیعەگەری لە عێراق وکوردستان، فێرخوازێکی کورد کە لە سەرەتای سەدەی ١٣ك/کۆتاهی سەدەی ١٨ز بۆ خوێندن

---

(١) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، ل٩٧–١١١.

(٢) عەشایر بوون بەیەك، تا ریشەمان دەرکەن بە یەکجاری
جەباری و داوودە و کاکاییەکانی دادە ریزواری. دیوانی شێخ رەزا، ل١٧٥، و بڕوانە ل٨٩.

(٣) دیاری لاوان (بەغدا: ١٩٣٤)، ل٩١–٩٦.

(٤) دنیا بە حیلە مەیلی بە ئەبنای ئەگەر ببێ
ئەم "دایە رەزبار"ە بە فەرزەندی شوودەکا.

....

ئەم دەویت بابەی کە خەڵقی ناوی نابەن بێ جەناب
ئەصڵ و فەصڵی گەر بزانی، واجبە لێی ئیجتناب
ئەکدەشی خنزیر وسەگ، مەعجوونی بەنگ و خەندەریس
داکی دایە رێزباری، بابی بابیی قەحبە باب. دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد (بەغدا :١٩٧٨)، ل٢٦، ٣٢٦–٣٢٧، وبڕوانە: محەمەد حەمە باقی، ئەدەب و مێژوو، چەپکێ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژوویی کورد، خانەی موکریانی(هەولێر:٢٠١٣)، ل٣٠٨. شیعری دووەم کە چوارینەیەکە، لە چاپی(إنتشارات کُردستان (سنندج:١٣٩١ هـ.ش/٢٠١٢ز)) لابراوە.

له شوێنێکی کوردستانی نزيك بەغداوە روويکردۆتە يەمەن، لە شاری صەنعا بۆتە ئاشنای مێژوونوس شەوکانی(م:١٢٥٠ك/١٨٣٥ز) و پێی گوتووە کە زۆربەی دانيشتووانی بەغدا و دەوروبەری بوونە بە شيعەی دوازدە ئيمامی(١)، شێخ يوسف ناوێکيش لە شيعرێکدا کە ساڵی١٣٢٨ك/١٩١٠ز نوسراوەتەوە، گازندە لەوە دەکات کە شێخەکان هەڵوەرين و زانايانی ئايينيش هەڵگەڕاونەتەوە و رووييان کردۆتە مەزهەبی عەلی ئيلاهی:

فامداران فيرار فەهيمان عاجز
قەمەر تەلعەتان پەشێو بين سەرکز
عالمان مورتەد شێخ(ان)جەی وەرين
وە دين و مەزهەب عەليولاهی شين(٢).

---

(١) البدر الطالع بمحاسن مَن بعد القرن السابع، دار ابن كثير(دمشق:٢٠٠٦)، ص٧٨١.

(٢) بەڕێز محەمەد رەشيدی ئەمينی لە هەبوونی ئەم شيعرە ئاگاداری کردمەوە ودەقی دەستنوس و لەچاپدراوی بە سوپاسەوە بۆ ناردم.

دووەم- کۆششێك بۆ ناسینەوەی پێشەوایانی ئەهلی هەق:

١- شاخۆشین موبارەکشاه و قەومی خۆشینان:

شاخۆشین موبارەکشا یان باباخۆشین-باوەخۆشین لەکن ئەهلی هەق، سێهەم بەرجەستەکەری خوداوەندە و یەکەمیانە لە کوردستان(١)، بە واتایەکی دی خوداوەند بۆ جاری سێهەم دەرکەوتووە و ئەمجارەیان کوردستانی هەڵبژاردووە و لە شێوەی شاخۆشین خۆی نواندووە و بە موبارەکشا ناوبراوە(٢)، ئەم دەورەیە بە دەورەی شاخۆشین دەناسرێت کە لە خۆی و پێنج یاری هاریکاری پێکدێت: باباتاهیر، بابابزورگ، بابا فەقێ، کاکەرەزا(٣)، فاتمە لوڕە یان مامە جەلالە، هەر ئەم بوو بیروباوەڕی یارسان-ئەهلی هەقی لە کوردستان بڵاوکردەوە نەخاسمە لە دەڤەری لوڕستان، بەمەش قۆناغی یەکەمی ئەم بیروباوەڕە لە لوڕستان سەرهەڵدەدات و بە کوردستان دا تەشەنەدەکات.

سەبارەت بە زیندەگیی شاخۆشین-باباخۆشین، ئاستەنگ لەوەدایە، ئەمیش وەك زۆربەی دۆنەکان لە کتێبەکانی (سەرئەنجام) و (شاهنامە حقیقت) و (سرودها دینی یارسان) و دەقەکانی دیدا، کەسێکی نامۆیە و ژیانی مژدار و ئاڵۆزە و ناکۆکیەکی فرە سەبارەت بە ناسنامەی بەدیدەکرێت و زیاتر وەك کەسایەتیەکی نائاسایی بگرە ئەفسانەیی وێناکراوە، ئەوەتا بە موعجیزە و بەبێ باوك لەدایکبووە و مامە جەلالەی دایکی کچە تاقانەی میرزا ئەمانەی سەرداری دەسترۆیشتووی کورد بووە لە لوڕستان یان کچی سەرداری هۆزی جاف بووە لە شێروانەی شارەزور(٤)، مامە جەلالە کیژۆڵەیەکی پاکیزەی نازدار بووە و دەمێك لە سپێدەیەکدا لە تیشکی هەتاو رادەمێنێت، گەردێك لە نوری خۆر دادەڕشێت و لە

---

(١) ژمارەیەك بابای دیی پیرۆز و پایەبڵندی ئەهلی هەق هەن، کەمتر ناسراون وچ زانیاریەکیان لەبارەوە نەهاتووە، وەك: بابا سەرهەنگی دەودانی و بابا جەلیل و بابا بزورگ و بابا رەجب...هتد.

(٢) نامە سرنجام یا کلام خزانە، ص ١٣٤.

(٣) مجموعە رسائل وأشعار أهل حق، ص١٥٠، لێرە بابا تاهیر بووە بە(مرد ترك).

(٤) جەلیلە ئێستا گوندێکە لە شارەزور، رەنگە پەیوەندیەکی بە مامە جەلالەوە هەبێت.

لای چەپیەوە دەچێتە ناو زگییەوە و ئاووس دەبێت، هەر شەش براکەشی گومانیان لەم زگپڕبوونە کوتوپڕ و لەناکاوەیی کردووە و بە نیازبوونە بیکوژن، بە هەرحاڵ شاخۆشینی بووە کە وەك پەلکەزێڕینە وا بووە و دوازدە موهری ئیمامەتی لە پایین بووە(١).

لە هەردوو کتێبی سەرئەنجام و(تذکرة أعلی) بە وردی باسی ژیان و سەرگوزشتەیی کراوە، لە کتێبی دووەمدا بە درێژی و بە گوێرەی دیتن و تێگەهیشتنی ئەهلی هەق، باسی چۆنیەتی دروستبوونی بوونەوەر کراوە و چۆن پاش دیارنەمانی عەلی لە مزگەوتی کوفە، خوداوەند بە شەست و شەش ساڵ(٢) بۆ جاری سێهەم لە وڵاتی فەیلی دەرکەوتۆتەوە لەناو شاخۆشین بەرجەستەبووە(٣).

لە بەیتەکانی شێخ ئەمیریش ستایشی کراوە و بە پایەبڵندیدا هەڵدراوە و بە خۆشینی خۆشناو و(صاحب سلسلە) وەصفکراوە:

پشت پردەگرد پشت پردەگرد   مورتەزا و ئەوزو پشت پردەگرد
صاحب تلسمات قصر لاجورد   گژر و پارگە شاخۆشین ئاوەرد
میردان کردشان میردان کردشان   بیا نەجامە خۆشین کردشان
....
پنای شاهنشای خۆشین خۆشنام   صاحب سلسلە نهصد سرأنجام
رەحلت ردابی رەحلت ردابی   خۆشین نە جامە رەحلت ردابی
پشت پردەگرد نەروی دنیای شی تا و دون سلطان یاری ئاگابی(٤).

---

(١) مجموعە رسائل وأشعار أهل حق– تذکرە أعلی(تهران: ١٩٦٠)، ص٢٧، سید قاسم أفضلی، دفتر رموز یارسان، ص١٢–١٤، پەیڕەوانی راستی، ل٨٤، ١٥٩، محەمەد عەلی سوڵتانی، بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ٣٦/١.

(٢) هەڵەی چاپە، لە دەقەکانی دیدا سێسەد و شەست و شەش ساڵە و رەنگە سێسەدو شەست و شەش رۆژ واتا ساڵێك بێت.

(٣) مجموعە رسائل وأشعار أهل حق، ص٢٣–٢٨.

(٤) چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، ل١٢٥.

شاخۆشین لە چ شوێنێك ئۆقرەی ناگرت و هەردەم لە گەشتوگوزاری بانگخوازی بوو تا گەهیشتە هەمەدان و چووە خانەی بابا تاهیری هەمەدانی کە بەسەر گردێکەوە بوو(١)، لەو دەمەدا نزیکەی نۆسەد یان زیاتر هەڤاڵی هەبووە، ئەمجا لەمیانەی گەڕان و سووڕانیدا سەردانی کاکە ئەحمەد و حەسەن گاوان و بابا بزورگ و بابا فەقێی لە تەنگەبەری ڕێژاو کردووە، پاشان چووەتەوە هەمەدان و سەری لە بابا تاهیر داوەتەوە(٢)، وەلێ وەك مینۆڕسکی دەڵێت پەیوەندیی باباخۆشین بە بابا تاهیرەوە لەسەر بنەمایەکی پتەو دانەڕێژراوە و جێگای باوەڕ نیە، راوەندی (م:٦٠٢ك/١٢٠٥ز) لە کتێبی (راحة الصدور) باسی چوونی توغرلبەگی سەلجوقی دەکات بۆ شاری هەمەدان و دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بابا تاهیر و دوو صۆفیی دی، مینۆڕسکی پێیوایە چوونی سوڵتانی سەلجوقی بۆ خزمەت بابا تاهیر، لای ئەهلی هەقەکان وا لێکدراوەتەوە کە ئەوە شاخۆشین بووە(٣).

لێکۆڵەرێك بێ ئەوەی سەرچاوەیەکی هێنابێتەوە یان خوێندنەوەیەکی واقعیی بۆ دەقەکان بکات، پتر لە بیست لاپەڕەی لە ناساندنی شاخۆشین دا رەشکردۆتەوە و چۆنی ویستووە و چۆنی مەبەست بووە، ئاوەها روداوەکانی لێکداوەتەوە(٤)، لە شوێنێکدا پێیوایە شاخوشین هەمان ئەو گەنجەیە کە ساڵی ٣٤١ك/٩٥٢ز لە بەغدا دەرکەوت و دەیگوت روحی عەلی هاتووەتە لاشەمەوە و ژنەکەشی دەیگوت روحی فاتمە هاتووەتە جەستەمەوە و یەکێکی دیش خۆی بە جبریل دادەنا(٥).

---

(١) آثار الحق، ٢/١٢٨–١٢٩.

(٢) ئەم کەسایەتیانە پێدەچن زادەی خەیاڵ بن و تەنها بابا تاهیر حەقیقەتێکی هەیە و لە سەدەی ٥ك/١١ز ژیاوە.

(٣) دائرة المعارف الاسلامية، أهل الحق، ٣/١٠٣، یاداشتها در مورد أهل حق، ترجمە سیاوش تیموری(تهران:١٣٨٦ش).

(٤) محەمەد عەلی سوڵتانی، بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی، ١/٣١ –٥٥.

(٥) بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی، ١/٣٥.و بڕوانە:جلال الدین السیوطي (ت٩١١هـ/١٥٠٦ز)، تأریخ الخلفاء، تحقیق:حمدي الدمرداش (القاهرة: ٢٠٠٤)، ص ٢٧٨.

بۆچوونێکی دیی باو هەیە، وای بۆدەچێت کە شاخۆشین هەمان خۆشینی(١) کوڕی مەسعودی کوردە کە خاوەند قەڵای کۆسجەد و هێزی چەکدار بوو و ساڵی ٤٠٥ك/١٠١٤ز لەگەڵ میر بەدری کوڕی حەسنۆی بەرزەکانی میری شارەزور و چییاکان ناکۆکی و شەڕ و ئاڵۆزی کەوتە نێوانیانەوە، دوای کوژرانی میر بەدریش، خۆشین مەردی و میهرەبانیی نواند و لاشەکەی بردە کوفەی مەکۆی شیعەگەری و بە خاکی سپارد(٢). دەکرێت ئەم گریمانەیە بە هەند وەربگیرێت، هەرچەند تاکە بەڵگەی هەڵچنینی، لێکچوونی ناویانە کە بەتەنها نابێتە بەڵگە و بەس نیە بۆ ئەوەی وا دابنرێن یەك کەسبن.

سیاوش دلفانی لە کتێبە ناوازە و نایابەکەیدا، ڕەنجێکی زۆری کێشاوە و لە ئامادەکردنیدا، پشتی بە دەیان سەرچاوە و دۆکیۆمێنت و دەستنووس بەستووە، بەتوندی ڕەتیدەکاتەوە کە شاخۆشین هەمان خۆشینی کوڕی مەسعود بێت، بەڵام ئەوەی جێگای داخە پرسەکەی ئاڵۆزتر کردووە و پێیوایە شاخۆشین هەمان محەمەدی کوڕی فەلاحی موشعشەعە (المُشعشع)، ئەوەی ساڵی ٨٤٠ك/١٤٣٦ز لە زەنگاوەکانی حەوێزە دەرکەوت و بانگەوازی مەهدێتی کرد و دەوڵەتی (المُشعشعین) لە خوارووی عێراق دامەزراند(٣).

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەی، چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە، لەوانە محەمەدی کوڕی فەلاح بەر لە سەرهەڵدانی لە حەوێزە، لە لوڕستان چالاکیی ئەنجامداوە و ساداتی ئاتەشبەگیی ئەهلی هەق، نەوەی ئەون و باباخۆشینیش بە باوانی خۆیان دەزانن، هەروەها ئەو دراوانەی کاتی خۆی مینۆرسکی لە کوردستان لەکن ئەهلی هەقەکان بینیویەتی و بە دراوی شاخۆشین یان زانیوە، هەمان ئەو

---

(١) خوشین–خُشین لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا بووە بە حُسین.

(٢) بڕوانە: مؤلف ناشناخته، مجمل التواريخ والقصص، چاپخانه خاور(تهران: ١٣١٨ش)، ص٤٠١، ابن الأثير، الكامل في التاريخ، دار المعرفة(بيروت: ٢٠٠٧)، ٣١٢/٧.

(٣) دەربارەی ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ: جاسم محمد شبر، تاريخ المُشعشعين وتراجم رجالهم، مطبعة الآداب(النجف الأشرف: ١٩٦٥).

دراوه بووه كه محەمەدی كوڕی فەلاحی موشەعشەع لێیداوە(١)، ئەمەو وێڕای بەڵگەی دی(٢)، لە دوو شوێنی دیكەی كتێبەكەیدا ئەم بۆچوونەی دووپاتدەكاتەوە و تەواو لێی دڵنیابووە(٣).

بەڵام ئەگەر بێت و لە دەقەكان وردبینەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە كە وێڕای ئەوەی لە زۆر شتدا ناكۆكن، بەڵام هاوكۆكیەكیان لەوە هەیە كە شاخۆشین یەكەم دۆنە و دەكەوێتە پێش دۆنی سوڵتان سەهاك و دۆنی باباناووسەوە و(ابن الخطیب)یش–سەدەی٧ك/١٣ز– لە كتێبی(فسطاط العدالة)دا، وەك باسكرا لە میللەتی خۆشینان دەدوێت، كەچی محەمەدی كوڕی فەلاح لە سەدەی٩ك/١٥ز ژیاوە و بزاڤەكەی ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەوەندە هەیە چۆنیەتی مردنی شاخۆشین نزیكە لە چۆنیەتی مردنی سولتان– مەولا عەلیی كوڕی محەمەدی فەلاح كە ساڵی ٨٦١ك/١٤٥٧ز لە دەمی مەلەكردندا لە ڕوباری كوردستان خنكا یان كوژرا و ئاوبردی یان گوایە تیرێكی وێڵ لە دەستی كەسێكی نەناسراوەوە هات و كوشتی و ئاوبردی(٤).

سەبارەت بە ساڵی لەدایكبوون و مردنی شاخۆشین بە جەستە، گوایە ٣٦٦ یان ٣٦٠ ساڵ پاش كوژرانی ئیمام عەلی بووە، واتا ٤٠٦ك/١٠١٥ز و لە تەمەنی شەست و یەك ساڵیدا–ساڵی٤٦٧ك/١٠٧٤ز– لە دەمێكدا لەگەڵ هەڤاڵانی خەریكی مەلەكردن بووە لە ڕووباری گاماسپ یان سیروان خنكاوە.

من وای بۆ دەچم كە ٣٦٦ ساڵ نەبێت، بەڵكو ٣٦٦ ڕۆژ بێت كە دەبێتە ساڵێك و دوور نیە مەبەست لە مردنی ئیمام عەلیش، مردنی چوارەم و دوا وەكیلی دوا ئیمامی شیعەی دوازدە ئیمامی (محمد المهدي) بێت كە ساڵی ٣٢٩ك/٩٤١ز مرد

---

(١) لە ڕاستیدا لە كوردستان دراو بە ناوی محەمەد نوربەخشەوە لێدرا نەك بە ناوی محەمەدی موشەعشەع.

(٢) پیدایش سلسله أهل حق، ص١٢٢–١٣٣.

(٣) پیدایش سلسله أهل حق، ص١٦٧–١٦٩، ٢٠٦.

(٤) نورالله الشوشتري، مجالس المؤمنين، ٣/٥٠٦–٥٠٧.

و لەو دەمەوە غەیبەی مەزن (الغیبة الکبری)دەست پێدەکات(١)، لە گێڕانەوەیەکی دیکەشدا هاتووە خوداوەند ساڵی ٣٣٠ک/٩٤٢ز سەر لەنوێ لەناو کەسایەتی شاخۆشین گیرساوەتەوە(٢).

من پێموایە شاخۆشین موبارەکشا هەمان (الإمام المبارك)محەمەدی کوڕی ئیسماعیلە و پێدەچێت موبارەکشا بەکوردیکردنی (الإمام المبارك)بێت، ئەوەتا هەردووکیان بەرجەستەکەری خوداوەند و بنیاتنەر و دامەزرێنەری ئایینی نوێن، (الإمام المبارك) شیعەی ئیسماعیلیی دامەزراند و شاخۆشین موبارەکشاش ئەهلی هەق و دوور نیە ئەم ساڵەی دوایش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دەستپێکردنی بە غەیبەی گەورەوە هەبێت، وەك روونە ساڵی٣٢٩ک/٩٤١ز چوارەم وەکیلی محەمەد مەهدیی ئیمام زەمانی شیعەی دوازدە ئیمامی مرد و قۆناغی غەیبەی بچووك تەواو بوو کە ساڵی ٢٦٥ک/٨٧٩ز یەوە دەستی پێکردبوو، لەمە بەدواوە غەیبەی مەزنە (الغیبة الکبری)، هەروەها سەرگوزشتەی شاخۆشین لە زۆر رووەوە هاوشێوەی محەمەدی کوڕی ئیسماعیلە، ئەویش هاتووەتە خۆزستان و لوڕستان وەك باسکرا نێردە و بانگخوازانی خۆی بە ناوچەکەدا پەخشکردووە، بە گوێرەی دەستنوسێکی کۆنی ئیسماعیلی محەمەدی کوڕی ئیسماعیل پێشەوا و دامەزرێنەری شیعەی ئیسماعیلیی موبارەکی بە نهێنی هاتووەتە هەرێمی چیاکان و ماوەیەك لە قەڵای نەهاوەند ماوەتەوە و دەرسی بە خەڵکی داوە(٣).

ئەویش چارەنوسی نادیارە و بەڕوونی نازانرێت چۆن مردووە لە کوێندەر نێژراوە، سەرچاوەکان لەم رووەوە ناکۆکن و هەریەکە بە شێوەیەك باسی دەکات، دوور نیە هەمان چارەنوسی هەبێت ئەوەی وا دەقەکان دەیگێڕنەوە گوایە لە رووباری گاماسب لە دەمی مەلەکردنا خنکاوە(٤).

---

(١) ئەمە بە گوێرەی تێگەهیشتنی شیعەی دوازدە ئیمامی و روونە ئەهلی هەق کەم یان زۆر لە گشت گروپ و دەستە شیعیەکان سوودیان وەرگرتووە.

(٢) چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، ل١٣٥.

(٣) عارف تامر، تأریخ الإسماعیلیة، الدعوة والعقیدة (لندن:١٩٩١)، ص١١٨.

(٤) لە گوندی ئەسپەڕێزی نزیك کۆسەی هەجیجی هەورامان و لە رۆخی روباری سیروان، گۆڕ و مەزاری سەیدزادەیەك هەیە وا باوە ئیسماعیلی کوڕی موسای کازمە کە بە (إسماعیل المحدث)دەناسرێت.

ئەوەی لە مێژوودا سەلمێندراوە وگومانێکی وای لەبارەوە نیە سەبارەت بە خۆشین–شاخۆشینی کوردەواری، تەنها ئەوەیە کە ماوەیەك پێش سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەهەمی زایینی رەنگدانەوە و شوێنەواری مەعنەوی هەبووە و نازانرێت ئەم ماوەیە چەند ساڵ یان چەند سەدەیە؟ وەڵێ ئەوە روونە کە خەڵکانێکی کورد لە سەدەی ناوبراو دا هەبوونە بە خۆشینان ناسراون و هۆگر و شوێنکەوتەی خۆشین بوونە(١).

هەروەها تا رۆژگاری ئەمڕۆش شوێنەواری مادیی خۆشین و هۆگرانی هەر ماوە، سەرەڕای گوندی باوەخۆشینی رۆژئاوای دەربەندیخان، چەند دێهاتی خۆشینان ناو هەن لە کوردستانی رۆژهەڵات کە هیچ بە دوور نازانرێت پەیوەندییان بە خۆشین و میللەتی خۆشیانەوە هەبێت و کۆنترینیان خۆشان–خوش نانی(٢) نزیك کەرەندی ئەهلی هەقنشینە کە بەلای کەمەوە لە سەردەمی مەغۆلیەوە ئاوەدان بووە(٣) و گوندی خۆشینانی دەڤەری خوڕخوڕەی نێوان سەقز و دیواندەرە و خۆشیانی سەروو–عولیا لە باکوری کرماشان و لە دامێنی ئەو زوگەی مەزاری وەیسی قەرەنیی لە ئامێز دەگرێت و خۆشینان ئەسفەندیار (باباخان)ی سەر بە بێجار.

٢– ناووس–باباناووس:

ناووسی (الناووسیة) باڵێکی دیکەی شیعیە و راستەوخۆ پاش مردنی جەعفەری صادق سەریهەڵدا و کەسە دڵسۆز و سەرسەختەکانی ئیمامی مردووی لەخۆدەگرت، کە بەلای هەواڵزانان و مەرجەعەکانی شیعەی جەعفەریەوە، کەسانی گومڕا و سەرلێشێواون و فەرموودەی ساختە و ئاخافتنی درۆ لە زاری ئیمام جەعفەری صادقەوە دەگێڕنەوە.

---

(١) فسطاط العدالة، ص٥٥٠.

(٢) ناوی ئەم گوندە لە فەرهەنگی جوغرافیایی کشور(آبادیها)ی حوسێنعەلی رەزم ئارا، ج(٥) بە خوش نان هاتووە.

(٣) مستوفی قزوینی، نزهة القلوب، ص١٦٤.

سەرکێش و هەڵسوڕێنەری ئەم باڵە، کابرایەکی بەصرایی بوو بە ناوی ناووس یان عەجلانی کوڕی ناووس و دەشڵێن خەڵکی گوندێك بووە بە ناوی ناووس، ئەمانە بیرۆکەی درێژەدان بە ئیمامەت و شوێنگرتنەوەی ئیمامی مردوویان رەتکردەوە و رایان وابوو کە جەعفەری صادق هەرگیز نەمردووە و نامرێت و بە زیندوویی و نەمری دەمێنێتەوە و هەر ئەو مەهدیی چاوەڕوانکراوە و محەمەد باقری باوکی وەك مەهدی دیاریکردووە(١)، دواتر دەستەیەکی سەبەئیش (السبأية) چوونە ریزیانەوە(٢).

ناووسیە، چ لە رووی خەباتی چەکداریەوە و چ لە رووی پێگەی جەماوەریەوە، گەشەیەکی ئەوتۆی نەکرد و بە سستی و خامۆشی مایەوە و بەرەبەرە پووکایەوە، ئەبو حاتەمی رازی(م: ٣٢٢ك/ ٩٣٥ز) دەڵێت:"ئەم دەستەیە دوای بڕایەوە و لەم رۆژگارەدا کەس نیە ئەم بۆچوونەی هەبێت"، هەرچۆنێك بێت هەڵسوڕاوانی لە شارەکانی بەصرا و کوفە و واست کەوتنە جموجۆڵ و درێژەیان بە بزاڤ و چالاکی دا، لە نموونەی (سعيد الإسكاف) و (عنبسة بن مصعب) و (أبان الأحمر البجلي)، وەلێ وا پێدەچێت بیرمەندانیان زیاتر بایەخیان بە تێکۆشانی هزری و رۆشنبیری دابێت و(أبوطالب الأنباري) ناووسیەکی تەواو چالاك و نوسەرێکی بەبڕشتیان بوو و دەگێڕنەوە(١٤٠)کتێبی داناوە، لەوانەش کتێبی (الإمامة)(٣).

لە ئەدەبیاتی ئەهلی هەقدا، ناووس–باباناووس لە ریزی پێشەوا هەرە مەزنەکانە و یەکێکە لە دۆن–جامەکان و تەجەلای دووەم یان سێهەمی خوداوەندە لە کوردستان و دەکەوێتە نێوان شاخۆشین و سوڵتان سەهاکەوە، نیشانەی دەرکەوتنیشی کەوتنەگەڕی تەنبورە خامۆش و کپبووەکانی یارانی شاخۆشین

---

(١) النوبختي، فرق الشيعة، ص٥٧، الأشعري، مقالات الإسلاميين، ص٢٥، البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٦٧، الشهرستاني، الملل والنحل، ص١٣٦.

(٢) الفرق بين الفرق، ص٦٧.

(٣) الطوسي، إختيار معرفة الرجال (رجال الكشي)، ص١٧٨، ٢٩٦، ٣٩٦، ابن شهراشوب، معالم العلماء، ص ٧٠.

بووه، ئەوەبوو دەمێك شاخۆشین ئاوادەبوو و لە چاوان ونددەبوو، یارانی لێیان پرسی ئەریٚ چۆن و لە کویٚ بتبینینەوە، ئەویش فەرمووی هەر دەمێك خڕبوونەوە و ئەم تەنبورە نراوەیە(١)کەوتەگەڕ، ئەوە بزانن منم، پاشان کە باباناووس دەردەکەوێت، ئەوا تەنبورە نەنراوەکان خۆبەخۆ سازدەبن و دەکەونەگەڕ(٢).

نور عەلی ئیلاهیی کوڕی نیعمەتوڵای جەیحونئابادی (١٨٩٥–١٩٧٤) لە کتێبی (آثار الحق)دا، کە بریتیە لە پەیڤ و بۆچوون و یاداشتەکانی، دەڵێت خەڵکە ساکار و ڕەشۆکیەکە دەڵێن: مەولا – ئیمام عەلی نور بووە و نوریش نابێت خواردن بخوات و ژن بخوازێت، وەلیٚ ئەگەر پرسیار بکرێت ئەی منداڵەکانی لە کوێوە هاتوون؟ ئەوا دەڵێین پێویستیەکانی جەستە و پێویستیەکانی نەفس و زات و گیان لە یەکدی جودا کراونەتەوە، جەستە کاری خۆی دەکات و زاتیش ئەرکی خۆی رادەپەڕێنێت، کاتێك دەڵێم یا عەلی ئەوە واتای ئەوە نیە من جەستەی ئەو دەبینم کە هەزار ساڵە گوزەریکردووە و نەماوە، بەڵام کاری ئێمە بە زاتی ئەوە و هەر جارێك و لە کاتی پێتڤی دا، لە قالبێکدا خۆی دەنوێنێت، عەلی ڕۆیشت شاخۆشین هات و ئەویش ڕۆیشت باباناووس هات، ئەویش ڕۆیشت سوڵتان سەهاك هات، ئەمە لە دۆخێکدا کە روخسار و جەستەیان یەك نەبووە، ئەگەر ئێمە جەستەمان گەرەك بێت، ئەوە دەتوانین هەزاران خودا پەیدا بکەین و لەم حاڵەتەدا ئەوا لە بتپەرستان بەدتر دەبین(٣).

ئەمە جگە لەوەی شیعرێکی زۆریش دراونەتە پاڵ باباناووس و دەورەکەی و لە دووتۆی دیوانێکی قەبەدا چاپکراون(٤)، هەرچەند بە زەقی دەردەکەوێت کە

---

(١) نانەوە: دانانی دەمێکی دیاریکراو بۆ شتێك، وەك سەعات نانەوە، مریشك نانەوە.

(٢) نور علی إلهی، آثار الحق، ٢/٥٠٩، محمد مُکری، موسیقی الأکراد المقدسة "أهل الحق" في إیران ، ص٣٥. لە کتێبی(تذکره أعلی) بە پێچەوانەی سەرئەنجام، بابا ناووس بوونی نیە و دوای نەمانی شاخۆشین یەکسەر جامەی سوڵتان سەهاك دەستپێدەکات، ئەمەش یەکێکی دییە لە ناکۆکیە زەقەکانی نێوان دەقەکانی ئەهلی هەق.

(٣) آثار الحق، ٢/٣٧٩.

(٤) دیوان حضرت بابا ناووس، ترجمە وشرح سید فضل الله دکەای، سازمان چاپ أحمدی (تهران: ١٣٩٤ش)، ٤٧١لاپەڕە.

تەواو نوێن و زادەی سەردەمێکی ئەوەندە دوور نین و هیچ سەرچاوەیەکی کۆن پشتڕاستی هەبوونیان ناکاتەوە، لەو کتێبانەی وا دەربارەی ئەهلی هەقیش دانراون، زانیارییەکی وایان تێدا نیە مۆرکی مێژوویان پێوە بەدی بکرێت و شایانی قەناعەت بێت و هەمووی گواستنەوە و دووبارەکردنەوەی ئاخافتنی گشتین، کە هەرگیز نابنە هاریکار بۆ ناسینەوەی راست ودروستی باباناووس(١). وێڕای ئەمە هێنانە ناوەوەی مۆزیك، نەخاسمە بەکارهێنانی ئامێری تەنبور تەواو پەیوەستە بەمەوە و یەکێك لە ئاوازە سەرەکیەکانیان و مەقامێکیش هەر بە باباناووس دەناسرێن(٢).

فلادمیر ئیڤانۆف لەمیانەی هەوڵدانی بۆ تۆخکردنەوەی هەژموون و کاریگەریی مەسیحیەتی ئەرمەنی بەسەر بیروباوەڕی ئەهلی هەقدا، ناسنامەی هەندێك کاراکتەری بنەڕەتیی ئەوانی شێواندووە و بۆ بنەچەی ئەرمەنی گەڕاندوونیەتەوە و بەمەش کەوتۆتە هەڵەیەکی زەقەوە، لەم چوارچێوەیەدا ناووسی بە باهوس خوێندۆتەوە و بەلای ئەوەوە هەر پاوڵ –بوهوز–بوگوزی ئەرمەنیە(٣).

لە پێشەکیی دیوانەکەیشیدا، ناوی ناووس بە لێکدراوی دوو وشەی: نا + ئاووس شیکراوەتەوە واتا ئەوەی لە دایکێکی نائاووس بووە(٤).

هەر بە گوێرەی دەقەکان، باباناووس ناوی سەید ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدە و بە بلە یان بلە شێت –کورتکراوەی ئیبراهیم– ناسراوە و گوایە خۆی لە شیعرێکدا ئەم راستییەی درکاندووە و لە سەدەی ٥ك/١١ز بە موعجیزە و بەبێ

---

(١) بڕوانە: سوڵتانی، بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگروس، ١/٥٦–٦٠، ئەیوب رۆستەم، یارسان، چاپی ئۆفیسی قانع (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل٩٧–١٠٠.

(٢) بڕوانە: محەمەد موکری، موسیقای پیرۆز لای کوردەکانی ئەهلی هەق، لە کتێبی چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، ل٨٤–٩٣، هەمان گوتار بە عەرەبی: موسیقى الأكراد المقدسة، مقلات مُكرى، جلد(٤): كُرديات إيرانى، ص٣٣–٥٤.

(٣) پەیڕەوانی راستی، ل ٢١.

(٤) دیوان حضرت بابا ناووس، ص١٩.

باوك و له دایكێك به ناوی (دایه خەزان)ی جاف لە گوندی سەرگەتی هەورامان هاتووەتە دنیاوه و هەر لەوێش مردووه و نێژراوه و تا ئێستاش گۆڕەکەی ماوە، لەگەڵ ئەوەی لەو دەمانه نه هۆزی جاف ناو و بوونی هەیه و نه خەڵکی سەرگەت و سەرجەم گوندەکانی هەورامانی ئەمدیویش پەیوەندیەکی وایان بە ئەهلی هەقەوه هەیه.

لە دەستنوسێكیشدا کە مەلا محەمەدی سەرگەتی ساڵی ١٢٩٠ك/١٨٧٣ز ڕێكیخستۆتەوه و نوسیویەتیەوه، بابا ناواز–بابا ناووس ناوی خواجە ئاصفە و لە سەدەی ٦ك/١٢ز ژیاوه و سەیدە و سوننەیە و ئیمامی مزگەوتی جبرئاباد–جەوراوەی تەنیشت سەرگەتە و ئامۆزای سەید(مصطفى العريضي) واتا پیر شالیاری هەورامانە(١).

کەچی بەگوێرەی سۆراخکردنی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، ئەم سەید ئیبراهیمە هەمان ئەو کەسەیە کە بە کابلە–کاکە بلە دەناسرا و نەوەی سەید عیسای بەرزنجی بووه(٢)، لە کاتێكدا سەید عیسا لە سەدەی٨ك/١٤ز ژیاوه، لێرە بە راشکاوی خۆیادەبێت کە چ ئاڵۆزی و ناکۆکیەك لە ئارادایە دەربارەی ژیاننامەی سەید ئیبراهیم-باباناووس.

پێموایە بابا ناووس لە بنچینەدا هیچ کەس لەمانە نیە، بەڵکو کابرای ناووس ناوی لەمەڕ ئیمام جەعفەری صادقە و پاش پەیدابوونی ناووسیە لە شارەزور، لە ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد(بلە)–یان یەکێكی دی–وێناکراوە و نازناوی بابای پێ بەخشراوە، کە هێمایە بۆ ڕێبەرایەتی و شکۆداری و بە باباناووس ناوودەنگی دەرکردووه، واتا بلە کۆپیکردن و کورداندنی ناووسە و ڕەنگیشە کەسایەتیەکی ڕەمزی بێت و دووەم هێما و بەرجەستەکەری خوداوەند بێت لە کوردستان.

ئەوەی لە ناووسیە بۆ ئێمە جێگای بایەخە و شایەنی هەڵوەستە و لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە کە ئەندامانیان دزەیان کردۆتە دەڤەرەکانی لوڕستان و

---

(١) محمود أحمد محمد، حلقة مفقودة من تأريخ شهرزور أو مذكرات علماء الدين البلباسيين، مجلة كاروان، العدد(٣٦)(أربيل:أيلول ١٩٨٥)، ص١٤٠–١٤١.

(٢) بنەماڵەی زانیاران، ل٢٨٠.

کرماشان و شوێنپێی خۆیان کردۆتەوە و خەڵکانێکیان پەیداکردووە و قەناعەتیان پێهێناون، هەرچەند زانیارییەکی وەها بەردەست نیە دەربارەی چۆنیەتی و دەمی ئەم دزەکردنە و ناسنامەی ئەو بانگخوازانەی ئەم کارەیان راپەڕاندووە و ئالیەتی بڵاوکرنەوەی ئایدیا و بەرنامەیان، ئایا لە رێگای بانگخوازێکی ناووسیەوە بووە؟، یان لەبەر ئەوە بووە کە ناووسیەکان لە ترسی فشاری دەسەڵاتی ناوەندی کشاونەتەوە ناوچە دژوار و دوورەدەستەکان و درێژەیان بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان داوە؟، دیارە کێوەکانی کوردستانیش باشترین شوێن بوونە کە هەموو مەرج و پێداویستیەکانی نەشونماکردنی ئەم چەشنە ئایینەی تێدا فەراهەم بووە.

زین العابدینی ئەردەڵانی هیچ گومانی نەهێشتووەتەوە لەوەی کە گروپێکی ئەهلی هەق لە پاشماوەی شیعە ناووسیەکانن و لە نامیلکەی(الیمانیات المسلولة على الرافضة المخذولة) کە تەرخانی کردووە بۆ رەتکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی هەموو حیزب و مەزهەبە شیعیەکان، کە دێتە سەر باسی ناووسیە، دەڵێت ئەمانە پاشماوەیان ماوە لە نزیك وڵاتی گۆرانمان "الناؤوسية الذين لهم بقايا سفاسف بقرب بلادنا الكورانية"(١).

ئەم گروپە نهێنیە هەر بەوەندەوە نەوەستاون، بەڵکو کرۆکی ئاخافتنی ناووسیەکانیان وەرگرتووە و بەرگێکی کوردەوارییان بەبەردا کردووە و لەگەڵ کەشوهەوا و کات و شوێنی خۆیان گونجاندوویانە و داویانەتە پاڵ باباناووس، ناووسیەکان دەیانگوت کە گوایە جەعفەری صادق لە سەرەمەرگدا فەرموویەتی: "ئەگەر کەلەسەری منتان دیت لە چیاکەوە خلۆر دەبێتەوە، ئەوا بڕوا مەکەن سەری من بێت، ئەگەر هەر کەسێك پێی گووتن کە منی شوشتووە و کفن ودفنی کردووم، ئەوە بڕوای پێ مەکەن درۆ دەکات، ئەوە منم خاوەندی شیر"(٢).

---

(١) رسائل في الرد على الرافضة، ص٤١.

(٢) النوبختي، فرق الشيعة، ص٥٧، الأشعري، مقالات الإسلاميين، ص٢٥، البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٦٧، الشهرستاني، الملل والنحل، ص١٣٦.

شاخۆشینیش(١) که زانی هەندەی نەماوە دیارنەمێنێت، بە یارانی فەرموو کە دوای خۆی، هەر دەمێك گوێبیستی دەنگی تەنبور بوون، ئەوە بزانن نیشانەی دەرکەوتنەوەی خوداوەندە لە روخساری باباناووس دا و بەدووی بکەون و بڕوای پێبهێنن، ئەوانیش هەر چاوەڕێ بوون تا گوێیان لە دەنگی تەنبور بوو لە گوندی سەرگەتەوە دێت، دیارە کرۆکی ئەم بیرۆکەیە تا رادەیەك هەمان ئەوەی ناووسییەکانە دەرهەق جەعفەری صادق(٢)، واتا لێرە ژیانەوە و هەڵسانەوەی جەعفەری صادق پەیوەستکراوە بە سەرهەڵدانی باباناووسەوە و نیشانەی دەرکەوتنیشی بە ئامێری تەنبور لێکدراوەتەوە.

وەك روونە و پێشتریش ئاماژەی پێدرا، ناووسیی لە ناوەڕاستی سەدەی ٢ك/٨ز سەریان هەڵدا و لە ناوەڕاستی سەدەی ١١ك/١٧ز لە کرماشان و باکوری لوڕستان هەبوون، پرسیار لێرە ئەوەیە ئەرێ دەبێت کەنگی پرۆسەی کورداندنی ناووس خەملێبێت و بۆ لە ماوەی ئەم هەشت نۆ سەدەیە چ پێزانینێك لەمڕوەوە نەهاتووە، دیارە لەمبارەیەوە ناکرێت هیچ بگوترێت و تەنها ئەوەندە لەدەستدێت کە بە مەزندە سەدەی ٦ك/١٢ز دابنرێت و تروسکاییەك هەیە برۆکەیەك ئەم پرسە روونده‌کاتەوە، لە روداوێکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاهی سەدەی٧ك/١٣ز هاتووە کە کابرایەك لە سەربانێك تەنبوری لێداوە، داروودەستەی موسای بەرزنجی دەیانەوێت تەنبورکەی لێ بستێنن و بیشکێنن و سەید موساش دەفەرموێت لێی گەڕێن خودا هیدایەتی بدات، کابراش هەر زوو بە خۆی دەیشکێنێت و دەبێتە موریدێکی دڵسۆزی سەید موسا(٣)، لەو باوەڕەدام کابراو و تەنبورەکەی پەیوەندیەکی بە تەنبوری یارانی باباناووسەوە هەیە.

---

(١) شاخۆشین لێرە رۆڵی جەعفەری صادق دەگێڕت.

(٢) محەمەدی کوڕی ئیسماعیل (الامام المبارك–موبارەکشاه)نەوەی جەعفەری صادقە، کەچی لای ئەهلی هەق دەکەوێتە پێشیەوە و دەبێتە جامەی یەکەم.

(٣) الفصول فی مناقب عبدالرسول، ص٣٧٤.

٣– سوڵتان سەهاك:

وەك روونە سوڵتان سەهاك بە دامەزرێنەر و بناغەداڕێژی بنەڕەتیی ئایینی ئەهلی هەق دادەنرێت و لەکن تێکڕای یاران، بە کەسی یەکەم و ستوونی سەرەکی دەژمێردرێت و لای هەموو دەستە و بنەماڵەکان شکۆدار و پایەبەرز و دانپێنراوە، کەچی ئەوەی مایەی رامان و هەڵوەستەیە، نە لە یاداشتی رۆژئاوییەکان و نە لە سەرچاوە ناوخۆییەکانی وەك نوسینەکانی زین العابدینی ئەدەلانی و محەمەدی کوڕی بابا رەسوڵی بەرزنجی و نە لە شیعرەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی کە ناوی سێ چوار رەمزی پیرۆزی کاکەیی هێناوە، باسوخواسی لە ئارادا نیە، تەنانەت هەر یەك لە جۆزێف گۆبینو کە یەکەم ئەوڕوپیە لە سالآنی (١٨٥٥-١٨٥٨) راستەوخۆ لە کرماشان تێکەڵی خەڵکانی ئەهلی هەق بووە و زیاد لە جارێك لە شاەخۆشین و پیر بنیامین و پیر رزقبار-رەزبار و پیرداود و پیرموسی دەدوێت(١) و هینری راولنسۆن (١٨١٠–١٨٩٥) کە دەڵێت بابا یادگار و عیسا و عەلی و سەلمانی فارسی و حوسێن و بابا بزورگ ...هتد، لەو ئەولیا پایەبەرزانەن کە بەلای جەماوەری ئەهلی هەقەوە زات و گیانی خوداوەندیان تێدا گیرساوەتەوە(٢)، کەچی کەسیان ناوی سوڵتان سەهاك ناهێنن.

جگە لەمەش، ئیسحاق لە کوردیدا سووك دەکرێتەوە بۆ ئیساك نەك سەهاك–سوهاك، سوهاك نزیکترە لەوەی سووککراوەی زوحاك (ضُحاك)بێت، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی هەقی بووە بڵێت مەبەست لە سوڵتان سوهاك هەمان زوحاك(ضُحاك)ی دوا شاهی میدییەکانە(٣)، لەوانەشە سوهاك تەنها شێوەیەکی ئەرمەنییانەی ناوە ئیسلامییەکەی ئیسحاق–ئیساك بێت(٤)، ئەم بابەتەش کێشەیەکی دیە و پێویستی بە توێژینەوە و دووڤچوون هەیە.

---

(١) سە سال در آسیا، ص٢٥٦.

(٢) یادەشتەکانی (لە زەهابەوە بۆ خوزستان)، محەمەد ئەمین زەکی بەشێکی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی و خستوویەتیە سەر وەرگێڕاوی عەرەبیی کتێبەکەی، محمد أمین زكي، خلاصة تأريخ الكُرد وكُردستان (القاهرة:١٩٣٩)، ص٣٠٧–٣١٠.

(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی (بەغدا:١٩٨٤)، ل٣٢.

(٤) پەیرەوانی راستی، ل٢١.

بەوپێیەی زۆربەی ڕێبەران و مەزنانی ئەهلی هەق بەبێ باوك یان بەبێ باوك و دایك پەیدابوونە، سولڵتان سەهاکیش هەرچەند بە ڕواڵەت بە کوڕی عیسای بەرزنجیی بەساڵاچوو دانراوە و گوایە لە تەمەنی دووسەدساڵیدا(؟) ئەم کوڕەی بووە، بەڵام ئەویش هەر بەم ڕێسایە هاتووەتە دنیاوە و لە شێوەی مەلێکی سپی بە دامێنی دایە ڕەزبار(١)–خاتوون دایراکەوە نیشتۆتەوە(٢)، ئەم تەرزە لەدایکبوونە بەلای نور عەلی ئیلاهیەوە، هاوشێوەی تەمەنی نەبڕاوەی خدری زیندە و ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سولەیمانە و بە دیتنی بنیادەمی خاکی ناسروشتیە، کەچی بە نەزەری ئەو زۆر ئاساییە و گوایە لەوەش زۆر نائاساییتری دیتووە(٣).

گشت بەڵگەکان وەك مینۆڕسکی دەڵێت ئەوە دەسەلمێنن کە سوڵتان سەهاك-ئیسحاق کەسایەتیەکی راستەقینەیە و هەقیقەتێکی هەیە(٤)، گومان لەوەش نەکراوە و بەڵکو وەك راستییێك چەسپیوە کە ئەو گۆڕ و گڵکۆیەی وا لە گوندی پەڕدیوەر - شێخانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، پەڕدیوەریش دەکەوێتە سەر زێی سیروان و سەربە شەهرستانی پاوەی هەورامانە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ناسنامە و سەرگوزشتەیی هەتا بڵێی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و لەدایکبوونی بە ئەفسانە و خەون و موعجیزە تەنراوە و بە دروستی نازاندرێت لە چ سەردەمێك ژیاوە و کەنگی لەدایکبووە و کەنگی مردووە، ئەو سێ چوار کەسەی وا بوونە ڕێخۆشکەری لەدایکبوونی و ئەو حەفتا و دوو پیرەشی وا باوە لە دەوروبەر و خزمەتی بوونە، زۆربەیان ناناسرێنەوە و شوێنەوارێکی مادیی وەهایان لە دوا بەجێنەماوە و تەنها بەناو هەن و لەوەوە نزیکن کە داهێنراوی خەیاڵ بن و وەك ڕەمزێك بەگەڕ خرابن.

---

(١) گڵکۆی ئەمیش لە گوندی پەڕدیوەرە لە پشت گۆڕ و گڵکۆکەی سوڵتان ئیسحاقەوە.

(٢) دەربارەی تەواوی ئەم بەسەرهاتە بگەڕێوە بۆ: مجموعه رسائل وأشعار أهل حق، ص٤٥–٧٦، سيد قاسم أفضلی، دفتر رموز يارسان، ص١٥–٢٢.

(٣) آثار الحق، ٢/٩١.

(٤) دائرة المعارف الاسلامية، مادة سلطان إسحاق، ١٢/٩١.

سەرانی ئەهلی هەق، دەبوو تەواو شارەزای هەواڵ و ناسنامەی شێخی پێشەوایان بن و ئاشنای وردەکاریی ژیان و مەناقیبی بن، کەچی لە دەقە بنەڕەتییەکانی: (سەرەنجام - کەلام خەزانە) و شاهنامەی حەقیقەت(حق الحقائق) و (دفتر رموز یارسان) و (سرودهای دینی یارسان) و (تذکره أعلی)...هتد، شپرزەیی و ناڕێکیەکی بێڕادە بەدیدەکرێت و هەریەکە دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمێك و ساڵێکی داناوە بۆ مێژووی لەدایکبوون یان مردنی، تا ئەو رادەیەی جیاوازی لە نێوان هەندێکیاندا دەگاتە سێسەد تا چوارسەد ساڵ، لەو ساڵانەی بۆ مێژووی لەدایکبوونی دانراون:

–٥٢٨ك/١١٣٣ز.

–٥٨٠ك/١١٨٤ز.

–٦٠٥ك/١٢٠٨ز.

–٦١٢ك/١٢١٥ز.

–٦٤٧ك/١٢٤٩ز.

–٦٥٠ك/١٢٥٢ز.

–٦٧١ك/١٢٧٢ز.

–٦٧٥ك/١٢٧٦–١٢٧٧ز.

–٧٠٠ك/١٣٠٠ز.

–٧١٦ك/ ١٣١٦ز، هەروەها هاتووە:

– لە نێوان ساڵانی(٤٤٥–٥٨٨ك/١٠٥٣–١١٩٢ز) ژیاوە، واتا نزیکەی سەدە و نیوێك ژیاوە.

– بەپێی کتێبی سەرئەنجام لە نێوان ساڵانی (٦٧٥–٧٩٨ك/١٢٧٦–١٣٩٦ز) ژیاوە، واتا سەدو بیست ساڵ ژیاوە.

– بەپێی شاهنامەی حەقیقەت (حق الحقائق) لە نێوان ساڵانی(٦١٢–٩١٢ك/١٢١٥–١٥٠٦ز) ژیاوە، واتا بە درێژایی نزیکەی سێ سەدە ژیاوە!.

- هاوەدەمی حوکمڕانیی تەیموری لەنگ بووە(٧٧١–٨٠٧ك/١٣٧٠–١٤٠٥ز) بووە.
- هاوەدەمی سولّتان سەلیمی عوسمانی(١٥١٢–١٥٢٠ز) بووە(١).
- هاوەدەمی شێخ زاهیدی کوردی گەیلانی (م: ٧٠٠ك/١٣٠٠ز) و شێخ صەفیەدینی ئەڕدبیلی (م: ٧٣٥ك/١٣٣٤ز) بووە(٢).

ئەم ناکۆکی و شپرزەییە زەقانە و ئەم فرە بۆچوون و سالّانەی لەبارەی زیندەگی و چۆنیەتی بوون و مردنی سولّتانەکەی ئەهلی هەقەوە لە ئارادان، سەرباری ئەو موعجیزە و ئەفسانەیەی وا تێکهەلّکێشی لەدایکبوون و کەسایەتیی کراوە، ئەو قەناعەتە زیاتر دەچەسپێنن کە رەنگە لە واقیعدا بوونێکی مادی و راستەقینەی نەبێت و تەنها وەك هێما و بۆ پڕکردنەوەی قۆناغێکی بەرجەستەبوونی خوداوەند وێناکرابێت و ئەو سولّتان ئیسحاقەی ئارامگاکەی لە گوندی شێخانی هەورامانە کەسێکی دی بێت و پەیوەندیی بەمانەوە نەبێت وەك دواتر ئەمە روودەکەینەوە، یان ئەگەر سولّتانەکەیان حەقیقەتێکی هەبێت، ئەوا هیچ گومان لەوە نامێنێتەوە کە ئەم دەقانە لە سەردەمی ئەودا و بگرە زۆر لە دواتریش یاداشت نەکراون و ئەو راستییە ئاشکرا دەکەن کە تا درەنگانێك پرۆسەی تۆمارکردن و نوسینەوە لەکن یاران نەبووە بە نەریت، دەنا رێی تێناچێت رێبەرێکی پایەبەرز و سەرگەورەی بیروباوڕێکی ئایینی ئەوەندە ژیانی لێلّ و تەمومژاوی بێت.

---

(١) مشاهیر أهل حق، ص٥٤–٥٥، سیاوش دلفانی، پیدایش سلسله أهل حق، ص٢٥–٢٧، هەروەها بڕوانە: ئەیوب رۆستەم، یارسان، ل ١٠٥–١٠٧، هاشم کاکەیی، ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی شارەزور"سولّتان ئیسحاقی بەرزنجی"، گۆڤاری کاروان، بەشی یەکەم، ژ(٦١)، (کانوونی یەکەم:١٩٨٧)، ل١٠٢–١٠٣.

(٢) مجموعه رسائل وأشعار أهل حق، ص٧١–٧٥. لە گێڕانەوەی بەسەرهات و مەناقبی شێخ صەفیەدیندا باسی سولّتان سەهاك نەهاتووە، بڕوانە: أبن بزاز أردبیلی(٧٥٩هـ/١٣٥٨م)، صفوة الصفا، إنتشارات زریاب (تهران: ١٣٧٦ش).

سیاوش دلفانی بە پشتبەستن بە دەیان شەجەرە و دۆکیۆمێنت، ڕەنجێکی زۆری کێشاوە و دووڤچوونێکی قوولی کردووە تا سەرەداوێکی چنگ بکەوێت و سەردەمی زیندەگیی سولّتان سەهاکی بۆ ساغ ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە تۆژینەوەی لەسەر شەجەرەی چواردە بنەماڵە ئەنجامداوە کە هەندێکیان هەر هی نەوەکانی خودی سولّتانن و ژمارەیەکی دیان شەجەرەی نەوەکانی سەید عەبدولکەریمی بەرزنجەن کەوا باوە برای سولّتان و بابا گەورەی ساداتی بەرزنجەیە، وێڕای شەجەرەی چەند بنەماڵەیەك کە دەگەڕێنەوە بۆ کەسانێکی هاودەمی سولّتان سەهاك و بۆ هەر وەچەیەك سی و سێ ساڵ و چوار مانگی داناوە واتا بۆ هەر سێ وەچەیەك سەدەیەکی داناوە، بەم حیسابە گەهیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە سولّتان لە دەوروبەری ئەم ساڵانە لەدایکبووە:

- ٧٥٠ك/١٣٤٩ز، ٧٢٩ك/١٣٢٩ز، ٦٨٦ك/١٢٨٧ز، ٦٨٤ك/١٢٨٥ز، ٥٨٤ك/١١٨٨ز، ٩٧٤ك/١٥٦٦ز، ٧٩٣ك/١٣٩١ز، ٦٧٩ك/١٢٨٠ز، ٨٤٨ك/١٤٤٤ز، ئەم ساڵەی دوایی مێژووی لەدایکبوونی میر خەسرەوی گۆرانە کە گوایە هاودەمی سولّتان سەهاك بووە.
- ٨٧٢ك/١٤٦٨ز ساڵی لەدایکبوونی کەسێکی دیکەی هاودەمی سولّتان.
- ٨٢٩ك/١٤٢٦ز ساڵی لەدایکبوونی شا ڕۆستەم، سەردەستەی حەفتاو دوو پیرەکەی دەوری سولّتان.
- سالّانی: ٧٣١ك/١٣٣١ز، ٧٤٠ك/١٣٣٩ز، ٧٥١ك/١٣٥٠ز، ٧٥٨ك/١٣٥٧ز، ٧٩٨ك/١٣٩٦ز، کە بە مەزندە و بەپێی شەجەرەی بنەماڵەکان، مێژووی لەدایکبوونی سەید عەبدولکەریمی برای سولّتانە.

دوای کۆکردنەوە و دابەشکردنی ئەم ساڵ و سەردەمانە، گەهیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە سولّتان سەهاك ساڵی ٧٥٣ك/١٣٥٢ز لەدایکبووە(1)، بەلّام خۆی بەمەبەست دوایخستووە بۆ ساڵی ٧٧١ك/١٣٧٠ز تا لەگەڵ ژیان و سەردەمی بابا عەلی هەمەدانی (م:٧٨٦ك/١٣٨٤ز) و محەمەد نوربەخش (م:٨٦٩ك/١٤٦٥ز)

---

(١) پیدایش سلسله أهل حق، ص٢٨-٣٧.

بیگونجێنێت و دەڵێت عیسای بەرزنجی ساڵی ٧٤٥ك/١٣٤٤ز لەدایکبووە و لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا ژنی هێناوە و سوڵتان سەهاکی بووە(١).

بۆ ساخکردنەوەی ئەم پرسە و ناسینەوەی سوڵتان ئیسحاقی هەورامان، راستتر و چاکتر وایە لە زانراوەکانەوە بچین بۆ نەزانراوەکان، بە ئاخافتنێکی دی کەسانی ناسراو و پەیوەندار بکەینە کلیلی دیاریکردنی رۆژگاری سوڵتان، ئەوانیش موسا و عیسای بەرزنجین کە وا هاتووە مام و باوکی سوڵتانن.

زانیاریمان دەربارەی ئەم دوو برایە بایی ئەوەندە هەیە بڵێین کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ٧ك/١٣ز و نیوەی یەکەمی سەدەی ٨ك/١٤ز ژیاون و ئەو کاتەی گەهیشتوونەتە شارەزور و لە بەرزنجە گیرساونەتەوە، گەنج و سەڵت بوونە، محەمەدی کوڕی بابارەسوڵی بەرزنجی هەرچەند دەقێکی نووسراوی لەبارەی باوانیەوە چنگ نەکەوتووە، پێیوایە هاتن و گیرسانەوەیان لە کۆتاهی سەردەمی عەباسی-ناوەڕاستی سەدەی ٧ك/١٣ز–بووە(٢)، هەواڵە زارەکییەکان ئەم مێژووە دوا دەخەن بۆ ساڵی٦٨٦ك/١٢٨٧ز.

بێگومان موسای بەرزنجی هەمان ئەو موسایەیە کە لە کوێستانەکانی کوردستانەوە دەرکەوت و بانگەوازی مەهدێتی کرد و لە دژی داگیرکەرانی مەغۆل راپەڕی و سەرئەنجام ساڵی٧٠٧ك/١٣٠٧ز لە نزیك ئاغجەلەر کوژرا(٣). عیسای برایشی وا هاتووە ساڵی ٧٥٤ك/١٣٥٣ز مردووە و رەنگە ئەم ساڵەش راست بێت و لەگەڵ ساڵی کوژرانی موسای برای یەکدەگرێتەوە.

هەروەها محی الدین عەلیی کوڕی عیسای هاوارییی ناودار بە سەید صادق، پیاوچاك و بانگخوازێکی ئایینیی شارەزورە و هەواڵە زارەکیەکان دەیکەنە کوڕی عیسای بەرزنجی، وەلێ ئەم زووتر ژیاوە و ساڵی٦٦٧ك/١٢٦٨ز بە نیازی رێبەدێهی لەشکرییانی مەغۆل و ئاشناکردنیان بە ئیسلام، روویکردۆتە مەراغە و ساڵی ٦٧٩ك/١٢٨٠ز یان ساڵی٧٠٩ك/١٣٠٩ز مردووە(٤).

---

(١) پیدایش سلسله أهل حق، ص٤١٠.

(٢) الفصول في مناقب عبدالرسول، ص٣٧٥.

(٣) القاشاني، تاريخ أولجاتيو، ص٧٦–٧٧.

(٤) إبن الفوطي، مجمع الآداب في معجم الالقاب، ٧٨/٥.

شتێکمان لەبارەی پیر میکائیلی دەودانیەوەش چنگکەوتووە، کە نیشتەجێی گوندی دەودانی نێوان جوانڕۆ و پاوە بووە و هەر لەوێش مردووە و دەزانین ساڵی ٧١٠ك/١٣١٠ز سەردانی بەغدای کردووە(١)، وا باوە پیر میکائیل سەرەتا نەیار و بەرهەڵستی سوڵتان ئیسحاق بووە و نەیهێشتووە بهێتە ناوچەکە و بارەگا دابنێت و لە ڕۆخی سیروان دا بەرانبەریان لەیەکدی گرتووە و گفتوگۆی زبر و دەمەقاڵە لە نێوانیان ڕوویداوە(٢).

هەروەها لە کتێبی (رساله فلکیه در علم سیاقت) کە تایبەتە بە سیستەمی دارایی و پرسی باج و داهاتی دەوڵەتی جەلائیری و لە خستنەڕووی نەفەقات وخەرجیەکانی ساڵی ٧٤٧ك/١٣٤٦–١٣٤٧ز دا، باسی خەرجی و مەصروفاتی (علوفات)ی چوار کەسایەتیی تایبەت(چهرگان خاص)کراوە:(ئیسحاق، عەبدی-عەدی(؟)، یونس، إدریس) و مزەی علوفاتی تەرخانکراو بۆ ئیسحاق هەزار درهەم بووە(٣)، دوور نیە ئەم ئیسحاقە هەمان ئەوەی هەورامان بێت.

جێگای داخە، هەواڵە زارەکیەکان پتر سەردەم و سەرگوزشتەی موسا و عیسای بەرزنجی یان شێواندووە و دەیانکەنە برای محەمەد نوربەخش، سیاوش دولفانیش خۆی رادەستی ئەم هەواڵانە کردووە و لەژێر ڕۆشناییان کەوتۆتە سۆراخ و چەند ڕێگایەکی گرتۆتەبەر تا لەگەڵ زانیاریی نێو سەرچاوەکانا بیانگونجێنێت و بۆ پینەکردنی ئەم ناڕێکی و ناکۆکیە، دەستکاریی سەردەمی عیسای بەرزنجیی کردووەو دوایخستووە و پێیوایە ساڵی ٧٥٤ك/١٣٥٣ز نەمردووە و ئەو ساڵەی بە ٧٤٥ك خوێندووەتەوە و کردوویەتی بە ساڵی لەدایکبوونی نەك مردنی و سەردەمی بە نێوان ساڵانی (٧٤٥–٨٢٩ك/١٣٤٤–١٤٢٦ز)ی داناوە، تەنها بۆ ئەوەی بیکاتە کوڕی باباعەلی هەمەدانی و برای محەمەد نوربەخش، گوایە دوای

---

(١) مجمع الآداب، ٢/٥٢٣–٥٢٤، ٣/٤٤٨.

(٢) مجموعه رسائل وأشعار أهل حق، ص١٢٦–١٢٨، محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، ل٢٠٦–٢١٢.

(٣) المازندراني، رسالة فلكيه در علم سياقت (فيسبادن:١٩٥٢)، ص١٩٦.

کوژرانی ئیسحاقی خەتەلانی لە ساڵی ٨٢٦ك/١٤٢٣ز، بووەتە موریدی محەمەد نوربەخش، بۆیە بە عیسای نوربەخشیش ناوی هاتووە(١).

محەمەد عەلی سوڵتانییش بۆ دەربازبوون لەم نەگونجاویە، پێیوایە ئەو باباعەلیەی کە دەبێتە باوکی موسا و عیسای بەرزنجی، باباعەلیی هەمەدانی نیە و یەکێکی دیی هاوناوە و گوایە لە نەزانیەوە کراون بە یەك کەس(٢).

بابا عەلی هەمەدانی یان میر سەید عەلی هەمەدانی(م: ٧٨٦ك/١٣٨٤ز)، لە خانەوادەیەکی سادات و دەستڕۆیشتووی هەمەدانە و بە میری مەزن(أمیر کبیر) و(شاهی هەمەدان) و(عەلیی دووەم) دەناسرا، هەرچەند دەمێك زارووك بووە بە یاوەریی دایك و بابی هاتووەتە کوردستان، بەڵام باوەڕ ناکرێت هیچ پەیوەندییەکی بانگخوازیی بە هەورامان و شارەزور و بەرزنجەوە هەبێت، ئەو پتر سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئیسلام و تەریقەتە صۆفیگەریەکەی خۆی-هەمەدانی- بوو لە وڵاتی کشمیر و نیمچە کیشوەری هیند و تورکستان و ساخ نەبۆتەوە شیعە بووە یان سوننە و نزیکەی چل کتێب و نامیلکەی بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی داناوە و گرنگترینیان کتێبی(ذخیرة الملوك)ە(٣).

پاش مردنی بابا عەلی، خەلیفەکەی خواجە ئیسحاقی خەتەلانی کەوتە چالاکی و بەردەوامبوو لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی تەریقەتی هەمەدانی و ساڵی ٨٢٦ك /١٤٢٣ز شۆڕشێکی دژی دەسەڵاتی تەیموری ڕاگەیاند و محەمەدی کوڕی عەبدوڵای قەتیفی ناودار بە نوربەخش (٧٩٥-٨٦٩ك/١٣٩٣-١٤٦٥ز)ی بە مەهدی ڕاگەیاند، بەڵام هەر زوو شۆڕشەکەی خامۆشکرا و بەخۆی کوژرا و نوربەخشیش خرایە زیندانەوە.

---

(١) بڕوانە: پیدایش سلسله أهل حق، ص٤٧١-٥٣٧.

(٢) بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ٦٨/١.

(٣) پرویز ازکایی، سرگوزشت و نامایی میر سید علی همدانی، فرهنگی ایران زمین، شماره(٢٨)، زمستان سال ١٣٦٨،ص ٩-٦٩، رسالة الهدی، من مهدی هستیم، ترجمه به فارسی، بکوشش رسول جعفریان، پیام بهارستان، سال(٥)، شماره(١٧)، پایز ١٣٩:ش، ص٦٩٧-٧١٦.

محەمەد نوربەخش دوای بەربوونی لە زیندان، کەوتە گەڕان و سووڕانەوە و روویکردە کوردستان و ساڵی٨٢٧ك/١٤٢٣ز هاتووەتە هەولێر(١)، ئەمجا روویکردە "کوردستانی فەیلی و بەختیاری"، خەڵکەکەیش چوون بەپیرییەوەی و بەگەرمی پێشوازییان لێکرد و بەیعەتیان پێدا، میران و گەورە پیاوانی کوردی ناوچەکەش، ملکەچی و گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ راگەیاند و دراویان بە ناویەوە لێدا، پاش ماوەیەك مانەوە چوو بۆ هەرێمی گەیلان و ئەمجا گەڕایەوە کوردستان، دواتر لە ژێر گوشار و هەڕەشەی شاهرخی کوڕی تەیموری لەنگ ناچار کوردستانی جێهێشت(٢).

هەواڵە زارەکیەکان کە دەماودەم هاتوون وەك گوتمان، موسا و عیسای بەرزنجی یان بە برای محەمەد نوربەخش داناوە و هەرسێکیشیان کردوون بە کوڕی سەید عەلیی هەمەدانی(٣)، بێگومان ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و عیسا و موسا هیچ خزمایەتیەك و نزیکایەتیەکیان بەو دوو کەسایەتیە ناودارەوە نیە و لەنێو دەستەی هەڤاڵان و یاوەرانی باباعەلی، ناو و دەنگوباسی عیسا و موسای بەرزنجی نەهاتووە و تەنیا یەك کوڕی هەبووە بە ناوی سەید محەمەد(م: ٨٥٤ك/١٤٥١ز) کە نەهاتۆتە کوردستان. محەمەد نوربەخشیش لە نامیلکە و کتێبەکانی دا ناوی چەندین ئەولیا و پیاوچاکی هێناوە کە ژمارەیەکیان کوردن و ئیسحاق و عیسا و موسا ناویان تێدا بەرچاو ناکەوێت، وەك ئەبوبەکری لوڕستانی، یوسفی گۆرانی(م:٧٦٨ك/١٣٦٦ز)، جوبرائیلی کورد(٤)، مەولانا حەسەنی کورد(٥)،

---

(١) سید محمود انواری، میر سید علی همدانی و تحلیلی آثاری أو، دانشکده علوم و أدبیات إنسانی، شماره(٢٣) (تبریز:بایز١٣٥٦ش)، ص٢٩٧–٣٦٣.

(٢) نورالله الشوشتري، مجالس المؤمنين، ٣/٦٥.

(٣) الشيخ معروف النودهي، الأعمال الكاملة، ٣/ ٣٢٨، محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ص٦٩–٧٢، عبدالکریمی مدرس، بنەماڵەی زانیاران، ل ٢٧٠– ٢٧١.

(٤) یوسفی گۆرانی و جوبرائیلی کورد دوو پیاوچاکی ناودارن، لە کتێبیکی دیمدا لەبارەینەوە دوواوم .

(٥) محەمەد نوربەخش نامەیەکی ئاڕاستەی ئەم مەولانا حەسەنە کردووە.

خالیدی لوڕستانی، کاکە گۆرانی، دۆست گۆرانی، شاه حوسێنی سەرپولی(١)، حوسامەدین حوسێنی شمشێری(٢)، شەهابەدینی گۆرانی، شەمسەدینی کۆکۆیی، حوسێنی کۆکۆیی(٣)، دەوڵەتشاه قەواسی گۆرانی، عەبدوڵای کوردی شیرازی(٤).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەڵگانە دەکرێت بڵێین، نابێت ئەو ئەنجامانەی سیاوش دلفانی پێی گەهیشتووە لەمەڕ زیندەگیی سوڵتان ئیسحاقی کوڕی عیسای بەرزنجی بە هیچ شێوەیەك دروست بن، ڕاستییەکەی ئەوەیە عیسای بەرزنجی لە ناوەڕاستی سەدەی٨ك/١٤ز مردووە و سوڵتان ئیسحاقیش لە هەمان سەدەدا، لەدایك بووە و مردووە، بەڵام هیچ خزمایەتیەك پەیوەستی ناکات بە باباعەلی هەمەدانی و محەمەد نوربەخشەوە.

٤- لە نێوان سوڵتان سەهاك و سوڵتان ئیسحاقی هەورامان دا:

ئەوەی تا ئێستا زانراوە، یەکەم ناوهێنانی ئاشکرا و ڕەوانی سوڵتان ئیسحاقی هەورامان لە دەقێکی مێژوویی باوەڕپێکراو و جێگەی متمانە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاهی سەدەی حەڤدەهەم، سەید عبد الصمدی تودار لە کتێبی(نور الأنوار) کە ساڵی ١٠٩٩ك/١٦٨٨ز دایناوە، زانیاریی وردی دەربارەی ساداتی بەرزنجە و بنەماڵە بەناو ساداتەکانی دیکەی هەورامان و شارەزور و ئەردەڵان یاداشتکردووە، لە ناساندنی کوڕەکانی جەعفەری صادقدا دێتەسەر (أبو محمد إسحاق مؤتمن) و دەڵێت ڕۆیشتووە بۆ ولایەتی هەورامانی کوردان و بە

---

(١) خەڵکی سەرپولی زەهاوە.

(٢) لەدایکبووی ئاوایی شمشمێری تەنیشت پاوەیە.

(٣) سیاوش دلفانی دەڵێت کۆکۆیی ناوچەیەکە لە مەراکش یان مصر!، ل٥٤٢-٥٤٣. زۆر نزیکە مەبەست گوندی کۆکۆییی ناوچەی شەمێرانی نێوان دەربەندیخان و هەڵەبجە بێت کە تا ئێستاش ئاوەدانە.

(٤) محمد نوربخش، سلسلة الأولياء، ص١، ٤٦-٤٧، ٦٠، پیدایش سلسله أهل حق، ص٥٣٧-٥٥٠، ٥٦٢.

سوڵتان ئیسحاق بەناووبانگە و لە دامێنی ئاوایی نەوسود و لهۆن نێژراوە و وەچەی لێکەوتۆتەوە (١).

لەگەڵ ئەوەی باوڕ ناکرێت ئەم سوڵتان ئیسحاقە، هەمان ئیسحاقی کوڕی جەعفەری صادق بێت، بەڵام لێرە ئەو راستیە خۆیادەبێت کە سوڵتان ئیسحاقی هەورامان کێ بێت و کەنگی ژیابێت، تا ئەو دەمانە هێشتا نە بە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی هەژمارکراوە و نە بە پێشەوایەکی ئەهلی هەقیش دانراوە.

شایەنی باسە پاش مردنی جەعفەری صادق، دەستەیەکی بچووکی شیعە دایانەپاڵ ئیسحاقی کوڕیی و ئەویان بە ئیمام دانا و بە(الإسحاقیة) ناسران، ئەم دەستەیە شوێنەوار و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو و هەر زوو دوای مردنی جەعفەری صادق توایەوە (٢).

لەمەیش باڵکێشتر، تا کۆتاهی سەدەی نۆزدەهەم، سوڵتان ئیسحاقی هەورامان ئامادەیی و ناوودەنگێکی وەهای نیە و نە بە پێشەوای ئەهلی هەق و نە بە کوڕی عیسای بەرزنجی هەژمارکراوە، عەلی ئەکبەری کوردستانی- ساڵی١٣٠٩ك/١٨٩١-١٨٩٢ز- لەبارەیەوە دەڵێت: لە دامێنی دێی نەوسود و لە نزیك روباری سیروان، گڵکۆی کەسێك هەیە بە ناوی سوڵتان ئیسحاق و دەڵێن ئیمامزادەیە، بەڵام نەمزانی بۆ کامیان دەگەڕێتەوە (٣).

هەروەها سوڵتانی هەورامان یەکێکە لەو پیر و پیاوچاکە موسڵمانانەی کە وا میرزا عەبدولقادری پاوەیی (١٨٢٥-١٩٠٨) هاواری بۆ دەبات و لێی دەپاڕێتەوە تا وەکیلی جوانڕۆ و مامێکی لە زیندانی دەسەڵاتدارانی قاجاری ئازار نەچێژن و رزگاریان ببێت:

---

(١) "محمد إسحق مؤتمن برادر أعیان موسی کاظم أست ومحدث بوده و بولایت أورامان أکراد رفته در پایین قریة نوسود و لهون مدفون بسلطان إسحق مشهور أست وأعقاب أو..." نور الانوار در سلسلة آل أطهار، انتشارات حسینی نسب (سنندج:١٣٦٩)، ص٢٨.

(٢) بڕوانە: ابن حجر الهیثمي، الصواعق المحرقة، مؤسسة الرسالة (بیروت:١٩٩٧)، ٢ / ٤٨٥.

(٣) الحدیقة الناصریة (أربیل:٢٠٠٢)، ص٥٧.

به سوڵتان ئیسحاق ماڵ جه بێدبەر
وەکیل و مامۆش ناوەران زەرەر
وە کۆسەی هەجیج وە پیر ئیسماعیل
وە مەلا مەقسوود، قازی جبرەئیل(١).

ئەوەش بلێن کە یەکێك لە کوڕەکانی بابا رەسول بەرزنجی(١٥٧٥–١٦٤٦ز)ی نەوەی شێخ عیساش ناوی ئیسحاق بووە، بەرزنجی هەرچەند بە درێژی باسی ئەو برایانەی خۆی کردووە کە ژنیان هێناوە و کوڕ و کچ و نەوەیان لێکەوتۆتەوە، وەلێ لە ئیسحاقیان نادوێت(٢).

ئەوەی لەمیانەی سەردانی مەزاری سوڵتان ئیسحاق(٣) سەرنجی راکێشام و بووە مایەی پرسیار و رامان لەلام و پێشتر بیرم لێنەکردبۆوە، ئەوەیە کە ئایینی ئەهلی هەق سەرکەوتن و گەشەکردنێکی ئەوتۆی لە دەڤەری هەورامان و دەنێو هەورامیەکانا بەدەست نەهێناوە و ئاواهیەکانی هەر چواردەورەی مەزاری سوڵتان ئیسحاق بە خودی گوندی شێخانی بارەگا و ئارامگای سوڵتانەوە، بگرە شارۆچکەکانی پاوە و نەوسوود و نەودشە و پاڵنگان و تەوێڵە و بیارە کە لە رووی زارەوە ماچۆ–هەورامین و لە رووی مەزهەبەوەش سوننەی شافعین(٤)، هیچ نزیکی

---

(١) دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی، إنتشارات کردستان(سنه:١٣٩٦هـ.ش)، ل١٨٥.

(٢) الفصول في مناقب عبدالرسول، ص٣٧٠.

(٣) رۆژی ١٨–٣–٢٠١٨ لە گەڵ م.سوداد رەسوڵ، لەلایەن نوسەرو لێکۆڵەری بەڕێز محەمەد رەشیدی ئەمینی دانیشتووی شاری پاوە و شارەزا لە کەلتور و ئەدەبیاتی ماچۆیی بە سوپاسەوە پێشوازی و میوانداریی کراین و یاوەر و رێنوێنمان بوو لە سەردانیی هەردوو مەزاری سوڵتان سەهاك و کۆسەی هەجیج.

(٤) لەو کتێبانەی وا لە کۆتاهی سەدەی هەژدەهەمەوە سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای قەڵمڕەوی ئەردەڵان و ولایەتی کوردستان–سنه دانراون و بڵاوکراونەتەوە، باسی هەبوونی پەیڕەوانی ئەهلی هەق لە هەورامان نەکراوە. بگەڕێوە بۆ: محمد شريف قاضی أردلان، تاريخ کُردهای أردلان، تصحيح وتحشيه سيامند خليلی، إنتشارات کُردستان (سنندج :١٣٩٣ش)، علي أكبر کُردستانی، الحديقة الناصرية في تأريخ وجغرافية کُردستان، ترجمة جان دوست، دار آراس(أربيل:٢٠٠٢)، ميرزا شکرالله سنندجی، تحفهء ناصری در تاريخ وجغرافيای کُردستان، إنتشارات أمير كبير(تهران:١٣٦٦ش).

و پەیوەندییەکیان بە بیروباوەڕی ئەهلی هەقەوە نیە و تاکە گوندێکی ئاوەدانی ئەهلی هەق لە هەورامان کە لە شێخانەوە نزیك بێت هاوارە لە بەشی ئەمدیو، هاواریەکانیش بە کرمانجیی خواروو دەدوێن نەك بە هەورامی و قەڵای هاوار لە ناوەڕاستی سەدەی ١٠ك/١٦ز دا بەدەست شاوەلی بەگی جافەوە بووە(١)، جگە لەمە کوردناسی روسی پیوتەر لێرخ (١٨٢٨–١٨٨٤) ناوی سێ شوێنی پیرۆزی ئەهلی هەق دێنێت کە هیچیان شێخان–پەڕدیوەر نین(٢).

هەروەها زۆربەی ئەو هۆز و تیرانەی وا بەلای کەمەوە لە سەدەی حەڤدەوە کاکەیی بوون و تا ئێستاش هەر ماون و ئەهلی هەقن و بەرزنجی ناوی بردوون وەك: سیامەنصوری، لەك، زەند، کرانی، کولیائی، ئەفشاری، جەلیلوەندی، خواجەوەندی(٣) و ئەوانەی وا هێنری راولنسۆن و جۆزیف ئەرتور گۆبینۆ تێکەڵیان بوون، هەرگیز دانیشتووی زێد و ئارامگای سوڵتان ئیسحاق نەبوونە لە ناوجەرگەی هەورامان، بەڵکو نیشتەجێی بازێڕ و ناوچەکانی کەرەند و دالاهۆ و گەهوارە و نورئاباد و دولفان و صەحنە و دینەوەر و هەرسین و سەرپولی زەهاب و قەصری شیرین و شاهئابادن و بە زارەکانی گۆرانی و کەڵهوڕی و لەکی دەدوێن، تەنانەت خودی کاکەیی لە بنەڕەتدا و لە یەکەم ناوهێنانیدا–وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا– هۆزێکی نیشتەجێی دەڤەرێکی نێوان کرماشان ولوڕستانی بچووك بووە(٤).

هەروەها زمانی دەقە کوردیەکانی ئەهلی هەقیش، ماچۆیی– هەورامیەکی پەتی نیە، بەڵکو لە راستیدا بە زمانێکی تێکەڵ لە زار و بنزارەکانی هەورامی و لوڕی وکەلهوڕی و کوردیی کرماشانی و لەکی نوسراون(٥)، کاکەییەکانی کەرکوکیش بە زارێکی تێکەڵ لە گۆران و ماچۆیی دەدوێن، زین العابدینی ئەردەڵانیی

---

(١) فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي، ص٨٤.

(٢) دراسات حول الأكراد، ص٣٩.

(٢) النوافض للروافض، ص١٠٨.

(٤) مستوفى قزوينى، تاريخ گزيده، ص٥٥٠.

(٥) نامه سرنجام يا كلام خزانه، ل٢٠، سه سال در آسيا، ص٢٥٥–٢٥٦، محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، ل٥٨.

گۆرانییش که دێتەسەر باسی ناووسیەکان–وەك باسکرا–دەڵێت پاشماوەیان لە نزیك وڵاتی گۆرانمان–نەك خودی وڵاتی گۆران–ماوە(١).

هەرچەند لە سەدەی ١٢کۆچی/١٨زاییینیەوە بە هۆی کاریگەری و هەژموونی شیعەگەریی صەفەوییەوە، ڕێژەیەك لە خەڵکی هەورامانی تەخت و ژمارەیەك شاعیری هەورامی، شیعەی جەعفەری–دوازدەئیمامی بوون(٢)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە کاکەیی–ئەهلی هەق بوونە، لەو کەشکۆڵە شیعریە هەورامیەی کە ساڵانی١٧٨١–١٧٨٣ز نوسراوە، نموونەی شیعریی دەیان شاعیری هەورامی تۆمارکراوە و هیچیان لەوە ناکەن شیعە یان ئەهلی هەق بن و لە ئەوانەش نین کە لە کەلام و دەفتەرەکانی ئەهلی هەقدا ناو و شیعریان هەیە، تەنها شیعری شاعیر(شاکە)ناوێك بۆنی ئەوەی لێدێت کە لە گروپی(الحروفية)بێت(٣)، مەلا خدری رواری–رودباری(م:١٢٠٣ك/١٧٨٩ز)یش کە کەڵە زانایەکی سوننەی سەدەی هەژدەهەمی هەورامانە، بڕوای بە فەزڵی چواردە مەعصوم هەیە و لە دەوڵەتنامەکەیدا پەسنیان دەکات:

خودایا بە حەق چهاردە مەعصوم   ئەی چواردە فەصڵ چونکە بێ مەنزوم
ئەگەر ماڵدارن مواچان قارون   ئەگەر بێ ماڵەن سوك و سفلە و دون(٤).

خان ئەڵماسی کەندوڵەیی (سەدەی١٢ك/١٨ز)یش کە لە بنەڕەتدا خەڵکی دێهاتی پاڵنگانی هەورامانە، شیعەی دوازدە ئیمامی بووە و ئەمەش لە شیعرەکانی رەنگیداوەتەوە(٥).

---

(١) رسائل في الرد على الرافضة، ص٤١.

(٢) میرزا شکرالله سنندجی، تحفەء ناصری در تاریخ وجغرافیای کُردستان، ص٤٥.

(٣) عبد المؤمنی مەردۆخی، کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی، ساغکردنەوەی ئەنوەری سوڵتانی، چاپی دووەم، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠١٠)، ل٤١٢. هەروەها بڕوانە: میرزا عەبدوڵای سنەیی (رەونەق)، حەدیقەی خوسرەوی، وەرگێرانی محەمەد ئەمین کاردۆخی، دەزگای ئاراس (هەولێر:٢٠١٣)، کەشکۆڵی شاعیرانی هەورامان، کۆکردنەوە و لەسەر نوسینی محەمەد رەشید ئەمینی، إنتشارات کُردستان (سنندج: ١٣٩٦ش).

(٤) نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین(بەیروت:٢٠١٢)، ل٤٣٦.

(٥) بڕوانە: منظومەء گُربە و موش هورامی، در دو رسالەء تأریخی وأدبی هورامان، محقق ومصحح و مترجم مظهر أدوای، نشر إحسان (تهران: ١٣٩٤هـ. ش)، ص٢٢.

به هەرحاڵ دووری ئارامگا و مەزاری سوڵتان ئیسحاقی پەڕدیوەر–شێخانی لای پاوە لە زێد و هەواری ئەهلی هەقەوە و ناڕۆشنی پەیوەندیی نێوان سوڵتان سەهاکی ئەمان و ئەوەی هەورامان، گرفتێکی دیکەیە و ناکرێت حاڵی حازر پاساوێکی بۆ بهێنرێتەوە و کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە پێویستی بە گەڕان و سۆراخکردنی زێدەتر هەیە.

٥– بابایادگار:

بابایادگار هەرچەند ستوونێکی دیارو سەرەکیی کاکەییەکانە(١)، بەڵام ئەمیش هاوشێوەی زۆربەی پێشەواکانیان ناسنامە و سەردەمی دەرکەوتنی ناڕوونە و ئاوێتەی ئەفسانە و خورافات کراوە و هەواڵە میللیەکان زانیاریەکی وایان تێدا نیە جێگای قەناعەت و متمانە بێت و کەڵکی بۆ ناسینەوەی هەبێت و سەرچاوەکان پشتڕاستی بکەنەوە(٢)، خورشید پاشا لە ساڵی ١٨٣٢ بە خۆی سەردانی گڵکۆی بابایادگاری کردووە لەبان شاخی بانی زەرد لە ئەقاری گوندی سەیدانی نزیك سەرپوڵی زەهاو و دەڵێت شوێنێکی یەکجار پیرۆزە و لە خەڵکەکەم بیستووە کە بابایادگار ناوی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەلیی کوڕی شێخ موسای بەرزنجیە(٣)، ئەمە لە کاتێکدا موسای بەرزنجی بە گەنجی کوژراوە و کوڕ و نەوەی لێ نەکەوتۆتەوە و شێخ عیسای برای ژنەکەی خواستووەتەوە. مەولەوی(١٨٠٦–١٨٨٢)یش کە وا باوە سەردانی گڵکۆکەی کردووە، بە سەیید و یادگاریی ئیمام عەلیی داناوە:

شکۆفەی شەوبۆی ڕێحانەی ڕەسووڵ
نەوباوەی نەمام طەییبەی بەتووڵ
سەرو سایەدار نیشانەی وەلی
یەعنی یادگار مورتەضا عەلی(٤).

---

(١) بڕوانە: دیوانی شیخ رەزای تاڵەبانی، ل٩٧، ١٠٢.

(٢) بابا یادگار دەکەوێتە پاش سوڵتان سەهاکەوە و یەك دوو هەواڵی لەمەڕ هەیە، بۆیە بە پێویست زانرا لێرە باس بکرێت.

(٣) رحلة الحدود، ص٢٠١–٢٠٢.

(٤) دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، ل٣٠١–٣٠٢.

دیاره نازناوی بابایادگاریش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پاشماوە و یادگاریی حەزرەتی عەلی و ئەهلی بەیتی پێغەمبەرە نەك یادگاریی سوڵتان سەهاك وەك دولفانی بۆیچووە(١)، میرزا عەبدولقادری پاوەییش دەڵێت:

وە کۆنەپۆشان خاك سەرچنار   وە پیر میکائیل باوە یادگار(٢).

بەپێی دەقەکانی ئەهلی هەق، دایکی بابایادگار کچێکی پاکیزە و بێگەرد بووە و هیچ پیاوێك توخنی نەکەوتووە و لە دەمی پاککردنەوەی جمەخانەکەی پەڕدیوەردا، دەنکە هەنارێکی بینیوە و دەستبەجێ زگی پڕ بووە و سەرئەنجام ساڵی ٨٦١ك/١٤٥٧ز لە گوندی شێخان بابایادگاری بووە، ئەم زگپڕبوونە هاوچەشنی زگپڕبوونی حەزرەتی مریم وا بووە و بەلای جۆرە خەڵکانێکەوە بە زینا دانراوە، ئەوانەی تەنها رووکەشی دیاردەکان دەبینن و لە کرۆکی راستەقینەی شتەکان وردنابنەوە، سوڵتان سەهاك بە مەبەستی رەواندنەوەی گومان و دڵنیاکردنی خەڵکەکە لە خاوێنی و بێ تاوانیی دایکی بابایادگار، بڕیار دەدات تەنورێك ساز بدرێت و بابایادگاری کۆرپەی فڕێبدرێتە ناوەوە و دەرگای لەسەر کلۆم بدرێت، پاش ماوەیەك سوڵتان و هەڤاڵان و یاوەرانی دەچنە لای تەنورەکە و دەبینن بابایادگار ساغ و سەلامەتە و هاوار دەکات یا عەلی یا عەلی، دواتر بە فرمانی سوڵتان رەوانەی هیند و پاکستان کراوە بۆ رێنوێنی و رێبەدێیی خەڵکی، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و لە گوندی سەیدان بە دەستی دوژمنانی کوژراوە(٣)، نورعەلی ئیلاهی دەڵێت، بە سێ کەس یا سێ تەن لە حەفت تەن پەیوەندیدارم، ئەوانیش داود و یادگار و رەزبارە و حەفت جاران سەردانی مەزاری بابایادگارم کردووە(٤).

---

(١) پیدایش سلسله أهل حق، ص٧٥.

(٢) دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی، ل١٨٥.

(٣) بورەکەیی، مشاهیر أهل حق، ص ٥٥–٥٦، ٦٨–٧٠، یارمورادی تیموریان، نم از یمی حقیقت، ص ٣٠.

(٤) آثار الحق، ٢/١٣٦، ١٤٢.

کوردانی گۆرانی ناوچەکە رایان وایە گڵکۆی بابایادگار هی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلیە، بەو پێیەی وەك دەگێڕنەوە یەکێك لە شاهانی هیند هەڵدەستێت صندوقێك بۆ گڵکۆی حوسێن دروستدەکات و جوان دەینەخشێنێت و دەیخاتە بان پشتی هوشترێك و بە پیاوانی دەڵێت بکەونە دووی ئەم هوشترە بۆ کوێ دەڕوات گلی مەدەنەوە و لێیگەڕێن بە ئازادی رێ بکات، ئەوانیش ئاوها دەکەن تا شوێنی مەبەست، هوشترەکەش پاش شەو و رۆژێك رێگا بڕین، کاتێك دەگاتە سەرمیل(؟) یەکسەر رووەو چیای بانیزەرد ملدەنێت تا لە پاوانەکانی بڵەوەڕێت، ئەمجا یەکسەر روودەکاتە گۆڕی بابایادگار و بەدیاریەوە دەوەستێت و یەخەدات، ئەوانیش صندوقە دارینەکە لەسەر گۆڕەکە دادەنێن و وا دەزانن گڵکۆی ئیمام حوسێنە(١)، ئەوەتا بابایادگار بەخۆی دەرخەر و بەرجەستەکەری ئیمام حوسێنە(٢).

بەدەر لەم ئاخافتنە بێسەرەوبەرە و ئەفسانەئامێزانە، بابایادگار حەقیقەتێکی هەیە و لە سەدەی ١٠ك/١٦ز ژیاوە و نزیکایەتیی بە سوڵتان سەهاکەوە ناڕوونە، والیی بەغدا ساڵی ١٠٠٥ك/١٥٩٧ز قوبادبەگی حاکمی دەرنە–دەرتەنگی دەستگیر و زیندانی کرد(٣)، دایکیشی بۆ ئازادکردنی کوڕەکەی بە هەڵەداوان پەنادەباتە بەر بابایادگار و تکای لێدەکات دوعای بۆ بکات تا کوڕەکەی دەرباز ببێت، گوایە هەر بە پاڕانەوەی بابایادگار بوو، قوبادبەگ ئازاد کرا و هەتا گەهیشتەوە دەرتەنگ، بابایادگار مردبوو، ئەویش گومبەتێکی لەسەر گۆڕەکەی بنیادنا(٤).

---

(١) خورشيد باشا، رحلة الحدود، ص٢٠٢.

(٢) آثار الحق، ٢/٥٠.

(٣) البدليسي، شرفنامه، ص٥٥٠.

(٤) رحلة الحدود، ص٢٠١–٢٠٢.

– ئەنجام:

کاکەیی– ئەهلی هەق کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەند ئایینێکی تایبەتن و خۆشویستنی ئیمام عەلی و نەوەکانی و دۆنادۆنی بنەمایەکی جەوهەریی ئایینەکەیانە و زۆربەی هەرە زۆربەیان کوردی رەسەنن و یەکەم ئاماژە بۆ کاکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕستی سەدەی حەڤدەهەم و رەنگە ناویشیان لە وشەی کاکەوە وەرگیرابێت بە واتای برا گەورە و ئەوانەی ئەودیویش– ئوستانی کرماشان لە یاداشتی گەڕۆکە ئەوڕوپییەکانی سەدەی نۆزدە بە عەلی ئیلاهی ناودەبرێن.

گرفت و ئاستەنگی سەرەکیی توێژەر لە مێژوو و سەربوردەی ئەهلی هەق لەوەدایە کە نە لە سەرچاوە تۆمارکراوەکاندا دەنگوباسی بوونیان هەیە تا بیکاتە کەرەستەی تۆژینەوە و نە دەقە پیرۆزەکانی خۆیانیش کەڵك و بەهاییێکی مێژوویی وەهایان بۆ هەیە.

رەنگە سەرەتا وەك چەند شانەییێکی کپ و خامۆش بووبێتن و لە گوندگەلێکی لاڕێی ناوجەرگەی چیاکان گیرسابێتنەوە و ناکرێت بە پاشکۆ یان لق یان درێژەپێدەری کوتومتی هیچ دەستە و گروپ و تاقمێکی شیعی دابنرێن، بەڵکو کۆمەڵەیەکی سەربەخۆن و پاشماوەی بیروباوەڕی زەردەشتی و مەزدەکی و خوڕەمیان تیا بەدیدەکرێت، بەڵام دوواتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تەواوی ئایدیا و بەرنامە و دنیابینیی شیعەی ئیسماعیلیەوە کە لەسەر بنەمای حەفت جار دەرکەوتنی خوداوەندە لە شێوەی مرۆڤ — پێغەمبەر بنیادنراوە، سەرەڕای کاریگەربوون بە ئایینەکانی دی و سەدەکانی ٨–٩ك/١٤–١٥ز بە سەردەمی دەرکەوتنیان دەخەملێندرێت.

کەلامخوانان و دەفتەردارانی ئەهلی هەق، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کارەکتەرە بنەڕەتی و پێکهێنەرەکانی ئایینەکەیان، پێویستییان بەداتاشین یان خواستنی کەسایەتی هەبووە، ئەوجا یان خەیاڵیان بەگەڕخستووە و کەسایەتیی وەهمیان داهێناوە یان دامەزرێنەران و رێبەرانی گروپە شیعیەکانیان هێناوە و

بەکوردیان کردوون و پایەی (شاە) و (بابا) یان پێبەخشیون وەك شاخۆشین و بابا ناووس...

شاخۆشین سێهەم بەرجەستەبوونی خوداوەندە و یەکەمیانە لە کوردستان و شوێنکەوتووانی بە خۆشینان دەناسران، باباناووس و سوڵتان سەهاکیش چوارەم و پێنجەمن و هەر یەك لەم دۆنانە وەك ئیسماعیلیە، پێنج یاوەریان هەیە و چواریان رۆڵی فریشتەکان دەگێڕن و پێنجەمیشیان ژنە و دایکی دۆنەکەیە یان رۆڵی فاتیمەی کچی پێغەمبەر دەگێڕێت و ئەم کەسایەتییانە بە موعجیزە و بەبێ باوك هاتونەتە دنیاوە.

سوڵتان سەهاك کەسی یەکەمی ئاینی کاکەیی– ئەهلی هەقە و تەجەلای خوداوەندە لە کوردستان و لای هەموو دەستە و بنەماڵەکان شکۆدار و پایەرز و دانپێنراوە، کەچی ژیانی هەتا بڵێی لێڵ و تەمومژاوییە و بە دروستی نازاندرێت لە چ سەردەمێك ژیاوە تا ئەو رادەیەی گومان لە هەبوونی بکرێت و دەنێو دەقەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی لە چ سەردەمێکدا ژیاوە و لێرە بۆمان ساخ بووەوە کە لە سەدەی ٨ك/١٤ز ژیاوە و گومانیش هەیە کە ئەو سوڵتان ئیسحاقە بێت ئەوەی گۆڕەکەی لە گوندی شێخانی هەورامانە.

بەشی دووەم:

کوردی شەبەك - شەنبەك
لە نێوان راستیە مێژووییەکان و
شێواندنی نەیاران دا

یەکەم- ناساندنی شەبەك-شەنبەك:

شەبەك دانیشتووی دەیان ئاوایی و گوندی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵات و باکوری موصڵن و ناوچەکەیان وەك نیوچە کەوانەیەکە بە دەوری شاری موصڵدا و شارەکە بە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە و درێژبوونەوەی سرووشتیی کوردستانە، لەم ناوچەیە لەتەك شەبەك، کوردانی یەزیدی و باجوان- باجۆران- باگۆران(١) و کاکەیی دەژین، وێڕای مەسیحی و ژمارەیەك هۆزی تورکمان و عەرەب(٢).

شەبەك کۆمەڵگایەکی فرە نەژادە و وەك کۆنفدراڵیەکی خێڵەکی وایە و لە چەندین تیرە و خێڵی کورد پێکدهێن کە دیارترینیان هەر ناوی شەبەك-شەنبەکە و زیاتر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە ناویان بڵاوبووەوە کە پتر ناوێکی ئیسنۆگرافیە نەك ئیسنۆلۆجی(٣) و چەترێکە بۆ ناوی کۆمەڵێك هۆز و خێڵی دیکە کە زۆربەیان کورد بوون(٤) و هاوشێوەی کۆنفدراڵیە خێڵەکیەکانی بۆتانی و جاف و مللی کە لە کوردستانی سەردەمی عوسمانی پێکهێنرابوون.

لەگەڵ ئەم راستیەشدا، کوردانی شەبەك هاوشێوەی کوردە یەزیدییەکان، هەر لە کۆتاهی سەدەی نۆزدەهەمەوە، مێژوو و کەلتوریان دووچاری هێرشی ناڕەوا و نوسینی چەواشەکاری بووەتەوە و بەردەوام بە مەبەست و ئامانجی جۆربەجۆر لەلایەن کەسانی بیانیەوە، بە خراپی و بە شێوەیەکی نازانستی لە

---

(١) باجۆران و باجوان و باجەلأن پەیوەندییەکی وەهایان بەیەکدیەوە نیە و لەلایەن توێژەرانی کورد و عێراقەوە، تەنها لەبەر لەیەکچوونی ناوەکانیان بە هەڵە تێکەڵ بەیەك کراون.

(٢) بڕوانە: أحمد شوكت، الشبك الكرد المنسيون، وزارة الثقافة (السليمانية:٢٠٠٤)، ص٨٥-١٢٢، زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر (بيروت:٢٠٠٩)، ص١٥٦-١٧٧، نەجاتی عەبدلا، شەبەك: مێژوو و زمان و باوەڕیان، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، ژمارە(٤)(سلیمانی:ئەیلول٢٠١٥) ، ل ١٠-١١.

(٣) شاكر خصباك، العراق الشمالي، مطبعة شفيق (بغداد:١٩٧٣)، ص ٢١٥، علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر، أطروحة الدكتوراه (جامعة الموصل: ١٩٩٢)، ص ١٢٤.

(٤) نەجاتی عەبدولا، شەبەك، مێژوو و زمان ، ل٩-١٠.

سەریان دەنووسرێت و کار بۆ شێواندنی نەژاد و زمان و دیرۆك و دابونەریتی کۆمەلأیەتییان دەکرێت و زانیاریی نادروست و ئاخافتنی هەڵبەستراو و بگرە بوختان دەرهەق هەڵسوکەوتی رۆژانەی جڤاکی و بیروباوەڕیی ئایینیان بڵاودەکرێتەوە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێت گومان لە کوردبوونیان بکرێت و پەیوەندییان بە نەتەوەی کوردەوە رەت بکرێتەوە و بە نەتەوەییێکی سەربەخۆ یان بە تورکمان و عەرەب و ئێرانی دابنرێن، لە رووی ئایینیەوەش بە شیعەی توندڕەو و پاشماوەی گروپە توندڕەوە باتنیەکان و قزڵباشی و بەکتاشی دانراون.

ئەحمەد حامد صەڕاف(م:١٩٨٥) ساڵی ١٩٥٤ کتێبێکی دەربارەی شەبەك بڵاوکردەوە و تێیدا بە شێوەیەکی ناڕەوا و نازانستیانە لەمەڕ ئەم کۆمەڵە خەڵکە دواوە و هەر لە ناوونیشانی کتێبەکەیەوە روونە کە بە گروپێکی توندڕەو دایناون(١) و لە یەکەم دێری کتێبەکەشیدا ئەوەی راگەیاندووە کە شەبەك بە نەتەوە تورکمانن و هەر لە خۆیەوە و بەبێ هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەك، چوار و پێنج گریمانەی هێناوەتەوە سەبارەت بە نەژادیان و چۆنیەتی هاتنیان بۆ دەوروپشتی موصڵ(٢)، (عبد المنعم الغلامي:١٨٩٩-١٩٦٧)یش بە گروپێکی توندڕەو ژماردوونی(٣).

لە دەمێکدا توێژەران و رۆشنبیرانی کورد، دەبوو هەر زوو و لەکاتی خۆیدا بهێنەدەنگ و بە توندی دەمکوتی بکەن و حەقیقەتی شەبەك بخەنەڕوو، مخابن کە ئەمە نەکرا، کتێبکەی صەڕاف دەنگێکی باشی دایەوە و بووە بنەما و سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ دەیان نوسینی دی لەسەر ئەم بەشەی میللەتی کورد و چەندین نوسەر و توێژەر، بۆچوون و ئاخافتنە نازانستیەکانی صەڕافیان بەبێ وردبوونەوە و قوولبوونەوە و هەڵوەستەکردن وەرگرت، تا وای لێهات لەکن رۆژهەڵاتناسان و مێژوونوسانی عێراق و عەرەب بە یەکجاری وەك راستییەك چەسپان و زۆربەیان لە ناشارەزاییەوە پێداگیری لەوە دەکەن کە شەبەك زیاتر

---

(١) الشبك، من فرق الغلاة في العراق، مطبعة المعارف(بغداد: ١٩٥٤)، ٣٠٤ص.

(٢) الشبك، من فرق الغلاة في العراق، ص٢، ١١-١٣.

(٣) بقايا الفرق الباطنية في لواء الموصل، مطبعة أم الربيعين (الموصل: ١٩٥٠).

لەوە دەچن تورکمان بن و بیروباوری ئایینیشیان پاشماوەی شیعەی قزڵباشی صەفەوی و بەکتاشیی عوسمانیە⁽¹⁾، تەنانەت (کامل مصطفى الشيبي:١٩٢٧-٢٠٠٦) گەواهیی نوسەرانی پێش خۆیی لەبارەی کوردبوونی شەبەکەوە وەلاوە ناوە و کتێبەکەی ئەحمەد صەڕافی کردووەتە سەرچاوەی یەکەمی بۆچوون و لێکدانەوەکانی و بەراشکاوی ئەو گریمانەیە رەتدەکاتەوە کە شەبەك کوردبن و لە ئێرانەوە هاتبن و دەڵێت تورکمانن و لە تورکیای عوسمانیەوە هاتوونەتە دەوروبەری موصڵ⁽²⁾.

توێژەرانی کوردی شەبەکیش وەك کاردانەوەیەك لە ئاست بەدنیازی و چەواشەکانی صەڕاف وئەوانی دی و لە پێناو جەختکردن لەسەر کوردبوونی شەبەك و چەسپاندنی پێشینەی هەبوونی مێژوویيان لە دەوروبەری موصڵ، بێ بەڵگە و پاساو، گریمانە و بۆچوون و لێکدانەوەی دیان دەربارەی ناو و بنەچەی شەبەك و چۆنییەتی نیشتەجێبوونیان لە ولایەتی موصڵ خستووەتەڕوو کە لە لایەنگری و زێدەڕۆیی بەدەر نین⁽³⁾.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەش هەنگاوێکە لە رێگای بەرەو ناسینەوەی ناسنامەی راست و رەوانی ئەم بەشەی نەتەوەی کورد.

---

(١) بڕوانە: شاكر خصباك، العراق الشمالي، ص٢١٥-٢١٧، كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، منشورات الجمل (بيروت:٢٠١١)، ٢/٣٧٦، الطريقة الصفوية و رواسبها في العراق المعاصر، مكتبة النهضة (بغداد:١٩٦٧)، ص٨، ٣٩-٤٤، عبدالمنعم الحفني، موسوعة الفرق والجماعات، مكتبة مدبولى (القاهرة:٢٠٠٥)، ص٤٢٠، زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، ص٢٤، ٢٩.

(٢) الطريقة الصفوية ورواسبها في العراق المعاصر، ص٤٨-٥٣.

(٣) شاخوان شبك، الشبك (شبانكاره-باجلان)، دراسة تاريخية لغوية، كۆڤاری سەرهلدان، ژمارە(١٢)، کانونی دووەم (دهۆك :١٩٩٤)، ص١٠٤-١٠٦، أحمد شوكت، الشبك: الكرد المنسيون، ص٤٨-٥٩.

دووەم–بنەچەی وشەی شەبەك:

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە لە مێژووی کوردانی شەبەك، ناو و زمانەکەیانە، ئەم دوو تایبەتمەندیەیان کە لە کوردانی دیی دانیشتووی ناوچەکانی موصلْ جیایاندەکاتەوە، بوونەتە مایەی ئەوەی زیاتر ببنە جێگای مشتومڕی لێکۆڵەران و نوسەران.

سەبارەت بە وشەی شەبەك، دەکریْ بلّێین وشەکە بەو فۆرمەی ئێستای تا بلّێی نامۆیە و لە زمانی کوردیدا واتا و مەبەستێك بەدەستەوە نادات و دەگەلْ هیچ ناوێکی کوردی دا بەراورد ناکرێت و پێشتر باوەڕ نەکراوە کە لە وشەیەکی کوردییەوە داڕێژرابێت، بۆیە لە زووەوە هەولّدراوە کار لەسەر دۆزینەوەی رەگوڕیشەی ئەم وشەیە بکرێت و لەوەش ترسناکتر تەنها لە رێگای پەیبردن بە بنەچەی ناویان، نەژاد و ناسنامەیان دەستنیشان بکرێت، ئەحمەد حامد صەڕاف هەولّیداوە پەیوەندییەك لە نێوان شەبەك و شول(الشول)ی دانیشتووی هەرێمی شولستان لە ئێران بدۆزێتەوە⁽١⁾ کە(العمري:م٧٤٩ك/١٣٤٨ز) باسیکردوون⁽٢⁾، کەچی عەباس عەززاوی پێیوایە کە شەبەك پەیوەندییان بە شوانکارە–شبانکارەوە هەیە و بەدووری نازانێت کە شەبەك هەمان شبانکارەبن⁽٣⁾، توێژەرێکی کوردی شەبەکیش پشتڕاستی ئەم بۆچوونە دەکاتەوە⁽٤⁾، کەسانی دی هەولّیانداوە ناوی شەبەك بە وشەی (شبك–شبكة)ی عەرەبیەوە ببەستنەوە، دوو نوسەر هەریەکەو دوو لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ ئەو وشە و ناوە داڕێژراوانەی کە لە رەگی (شبك)ەوە داڕێژراون و وەرگیراون⁽٥⁾.

---

(١) الشبك، ص٢٠.

(٢) مسالك الأبصار، ٣/٢٨١.

(٣) الكا كائية في التاريخ، ص٩٥، الشبك في العراق، ص١٥٥–١٥٦.

(٤) الشبك (شبانكاره–باجلان)، ص١٠٦.

(٥) أحمد شوكت، الشبك الكرد المنسيون، ص ٤٣–٤٥، زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، ص١٧–١٨، وبڕوانە: نەجاتی عەبدولاّ، شەبەك :مێژوو و زمان و باوەڕیان، ل١٥.

من دڵنیام لەوەی کە شەبەك هیچ پەیوەندیەکیان نە بە شول و نە بە شباکارە یان شوانکارەوە نیە و ئەم دوو وشەیە تەنیا پیتی(ش)یان هاوبەشە لەگەڵ وشەی شەبەکدا و دوای ئەوە شبانکارە هۆز نین، بەڵکو بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداربوون و لە ماوەی نێوان(٤٤٨–٧١٣ك/١٠٥٦–١٣١٣ز) فەرمانڕەوایی ناوچەیەکیان دەکرد لە هەرێمی فارس(١) و زمانیان گۆرانی و ماچۆیی نەبووە چونکە هیچ پەیوەندییەکیان بە وڵاتی گۆران و هەورامانەوە نیە، بێ گومان هیچ پەیوەندییەك و نزیکیەکیشی بە وشەی(شبك)ی عەرەبیەوەش نیە.

ئەی دەبێت شەبەك کێ بن و نەژادیان چی بێت و ناویان لە چیەوە هاتبێت؟.

بێ دوودڵی دەکرێت بڵێین شەبەك پاشماوەی هەمان هۆزە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە شەنبەك دەناسرا و لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زایینیەوە ناوبەناو ناوی کەسایەتیەکانی لە سەرچاوەکان دێت، شەنبەکیش لەسەر کێشی جەعفەر وەك فەیروزئابادی (م:٨١٧ك/١٤١٤ز) دەڵێت، ناوە و بۆ ناونانی کەسایەتی بەکارهاتووە(٢) و فەرموودەناسێکی دینەوەری هەیە بە ناوی ئەبو سەعید عوسمانی کوڕی ئەحمدی کوڕی شەنبەك (م: ٣٥٥ك/٩٦٦ز)(٣).

ئێمە نازانین شەنبەك چ واتایەك بەدەستەوە دەدات، بەڵام دڵنیاین لەوەی کە ناوێکی کوردیە و دەگەڕێتەوە بۆ کوردەکانی ناوچەی دینەوەر کە ئێستا شارێکی وێرانەیە و کەلاوەکانی دەکەوێتە نزیك شاری سەحنەی پارێزگای کرماشان، وشەکە لایەنی کەم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێهەمی کۆچی/نۆیەمی

---

(١) بڕوانە: مینورسکي، دائرة المعارف الاسلامية، مادة شبانكاره،١٣/١٥٤–١٦٠، زامباور، معجم الانساب والأسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، دار الرائد العربي (بيروت: ١٩٨٠)، ص٣٥١–٣٥٢. دواتر وەك مێژوونووس شيخ الربوة الانصاري دەڵێت بەهۆی هێرشەکانی مەغوڵەوە لەناوچوون و دوایان بڕایەوە، نخبة الدهر في عجائب البر والبحر (لايبزك: ١٩٢٣)، اعادت مكتبة المثنى ببغداد طبعه بالاوفسيت، ص١٧٩ .

(٢) شَنْبَكٌ، كجَعْفَر: والدُ عبدِ الله، وجَدُّ عثمانَ بنِ أحمدَ الدِّينَوريِّيْنِ، وجَدُّ عبدِ الله بنِ أحمدَ النَّهاوَنْدِيِّ المُحَدِّثينَ. القاموس المحيط، ص٨٧٠، الزبيدي، تاج العروس، ٢٧/٢٣٣.

(٣) الذهبي، تاريخ الأسلام، ٢٦ /٢٣١، القاموس المحيط، ص٨٧٠–٨٧١.

زایینی و بڕگەی دووهەمی وشەکە(بەك) هیچ پەیوەندییەکی بە (بەگ)ی تورکیەوە نیە، بەڵکو ئەم ناوە نزیکەی دوو سەدە بەر لە دەرکەوتنی تورکە سەلجوقییەکان هاتووە، دیارە دواتر نەوەی یەکێك لەوانەی ناویان شەنبەك بووە، بوونەتە بنەماڵە و بەرەباب و هەر کەسێك لە نەوەی شەنبەك ناوەکە بووە، بە شەنبەکی ناسراوە و گەڕێندراوەتەوە سەر باب و باپیرانی تا بووەتە خێڵێکی سەربەخۆ، پاش هەڵکەوتنی ئەبومحەمەدی شەنبەکی– و بوونی بە صۆفیەکی ناودار و ڕێبازێکی صۆفیگەری شەنبەکیش بووە ناوی ڕێبازێك.

وا دیارە شەنبەك هۆزێکی بچووك بووە و لە ناوچەیەکی شاخاویی تووش و لاتەریك نیشتەجێبووە، بۆیە بە نادیاری و گومناوی ماوەتەوە و جگە لە ناوەکەی هیچی لە بارەوە روون نیە، وەلێ باوڕ ناکەم لە راستیی دووربکەومەوە، ئەگەر بڵێم لە هۆزە نیشتەجێ و گوندنشینەکانی هەورامان و کرماشان بووە کە بە گۆران دەناسرێن، بەواتای نیشتەجێ و گوندنشین، ئەوانەی وا پتر بە جووتیاری و وەرزێرییەوە خەریکبوون، بۆیە ناو و رۆڵیان لە مێژووی سیاسی و جەنگاوەریی کورد دەگمەن بەرچاودەکەوێت و ئامادەبوونێکی ئاوهایان نیە.

تاکە پاساو و هۆکاری ناوهێنانی ئەم هۆزە لە سەرچاوەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە صۆفیەکی تۆبەکاری پایەبڵند و کەراماتداریان لەنێوی پەیدابووە و بووە بە یەکێك لە ئەستێرە درەوشاوەکانی جیهانی صۆفیگەری، ئەویش ئەبومحەمەدی شەنبەکیە کە لە سەدەی٥ك/١١ز ژیاوە و بە مەزندە نزیکەی ساڵی ٤٩٠ك/١٠٩٦ز مردووە و لەسەر دەستی کەڵە صۆفیەکی تۆبەکاری دیکەی کورد بەناوی ئەبوبەکری هاواری تۆبەیکردووە وچووەتە سەر ڕێگای راستی خوداپەرستی، (الزبيدي:م١٢٠٥ك/١٧٩٠ز) ئەبومحەمەدی شەنبەکی بە (القطب) ناودەبات(١)، دەربارەی نەژادیشی مێژوونوسان دەڵێن لە هۆزی شەنبەك (الشنبكية–الشنابكة) بووە(٢).

---

(١) تاج العروس،٢٣٤/٢٧ .

(٢) الواسطي، تذكرة المقتفين، ص ٢٢٢–٢٢٣، هەروەها بڕوانە: ابن المستوفي، تاريخ أربل، ١١٤/٢، ١٦٧/٢، الشعراني، الطبقات الكبرى، ١٣٣/١، التادفي، قلائد الجواهر، ص ٧٩، المناوي، الكواكب الدرية في تراجم السادة الصوفية، ١٨٢/١...هتد .

کوردانی شەنبەك لە مێژووی ئەیوبیش ئامادەییان هەیە با لە ئاستێکی کەمیش دا بێت، سەعیدی شەنەبکی لە گەورە سەربازانی میر علم الدین وەردەشار–وەردەساری کورد بوو لە یەمەن و لە شەڕێکدا هاتەکوشتن(١).

لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/چواردەهەمی زایینی، پاش دابڕانێکی درێژ کە دوو سەدەیەکی خایاند، ناو و دەنگوباسی هۆزی شەنبەك (الشنبكية) هاوشانی هۆزی داسنی و دونبلی لە سەرچاوەکاندا سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام ئەمجارە نەك لە کرماشان و هەورامان، بەڵکو لە دەڤەرێکی رۆژهەڵاتی موصلّ و لە بەشێکی دەشتی بەراوی مێرگ(المرج) کە دەکەوێتە نێوان موصلّ و ئاکرێیەوە، واتە هەمان زێدی ئەمڕۆی شەبەك–شەنبەك، لێرەش وەك هۆزێکی بنەهجیّ، دەستکورت ونەدار بوونە و بە کولەمەرگی بژێویی ژیانیان پەیداکردووە"طعامهم مبذول على خصاصة"(٢)، هەرچەند میر و بارەگایان هەبووە، (العمري) لە میانەی ناساندنی هۆز و خێڵەکانی چیاکانی کوردستان، دێتە سەر (الشنبكية) و دەڵێت:

"...دوای هەکاریەکان بەلای مێرگەوە چییای عومرانیە و ئەشکەوتی داود دێت، ئەم شوێنانە نیشتمانی شەنبەکیەکانە، هەرچەند کەمن بەڵام پارێزەر و رمهاوێژی شارەزان ...و هێزی چەکداریان لە پێنجسەد کەس تێناپەڕێت و میرەکەیان لە عومرانیە نیشتەجێە و ناوی...؟"(٣)، یاقوتی حەمەوی لە عومرانیە و ئەشکەوتی داود (كهف داود) دەدوێت و دەڵێت عومرانیە گوندێکی گەورە و ئاوەدان و قەڵایەکە لە رۆژهەڵاتی موصلّ و هاوسنوری دەڤەری شوش و مێرگە و

---

(١) اليامي، السمط الغالي الثمن في أخبار الملوك من الغزّ باليمن، ص٩٨–١٠٠.

(٢) الخَصَاصَة: أي الجوع وأصلُها الفقر والحاجة إِلى الشيء. ابن منظور، لسان العرب (فصل الخاء المعجمة)،٢٥/٧، واتە برسێتی ودەستکورتی و نەبوویی وەك لە قوئانیشدا هاتووە: (وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كانَ بِهِمْ خَصاصَةٌ)، سورة الحَشر/ ٩.

(٣) "والهكارية... و يليهم من قبل المرج، جبال العمرانية و كهف داود و هذه الاماكن اوطان الشنبكية، و قليل ما هم، لكنهم حماة رماة و طعامهم مبذول على خصاصة، و عدتهم لا تزيد علي خمسمائة و اميرهم مقيم بالعمرانية يقال له..." مسالك الابصار في ممالك الامصار، ٣٧٢/٣.

ئەشکەوتێکی لێیە بە ئەشکەوتی داود دەناسرێت(١)، ئەم دوو شوێنە تا ئێستاش ماون و بە هەمان ناوەوە دەناسرێن.

جێگای ئاماژەیە ناوی شەنبەکی و ژمارەیەك هۆز و شوێن و قەڵای کوردستان لە دەستنوسەکانی کتێبی (مسالك الابصار) بە زیاتر لە شێوەیەك هاتوون و لە هەر دەستنوسێك بە چەشنێکە، لە دەستنوسی کتێبی(صبح الاعشی)ش ئەم ناوانە زیاتر شێوێندراون و شەنبەکیە بە تەنبەکیە و توستەکیە و شێوەی دی هاتووە، هەروەها مەقریزی(م:٨٤٥ك/١٤٤١ز) شەنبەکیەی لە لیستی ناوی هۆزە کوردەکان داناوە(٢).

لە سەدەی شازدەهەمی زایینی و لە سەرەتاکانی سەردەمی عوسمانیدا، بۆ جارێکی دی ناوی هۆزی شەنبەك لە بەڵگە فەرمیەکانی دەوڵەتی عوسمانی سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام ئەمجارە بە کرتاندنی دەنگی(ن)و بە شێوەی شبك– شەبەك وەك یەکێك لەو هۆزە کوردانەی کە لە دەوروپشتی موصڵ نیشتەجێ و موڵکدارن:

– لە دەفتەری تاپۆی ساڵی ٩٤٦ك/١٥٣٩ز تایبەت بە ولایەتی موصڵ، ناوی ئەم هۆزە کوردانە هاتووە: باجوانلو، دونبڵی، کومار(؟)، کەرکوك عومەربەگ، کەرکوك لەك، کەڵهور(٣)، گۆگجەلو(٤)، قەرەناز(٥).

– لە دەفتەری تاپۆی ساڵی ٩٨٣ك/١٥٧٥ز دا، وێڕای ناوی زۆربەی ئەم هۆزانە، ناوی هۆزەکانی شاەقولی و شەبەك و سیامەنصوری و ساڵحی–ساڵەییش(٦)

---

(١) معجم البلدان، ٣/٣٥١.

(٢) الخطط المقريزية، ٣/٤٠٥.

(٣) دێیەکانی: باجوان، کومار–تۆمار(؟)، عومەربەگ–ئۆمەربەگ، کەرکووك لەك، کەڵهور تا ئێستاش ماون و لە دەوروبەری کەرکووکن .

(٤) گۆگجەلو– گۆگجەلی گوندێکی شەبەکنشینبوو و ئێستاش بووەتە گەڕکێکی موصڵ، گوندی گۆگجەش هەیە لە نزیك کەرکووك .

(٥) قەرەناز گوندێکە سەربە بەردەڕەش و دانیشتووانەکەی لە خێڵی گێژی سەر بە گۆرانن.

(٦) سیامەنصوری لە بنەڕتدا لە هۆزەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتە و گوندێکی سەر بە چەمچەماڵ– کەرکوکە هەیە بە ناوی سیامەنصور، ساڵحی–ساڵەییش و هۆز وناوچەیەکە لە نێوان کەرکووك و پردێ.

هاتووه(١) و ئەوە تۆمارکراوە کە داهاتی باجی مەڕومالآت لە جەماعەت–هۆزی شەبەك لە ناوچەی بەرتلە ١٠٠٠٠ ئاقچەیە(٢) و لە جەماعەت–هۆزی شەهوان ١٨٠٠٠ ئاقچەیە و لە تائیفەی داسەنی ٥٣٧٠٠ ئاقچەیە(٣).

– لە دەفتەری تەحریری ولایەتی هەولێر–ساڵی٩٤٩ك/١٥٤٢ز– هاتووە کە هۆزەکانی شەبەك و دونبالّی–دونبڵی و شاوەلی و بەختیار–بەختیاری و روج بیانی–رۆژبەیانی، سیامەنصوری، داودی، لەك، کەلهوڕ...هتد لە دانیشتووانی ولایەتن(٤).

– لە دوو بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوسمانیی هەمان سەدەدا ناوی شەبەك هاتووە و لەیەکێکیان دەردەکەوێت کە پەیوەندیی هەیە بە هۆزی کوردی بازیکی – پازۆکی(؟)یەوە(٥).

وابزانم ئەم بەڵگانە بەسن بۆ رەتکردنەوە و رەواندنەوەی ئەو هەواڵانەی کە گومان لە دێرینی هەبوون و کوردبوونی شەبەك دەکەن لە ولاّتی موصلّ.

ئەوەی لەم تیرە و خێڵ و هۆزانە جێگای سەرنج و شایەنی وردبوونەوە، ئەوەیە کە بنەچەیان–جگە لە دونبڵی–کوردستانی رۆژهەلاّتە و گوند و دێهاتەکانی کرماشان و هەورامان زێدی راستەقینەیانە و گومانێکی وا نیە کە لەوێوەوە هاتوون، بەدلیسیش لە ژێر ناویشانی کوردەکانی ئێران لە هۆزەکانی کەڵهور و لەك و سیامەنصوری دوواوە(٦).

---

(١) سعدي عثمان حسين، كردستان الجنوبية في القرنين، ص١٧–١٨، ١٧٥–١٧٦.

(٢) دراوێکی عوسمانیە بەهایەکەی چارەکە میسقالێکە.

(٣)على شاكر، ولايه الموصل فى القرن السادس عشر، أطروحة الدكتوراه(جامعه الموصل: ١٩٩٢)، ص١٦٠.

(٤) الأرشيف العثماني، دفتر تحرير مُفصل وإجمال ولاية أربيل سنة ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، ترجمة وتقديم د.خليل على مراد، الأكاديمية الكردية(أربيل:٢٠١٥)، ص٦٧–٩٢.

(5) -YUSUF HALACOGLU , ANADOU’DA ASIRETLER, CEMAATLER,OYMAKLAR(1453-1650)(ANKARA:2009),4/1531,5/2111.

(٦) شرفنامه، ص٥٥١–٥٥٩.

سێهەم- لە شەنبەکەوە بۆ شەبەک:

ئەگەر شەبەك و شەنبەك یەك ناو بن و شەبەکەکانی موصڵی سەرەتای سەردەمی عوسمانی، هەمان هۆزی شەنبەکی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینیی هەورامان وکرماشان و شەنبەکیەی قەڵای عومرانیە بن لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/چواردەهەمی زایینی. دوو پرسیار رووبەڕوومان دەبێتەوە: ئایا وشەکە چۆن و بە چ یاسایێك ئەم گۆڕانکاریەی بەسەرهاتووە؟ کەنگی و بۆچی کۆچیان کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێن وەك روونە لە کوردیدا هەر وشەیەك، ئەگەر دەنگی(ن) لە پێش دەنگی(ب)بێت، ئەوە نوونەکە دەبێت بە میم یان لاواز دەبێت و دەسوێت و گۆناکرێت، وەك:

- زەنبیل دەبێتە زەمبیل.
- بەرانبەر دەبێتە بەرامبەر یان بەرابەر.
- عەنبەر دەبێتە عەمبەر.
- قەنبەر و قەنبور دەبنە قەمبەر وقەمبور.
- دونبڵی دەبێتە دومبڵی...هتد، کە هۆزێکە هاونیشتنی شەنبەکی بووە و لە سەرچاوەکاندا ناسراوە، بەم دەستورەش ناوی شەنبەك، نوونەکەی سواوە و بووە بە شەبەك.

سەبارەت بە پرسیاری دووەم، لە راستیدا کۆچکردنی بەشێك لە هۆزی شەنبەك و نیشتەجێبوونیان لە مێرگ و دەشتایی نێوان موصڵ و ئاکرێ و چۆنیەتی ئەم کۆچکردنە بە ناڕۆشنی ماوەتەوە و ناکرێت کاتەکەی دەستنیشان بکرێت و هۆکارەکانی بسەلمێندرێت، تەنانەت کوردانی شەبەك بەخۆیشیان دەیانزانی لە باشوری ئێرانەوە هاتوون و خزموکەسیان لەودیو ماون، بێئەوەی بزانن ئەم کۆچەیان کەنگی و بە چ ئەگەر و هۆییێکەوە بووە(١).

هینری لایارد(١٨١٧-١٨٩٤)یش پێی وایە شەبەك پاشماوەی تیرە و بەرەبابە کوردەکانی ئێرانن، بێئەوەی پاساوێکی بۆ کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی

---

(١) بڕوانە نامەکەی داود چەلەبی(١٨٧٩ - ١٩٦٠) بۆ ئەحمەد حامد صەڕاف، الشبك، ص٨.

موصلّ هێنابێتەوە(١)، قەشە (سليمان الصائغ:١٨٨٦-١٩٦١)یش دەڵێت شەبەك و باجوان-باجوران لە ئێرانەوە هاتوون، بەلاّم مێژووی هاتنیان بۆ موصلّ نەزانراوە(٢)، بەبیّ بەلّگەش نارەوایە بلّێین لە ئەنجامی هێرشەکانی مەغۆلەوە بووە، وەلیّ ئەگەر ئەو راستیە بزانین کە لە روداوەکانی سەردەمانی بەر لە شالاّوەکانی مەغۆل، ناوی چەندین هۆزی کوردی دانیشتووی ناوچەکانی باکور و رۆژهەلاّتی موصلّ هاتووە، وەك: دونبلّی، داسەنی، مەهرانی، حەمیدی، کیکی یان کیکانی، مارانی، کەچی دەنگوباسی شەنبەکی نیە، ئەوە ناکرێت کاریگەری و باندۆری هێرشەکانی مەغۆل لەبەرچاو وەرنەگیرێت.

ئەوەش بەدوور نازانرێت کە ئەم شەنبەکیانە بە یاوەریی شێخ عەدیی کوڕی مسافر(م:١١٦٢/٥٥٧ز)ی شێخی کوردە عەدەوییەکان هاتبێتنە ناوچەکە، بە بەلّگەی ئەوەی کە شێخ عەدی هەڤالّ و هۆگری شێخ ئەبومحەمەدی شەنبەکی بووە، بەر لەوەی رووبکاتە ناوچەی لالش و شێخی شەنبەکی یەکێك بووە لە مامۆستاکانیو ئەم دوو صۆفیە دەرچووی یەك رێبازی صۆفیگەرین، ئەوەی ئەم بۆچوونەش پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە وەك ئەنستاس کرملی(١٨٤٦-١٩٤٧) دەڵێت تا سەرەتای سەدەی بیست، کوردە شەنبەکیەکان بەشدارییان لە ئاهەنگ و بۆنە ئاینییەکانی یەزیدییەکان دەکرد، بە تایبەت لە تەوافی مەزاری شێخ عەدیدا، کە سالاّنە لە مانگی ئەیلول سازدەکرا(٣).

لەلایەکی دیەوە، لە زووەوە لای هەمووان راستییەکی بەلّگەنەویست بوو کە شەبەك کوردن و بەر لە بلاّوبوونەوەی کتێبەکەی صەڕاف لە سالّی ١٩٥٤، باوڕ ناکەم کەس گومانی خۆی لە کوردبوونی شەبەك دەربڕیبێت، بەلّکو بە پێچەوانەوە هەر لەو دەمەی ناوی شەبەك کەوتە ناوانەوە، رۆژهەلاّتناسان و کوردناسان بە کورد دایاننناون، لەوانە :

---

(١) الشبك في العراق، ص٢٥.

(٢) تاريخ الموصل، المطبعة السلفية (القاهرة:١٩٢٣)،٥٥/١، أحمد شوكت، الشبك الكرد المنسيون، ص٦٠.

(٣) مجلة المشرق، العدد(١٣)، السنة الثانية :١٨٩٩، ص٣٩٥.

- هینری لایارد–ساڵی١٨٥٣.
- پیوتر لیرخ–١٨٥٦.
- ڤیتال کۆنییه–١٨٩١.
- ئینستاس ماری کەرملی–١٨٩٩.
- مارك سایکس– ١٩٠٨.
- وێگرام–١٩٢٤.
- هاری چارلس لوکی–١٩٢٥(١).
- مینۆرسکی–ساڵی ١٩٢٥، دەڵێت:"شەبەك گروپێکی ئایینی بە نەژاد کوردن"(٢) ...هتد.

هەموو بەڵگە و نیشانەکان بەرەو ئەو قەناعەتە ئاڕاستەمان دەکەن کە بڵێین ئەو کۆمەڵە خێڵ و تیرە و بنەماڵەیەی کە لە هۆزەکانی شەنبەك، لوڕ، لەك، کەلهوڕ، سیامەنصوری، باجوان، داودی، زەنگەنە، رۆژبەیانی... بوون و بەلای کەمەوە لە دەستپێکی سەردەمی عوسمانییەوە لە باکور و رۆژهەڵاتی موصڵ نیشتەجێ بووبوون و پێکهێنەری سەرەکیی کۆمەڵگای شەبەکن، لە بنەڕەتدا لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە هاتوون و وەك خەڵکانی گوندنشین بە چاندن و کشتوکاڵ و مەڕدارییەوە خەریك بوون و زاریان زیاتر گۆرانی بوو، ئەمانە بە پێچەوانەی هۆزە دەسەڵاتدارەکان کە خاوەندی هێزی چەکدار بوون، گەلێك کەمتر تووخنی کاری چەکداری و جەنگاوەری دەبوون، هەر بۆیە ناویان لە سەرچاوەکانا نەهاتووە، بەڵکو گوندەکانیان دەبووە ئامانجی هێرشی هۆزە چەکدارەکان و سوپای عوسمانی و سوپای ویلایەتی موصڵ.

---

(١) ب. لیرخ، دراسات حول الأكراد، ص٤٠، مارك سايكس، هۆزەکانی کورد، وەرگێڕانی حسین جاف (بەغدا :١٩٩٢)، ل٢٤، شاكر خصباك، العراق الشمالي، ص٢١٦، سهيل قاشا، الموصل في مذكرات الرحالة الأجانب خلال الحكم العثماني، دار الوراق (لندن: ٢٠٠٩)، ص١٥٢.

(٢) دائرة المعارف الاسلامية، مادة الشبك، ١٣/١٦٢– ١٦٣.

چوارەم– شەبەك لە سەردەمی عوسمانی:

گرفتێکی دیی مێژوو و پرسی شەبەك ئەوەیە کە پاش ناوهێنانیان لە دەفتەری تاپۆی سالّی ١٥٧٥ز ی ولایەتی موصلّ، ناو و دەنگوباسیان لە سەرچاوەکان نامێنێت یان زۆر دەگمەن دەبێت، تا ئەو رادەیەی گومان لە هەبوون و مانەوەیان بکرێت، هەرچەند دووپاتی هەبوونی کورد لەو دەڤەرانە دەکرێتەوە.

گەڕۆك و جوگرافیوانی عوسمانی ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقی (م:١١٠٢ك/١٦٩١ز) دەلّێت:"ئەیالەتی موصلّ لە شەش سەنجق پێکدهێت لەوانە: باجوانلو و قەرەداسنی....و دانیشتووانی لیوای باجوان–باجوانلو لە هۆزی باجەلّانن و هەندێکیان کۆچەرن و ئەوانەی دی جوتیار و وەرزێڕن"⁽¹⁾، بەلّام سەنجق یان لیوای باجوان تەنها گوندە شەبەکنشین و باجەلّاننشینەکانی رۆژهەلّاتی موصلّ ناگرتەوە، بەلّکو تا نزیك کەرکوکی دەگرتەوە و ئێستا باجوان گەورەدێیەکە لە رۆژئاوای کەرکوك و لە سەدەی شازدەدا دونمزبەگ میری باجوان بوو⁽²⁾، ئەبوبەکری دیمەشقی ئەوەش دەلّێت کە خەلّکی موصلّ بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی وفارسی و کوردی دەدوێن⁽³⁾.

هەروەها دۆمینیکۆ لانزا (١٧١٨–١٧٨٢) کوردی بە یەکێك لە پێکهاتەکانی موصلّ داناوە⁽⁴⁾ و گایتانۆ مۆرۆنیی ئیتالّی لە فەرهەنگەکەیدا– ناوەڕاستی سەدەی

---

(١) حاجي خليفه و ابو بكر بن بهرام الدمشقي، كتاب جهان نما(انقرة :٢٠٠٩)، ص٤٣١، ٤٥٢، خليل علي مراد، الكُرد و كُردستان في كتاب جهان نما، مطبوعات الأكاديمية الكردية (اربيل: ٢٠١٢)، ص٤٣، ٦٥.

(٢) مذكرات مأمون بك بن بيگه بك، الترجمة العربية، مطبوعات المجمع العلمي العراقي (بغداد:١٩٨٠)، ص٤١، ئەم دۆنمزبەگە لە بەلّگە عوسمانیەکانیش بەزۆری ناوی دێت، بڕوانە: فاضل بيات، الدولة العثمانية، ص٢٩٧–٢٩٩، ٣٦١.

(٣) كتاب جهان نما، ص٤٣٤، شایانی ئاماژەیە لە سالّی ٩٧٨ك/١٥٧٠ز باجوان لیوایەکی سەر بە ولایەتی شارەزور بوو، عماد عبدالسلام رؤووف، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، ص ٣٩٠.

(٤) ميرللا غاليتي، التراث الكردي في مؤلفات الإيطاليين، ص٢٥٠.

نۆزدە–دەڵێت "پێنجیەکی خەڵکی موصڵ مەسیحین و ئەوانی دی عەرەبی موسڵمان و کوردن"(١).

گەڕۆکی ئینگلیزی جۆن جاکسون–ساڵی١٧٩٧– دەڵێت زۆربەی دانیشتووانی موصڵ کوردن و عەرەب ئەمانە بە کورکس–Kurks ناودەبەن(٢).

مێژوونوسی موصڵی یاسینی عومەری(م:١٢٣٥ك/١٨٢٠ز) یەکێك لە کتێبەکانی تەرخانکردووە بۆ روداوەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی/ ساڵانی ١٧٨٦–١٨١٠ز و بە چڕی و پوختی لە روداوەکانی موصڵ و دەوروبەری دواوە و ناوی ناوچەکانی زاخۆ و شێخان و ئامێدی و شنگار و تلکێف و شەمامەك و ناڤکوڕ و روباری خازر و چیای مەقلوبی هێناوە و دەربارەی بزاڤ و هەڤڕکیی خێڵەکیی نێوان میر و هۆزە کورد و عەرەبەکان دواوە، لە میانەی ئاخافتنیدا ناوی ئەم هۆزە کوردانەی بردووە کە سێ چوارێکیان یەزیدین و ئەوانی دی موسڵمانن:

دنادی، سلێڤانی، موسییان، مەهمەدان، میهرەکان، قائیدی، بۆت–بۆتی، ئەسکری، شقاقی–شکاك، زێباری، مزوری، دۆسکی، بلّباس، دزەیی، خۆشناو، کەچی باسی هەبوونی هۆزێك یان گروپێکی نەکردووە بە ناوی شەبەك یان باجوران(٣)، وەلێ باسی هۆزی داودیی کردووە کە هەم لە بنەڕەتدا لە هۆزەکانی کوردستانی رۆژهەلاّتە(٤) و هەم پێکهاتەیەکی کۆمەڵگای شەبەکە، لە شوێنێکی دیدا باسی هاتنی هۆزی زراری و لەك دەکات لە شارەزورەوە و شەڕیان لەگەڵ هۆزەکانی موصڵ(٥).

---

(١) التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين، ص٢٨٨.

(٢) مشاهدات بريطاني عن العراق سنة ١٧٩٧، ترجمة د.خالد فاروق عمر، ص١٢٠.

(٣) ياسين بن خيرالله الخطيب العمري، عجائب الاثر في حوادث القرن الثالث عشر(الموصل: ١٩٤٠)، ص١٤–٤٠، ٥١–٧٠، ٨١–١٠٠ هتد.

(٤) مستوفى قزوينى، تاريخ گزيده، ص٥٥٠.

(٥) عجائب الاثر، ص٣٥ .

عەباس عەززاویش کە شارەزاییەکی تەواوی لە بەڵگەنامە و سەرچاوە دەستنوس و چاپکراوە تورکی و فارسیەکان هەیە و لە نوسینی کتێبە گەورەکەی (العراق بين الإحتلالين) پشتی پێبەستوون، دیارە هیچی لەمەڕ شەبەك بەرچاو نەکەوتووە.

هەروەها بە درێژایی سەردەمی عوسمانی تا دەستپێکی سەدەی نۆزدە، ئەو دەیان گەڕۆکە ئەورووپیانەی کە بە شارێگای موصڵ–هەولێر–کەرکوك– بەغدا گوزەریانکردووە و زانیاریی وردیان لەسەر شاری موصڵ و دەوروبەری بەدەستەوەداوە و گەواهی لەسەر هەبوونی کورد لە شارەکە دەدەن و بە درێژییش لەسەر کوردانی یەزیدی دەدوێن، کەچی بە ئاگاداری و سۆراخکردنی ئێمە هیچیان ناوی شەبەکیان نەهێناوە(١)، لەوانە گەڕۆکی ئەڵمانی کارستن نیبور (١٧٣٣–١٨١٥) لە گەشتنامەکەیدا –ساڵی ١٧٦٦ز– و لە رێگای چوونی لە هەولێرەوە بۆ موصڵ، سەردانی کرملیس و گوندەکانی شێخ ئەمیر و ئەمیدیان و بازگرتان و خەزنەتەپەی کردووە کە ئێستا شەبەکنشینن و ماوەیەکی باشیش لە موصڵ ماوەتەوە و گوند و ئاواییەکانی لە لیستێکدا تۆمارکردووە کە حاڵی حازر ژمارەیەکیان شەبەکنشینن لەوانە: عەلی رەش، بلاوات، گۆگجەلیل، تۆپزاوە، ئۆرتەخراپ، تلیارا، عومەر قاپچی، یارمجە ... هتد، زیاتر لە جارێکیش ئەو راستیە دووپاتدەکاتەوە کە دانیشتووانی ئەم گوندانە پێکدێن لە فەلە–مەسیحی و یەزیدی و موسڵمان بێئەوەی باسی هەبوونی هۆزێکی کورد یان باسکێکی ئایینی–مەزهەبی بکات بە ناوی شەبەك(٢).

لەو راپۆرتەی کە بەرپرسی عوسمانی حوسێن پاشا قازوقچی و حوسێن پاشای جەلیلی والیی موصڵ بە بۆنەی بەرگریکردن لە هێرش و گەمارۆی نادر شا

---

(١) سيستيني، رحلة من اسطنبول الي البصرة سنة ١٧٨١، الترجمة من الفرنسية الاب بطرس حداد، دار و مكتبة البصائر(بيروت:٢٠١٠)، ص٢١–٣٨، كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج سنة ١٨٢٠، الترجمة العربية (بيروت: ٢٠٠٨)، سهيل قاشا، الموصل في المذكرات الرحالة الاجانب، ص٢٥،٥٩،٧٩،١٦٠.

(٢) رحلة نيبور الكاملة الى العراق، دار الوراق(لندن: ٢٠١٢)، ص٣٢٨–٣٣٣، ٣٦٧– ٣٧٣.

لە ساڵی ١١٥٦ك/١٧٤٣ز ناردوویانە بۆ سوڵتانی عوسمانی هاتووە: "كە بیست و پێنج كەس لە لایەنگرانیان لە دەڵۆ و لەوەند یان وەند بەدیل گیراون كە دوو هۆزی كوردبوون"(١).

هەروەها هۆزی زەنگەنە لە مێژەوە لە شاری موصڵ و دەوروبەری نیشتەجێبووە و گەڕۆكێك لە گەشتەكەیدا ساڵی١٨٢٠ باسی گوندێكی هەزار ماڵەی كوردی زەنگەنە دەكات لە دامێنی چیای مەقلووب(٢)، ئەوەی جێگای پێكەنینە ئەوەیە كە سەعید دێوەچی دەڵێت زەنگەنە هۆزێكی عەرەبن لە (بنو أسد) لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند و ساماندار بوون بە زەنگەنە-كۆی زەنگین دەناسران(٣).

پاساوی ئەم غیابەی شەبەك دیارە ئەوەیە كە بەر لە سەدەی نۆزدە، هۆزێكی ئەوەندە گەورە نەبوونە و دانیشتووی ئەو دێهاتانە نەبوونە كە ناوچەیەكی فراوان دەگرێتەوە لە هەردوو لای ڕێگاكانی موصڵ بۆ شارەكانی كوردستان دهۆك و ئاكرێ و هەولێر و كەركوك، دەنا ڕێگای تێناچێت هیچ سەرچاوەیەك و هیچ گەڕۆكێكی ئەوروپی ئاماژەی بە هەبوونیان نەكردبێت. واتا وەك توێژەرێكیش دەڵێت تا دوادواییەكانی سەدەی نۆزدە، شتێكی وەها لە بارەی شەبەكەوە نەنووسراوە، وەك ئیتنییەكی ناسراو و باسوخواسیشیان لە ناو سەرچاوەكاندا زۆر بە كەمی و كورتی هاتووە، چونكە پتر خەریكی مەڕداری وكشتوكاڵ بوون و بەدەگمەن خوێندەواریان تێیدا هەڵكەوتووە، لەبەر ئەوەی هەم هۆزێكی بە ژمارە كەمبوون و هەمیش موسڵمان بوون، بۆیە ئەوەندە وەك مەسیحییەكان و یەزیدییەكان سەرنجی گەڕۆك و گەشتیارانیان ڕانەكێشاوە(٤).

بەڵام ئەم ناونەهێنانە، هەرگیز واتای ئەوە نیە كە شەبەك بوونی نەبووە، ئەوەتا كوردناسی ڕوسی پیوتەر لیرخ (١٨٢٨-١٨٨٤)، لیستێكی بە ناوی هۆز و خێڵە كوردەكانی سەدەی نۆزدە ئامادەكردووە و ناوی سەدان هۆز و خێڵ و تیرە و بنەماڵەی هێناوە و لەوانەش شەبەك كە دانیشتووی دوو سێ ئاوایی نزیك

---

(١) سعيد الديوجي، تاريخ الموصل، دار الكتب (الموصل: ٢٠١١)، ٢/٣٢٤، ٣٢٩.

(٢) المنشي البغدادي، رحلة المنشي البغدادي، ص١٣٢.

(٣) تاريخ الموصل، ٢/ ١١٦.

(٤) شەبەك، مێژوو و زمان و باوەڕیان، ل٤.

موصڵن، کەچی خێڵەکانی ڕۆژبەیان و باجەلان لە گوندەکانی نزیك دێری مارمەتی نیشتەجێبوون(١).

هاوکات لە ساڵنامەی عوسمانیی ساڵی ١٨٥٧ تایبەت بە لیوای موصڵ هاتووە: "موصڵ لەگەڵ ناحیەکانی شەبەك و باجوان و بۆت و مەقلوب..." و لە دەستنوسەکانی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم دا، ئاماژە بە زانایانی شەبەك و زمانی شەبەکی دراوە و مەولانا حوسێنی شەبەکی کتێبی(الحساب للفرائض)ی داناوە(٢) و شاعیری شەبەکی سەید عەبدوڵای مەئالی(م:١٢٩٨ك/١٨٨١ز)(٣) کە یەکێك بووە لە موریدانی تەکیەی شێخانی بریفکان، لە شیعرێکدا دەڵێت زمانم شەنبەکیە:

گەر هەممە یار و ویرین از دل ئاگاه حەزین
بزبان شەبەکی باچە و بە مەئالی غەزەلی(٤).

گومان لەوەشدا نیە کە هەر لە سەرەتای سەردەمی عوسمانیەوە، رایەڵە و سەردانی لە نێوان شەنبەکیەکانی موصڵ و خزمانیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نەپچڕاوە و تێکەڵی و هاتووچۆ بەردەوام بووە و تیرە و بنەماڵەی دیی کورد لەودیوەوە پەیتاپەیتا روویانکردووەتە ناوچەکانی موصڵ، نەخاسمە لە سەدەی هەژدەهەمەوە کە بە دەیان هۆز و تیرە و خێڵ و بنەماڵەی کوردەکانی ئەودیو لە ناوچەکانی کەرکوك و بەردەڕەش نیشتەجێ بوون، بەڵگەکانی عوسمانی ئاماژە بە نیشتەجێکردنی هۆزەکان دەکەن لەسەر رێگا گشتییەکان بۆ پاراستنی کاروانی

---

(١) دراسات حول الأكراد، ص٤٠، ٤٣–٨٥. لای زیاتر لە نوسەرێك، بەهەڵە لیرخ کراوە بە ریچ و گوایە کلودیۆس جیمس ریچ لە گەشتەکەیدا ساڵی ١٨٢٠ باسی شەبەکی کردووە.

(٢) محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ٢/٧٣، ٤/١٨٠.

(٣) ئەم ساڵە بە هەڵە کراوە بە ١١٩٨ك.

(٤) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ٢/٢٣٠–٢٣١، بۆ خۆشبەختی وەك م. محەمەد عەلی قەرەداغی دەڵێت دەستنوسی دیوانی مەئالی ماوە، لەوانەیە ناوەڕۆکی ئەم دیوانە زانیاری نوێ و دەگمەن لەخۆبگرێت دەربارەی دیرۆك و زمانی شەبەك .

هاتووچۆکردن، لەمڕووەوە شاعیر سەید عەبدوڵای مەئالی خۆی بە نەوەی زانای پایەبەرزی هەورامان و مەریوان ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی(م:١٠١٤ك/١٦٠٥ز) دادەنێت ودەڵێت:

أفلا ينظرون سطوة وجدي؟ اذ أبو بكر المصنف جدي
لا يكادون يفقهون حدي قائلا كنت في سروري وحدي(١).

دیارە موصەنیفی چۆڕی لە هۆزی شەبەك نەبووە، کەچی سەید عەبدوڵای مەئالی شەبەکی خۆی بە نەوەی ئەو داناوە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیە کە چەمکی شەبەك وەك ناوێکی ئیتنی تایبەت بە هۆزی شەبەکی–شەنبەکی نەمایەوە، بەڵکو فراوانکرا تا بووە ناوێکی گشتگیری کوردانی ناوچەکە.

لە هەمان کاتدا و وەك دیاردەیەکی باو لە مێژووی سەردەمی عوسمانی، تیرە و بنەماڵەی دیکەی هۆزەکانی هەولێر و بەهدینان لە زەرزاری و دۆسکی و ئۆرەماری و بریڤکی و شکاك... هتد روویان لەم ناوچانە کردووە و تێکەڵ و هۆگری کۆمەڵگای شەنبەکی بوونە و بەرەبەرە لە رووی زمان و بیروباوەڕی ئایینیەوە وەك شەنبەکیان لێهات تا بە مەزندە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا هێدی هێدی لەسەر حیسابی ناسنامەی خێڵەکییان، ناسنامەی شەبەکی کۆیدەکردنەوە. هەروەها ژمارەیەك بنەماڵە و تیرەی تورکمان و عەرەبیش لە چەند دێهاتێکی ناوچەکە نیشتەجێبوون و ئەمانیش بە شەبەك هەژمارکران، بۆ نموونە دانیشتووانی هەر دوو گوندی تیس خراپی گەورە و بچووك تورکمانی قزڵباشن لە هۆزی بەیات(٢) و شێخ عەلیی تورکمانی(م:١١٨٦ك/١٧٧٢ز) خەڵکی گوندی یەنگیجەیە و بە یەنگیجەلی ناسراوە(٣)، ئەمە وێڕای پتر لە دە گوندی تورکماننشین وەك هەردوو گوندی قەرەقۆینلوی خواروو و سەروو کە پاشماوەی

---

(١) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ٢/٢٢٩.

(٢) الشبك(شبانكارة –باجلان)، ص١١١–١١٢.

(٣) العمري، منهل الاولياء، ص٢٠٩.

توركمانی قەرەقۆینلون(١)، هەروەها هەندێك لەو دێهاتانەی كە دەكەوتنە سەر رێگای موصلٚ بەرەو شارەزور–لێرە مەبەست هەولێرە– توركماننشین بوون(٢).

تەنانەت ئیبراهیم پاشا، ئەو كەسەی كەوا بەقسەی خۆی راز و نهێنیی شەبەكەكانی بۆ ئەحمەد صەڕاف ئاشكراكرد، كابرایەكی توركمان بوو و بە توركمانی لەگەلٚ یەكدی دەئاخەفتن(٣).

پێنجەم– شەبەك كوردن و موسڵمانن:

هەر لە سەرەتای ئاشنابوونی سەرچاوەكان بە كوردی شەبەكەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، بە ئاگاداری ئێمە هیچ بەڵگە و ئاماژەیەك بەرچاوناكەوێت لەسەر ئەوەی كە ئایینێك یان مەزهەبێكی جودا لە ئیسلامیان هەبووبێت و بووبێتە جێگای سەرنج و لێدوانی مێژوونوسانی موصلٚ و گەڕۆك و گەشتیارە رۆژئاواییەكان كە زیاتر لە دیاردە جیاوازەكان و هەڵسوكەوتە نائاساییەكان دەدوان، وەك چۆن زۆربەیان لەسەر دابونەریت و جلوبەرگ و بیروباوەڕی كوردە یەزیدییەكان ئاخافتوون، ئەمەش بەڵگەیەكی دیە كە شەبەكەكان، موسڵمانێكی ئاسایی بوونە چ شیعە وچ سوننە و بیروباوەڕی وایان تێدا بەدی نەكراوە لە موسڵمانانی دی جیایان بكاتەوە و وایان لێبكات بە گروپێكی ئایینی جیاواز تەماشا بكرێن، ئەوەندە هەیە ئەوان لەسەر رێبازی هاواری–شەنبەكی بوونە كە رێبازێكی صۆفیگەری ئیسلامیە و لە لایەن ئەهلی سوننە و شیعەوە قبولٚكراوە و هیچ لەرێ دەرچوون و سەرپێچیەكی تێدا نەبووە، بگرە دەگمەن ئاماژە بە هەبوونی شیعە و شیعەگەری كراوە لە ولایەتی موصلٚ، چ جای شیعەی توندڕەوی وەك قزلٚباشی.

ئەنستاس ماری كرملی، لە لاپەڕەكانی(٥٧٧–٥٨٢)ی ژمارە(١٣)ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری (المشـرق)كە رۆژی ١–٧–١٩٠٢ دەرچووە، گوتارێكی بە

---

(١) العزاوي، العراق بين الأحتلالين، ٣/١٩٧–١٩٨.

(٢) عماد عبدالسلام رؤوف، الموصل في العهد العثماني(النجف:١٩٧٥)، ص٣٢١.

(٣) الشبك، من فرق الغلاة في العراق، ص٤–٦.

ناونیشانی (تفكهة الأذهان في تعریف ثلاثة أدیان) بڵاوكردووەتەوە دەربارەی صارەلی و باجۆران و شەبەك، پێشتریش لە گوتارێكیدا دەربارەی كوردە یەزیدییەكان، لە ژمارە(١٣)ی ساڵی دووهەمی گۆڤاری (المشرق) كە لە رۆژی ١–٧–١٨٩٩ دەرچووە، بە كورتی لە شەبەك دوواوە.

لەم دوو نوسینەدا، كرملی چەردەیەك زانیاریی نوێی بڵاوكردۆتەوە، كە بۆ ئێمە گرنگن بەوپێیەی كە لە نوسینە هەرە كۆنەكانن دەربارەی شەبەك.

سەبارەت بە صارەلی (الصارلیة)، دیارە لە سەدەی هەژدەهەم لە تەلعەفەریش هەبوون و ساڵی١٢١٠ك/١٧٩٥–١٧٩٦ز شەڕ وكوشتار لە نێوان صارەلی و باسكێكی دی بە ناوی ماولی (الماولیة)بەرپابوو(١).

كەچی سارلو بە–سین– خێڵێكی ناسراوی توركمانە و لە سەردەمانی حوكمڕانیی مەغۆل و توركمان–سەدەكانی ٨–٩ك/١٣–١٤ز، هاوشانی دەیان خێڵ و تیرە و بەرەبابی دیی توركمان و مەغۆل لە هەرێمی چیبیا و شارەزور بڵاوبوونەوە(٢) و شاه تەهماسبی صەفەوی (١٥٢٤–١٥٧٦ز) لە یاداشتەكانیدا، مەردومانی سارلو بە ئیلحاد و زەندەقە تاوانباردەكات(٣)، بەڵام روون نیە صارەلی و سارلو چ نزیكی و پەیوەندییێكیان بەیەكدیەوە هەیە؟ وەلێ عەززاوی بێ وردبوونەوە بڕیاری خۆی داوە و هەردوویانی تێكەڵ بەیەكدی كردووە(٤).

وەلێ ئەوەی جێگای گومان نیە ئەوەیە كە صارەلی وەك روونە توركمان نین، بەڵكو لە سەدەی حەڤدەهەمەوە كاكەیین(٥) و كوردی رەسەنن و زمانیان شێوەزارێكی كوردیە و خۆیان بە كوردی كاكەیی دادەنێن(٦).

---

(١) العمري، عجائب الأثر، ص٤٠.

(٢) بڕوانە: الغیاثي، تاریخ الغیاثي، ص١٩٨–١٩٩.

(٣) تذكره شاه طهماسب، إنتشارات شرق (تهران: ١٣٦٣ش)، ص١٦.

(٤) الكاكائیة في التاریخ، ص٣٢، العراق بین الاحتلالین، ٣/٣٧١–٣٧٢.

(٥) البرزنجي، النوافض للروافض، ص١٠٧.و بڕوانە: نفح الطیب وتذكرة اللبیب في تأریخ رحلة السید أحمد النقیب، مجلة كاروان، العدد(٤٦)(أربیل: تموز١٩٨٦)، ص١٥٦.

(٦) كرامرز، دائرة المعارف الاسلامیة، مادة صارلیة، ١٤/٩٦، سلیمان الصائغ، تاریخ الموصل، ١/٥٤.

هەرچی باجۆرانیشە ئەوە هیچیان لەبارەوە نازانرێت و لە مێژووی کورددا، ئامادەییەکی وایان نیە و وەك پێشتر ئامارژەم پێیدا لەو باوەڕەدام ئەمانە، نە باجوانن و نە باجەلأن و دوور نیە و بگرە زۆر نزیکە هەر جۆران—گۆران بن و لەلایەن دەرهاوسیٚ مەسیحیەکانیانەوە پێشگری(با)خرابێتە سەر ناویان کە لە زمانی سریانی دا ئامراز و نیشانەی شوێنە و هاوواتای(بیت)ی عەرەبیە و زۆربەی ناوی دیهات و ئاوەدانییەکانی ناوچەکە بە(با) دەستپێدەکات و باجۆران بەواتای ماڵ—نیشتمانی گۆران دێت و لە کتێبی جهانماش باجوان—باجوانلو هەم ناوی سنجق—لیوایەکە و هەم ناوی کۆمەڵە خەڵکێك یان خێڵێك، ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونەش پشتڕاستدەکاتەوە ئەوەیە کە باجورانیش شیعەی ئیسماعیلیی عەلی ئیلاهین و هاوبیری گۆرانەکانی ئەهلی هەقن لە کرماشان(١).

کرملی لە بەشی سێهەمی نوسینەکەی دەڵێت:

"شەبەك خەڵکانێکن بە نەژاد کوردن و ئاینێکی تایبەتیان نیە، لە گوندەوارێکی دەوروپشتی موصلٚ نیشتەجێن و زمانیان جیاوازە لە زمانی صارلی و شەبەکی زمانێکی تێکەڵەیە لە کوردی و فارسی و تورکی و هەندێکیان عەرەبیش دەزانن، میللەتێکی یەکتاپەرستن و لە رادەبەدەر ئیمامی عەلیان خۆشدەوێت و بە عەلی رەش ناویدەبەن و شتێکی وەها دەربارەی نوێژ و رۆژوو نازانن، بەڵکو کەربیان لەو کەسانەی خۆیان دەبێتەوە کە بەڕۆژوو دەبن و نوێژ دەکەن، جار بەجار بەشداریی کوردە یەزیدییەکان دەکەن لە بۆنەگەل و یادە ئایینیەکانیان و سەردانی مەزارەکانیان، پاشان هەمان ئاخافتنی گەڕۆکی فەرەنسی ڤیتالٚ کینیە دەڵێتەوە دەربارەی(لیلة الکفشة)(٢)، ئابوری و بژیویی ژیانیشیان پشت بە جوتیاری و ئاژەڵداری دەبەستێت، ئەوەی شەبەك و صارلی و باجۆران کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە نەژادیان کوردە، هەرچەندە هەندێك فارسیشیان تێدایە و نیشانەی دەموچاو و روخسار و بەژنوباڵا و شێوازی جەستەیانیش لە کورد دەکات(٣).

---

(١) دائرة المعارف الاسلامية، مادة الشبك، ١٦٣/١٣.

(٢) مجلة المشرق، العدد(١٣)، السنة الخامسة :١٩٠٢، ص٥٨١– ٥٨٢.

(٣) مجلة المشرق، ص ٥٨٢.

من پێم وایە ئەنستاس ماری کرملی و ئەوانی دی کە گوتویانە زمانی شەنبەکی تێکەڵە لە کوردی و فارسی و تورکی مەبەستیان ئەوەبووە کە بینیویانە لەم زمانە چەندین وشەی گۆرانی و هەورامی هەبووە کە لە زارەکانی کرمانجی نەبووەو لێرەوە بەهەڵە چوونە و ئەم وشانەیان بە فارسی و تورکی زانیوە.

دەربارەی (لیلة الکفشة)، کە گوایە سالانە شەوێك ژن و پیاو و گەورە و بچووکی شەبەکیەکان لە دەروازەی ئەشکەوتێکی مەزن بە نهێنی کۆدەبنەوە تا بەیانی خەریکی خواردن و خواردنەوە و کەیف و صەفاو رابواردن دەبن، پاشان ناشرینترین کردەوە ئەنجامدەدەن.

بەر لە هەر شتێك، پێویستە ئاگاداری ئەو راستیە بین کە لکاندنی ئەم بوختانە بە گروپ و باسکە ئایینیە جیاوازەکان بە مەبەستی ناوزڕاندنیان، بە تایبەت ئەوانەی دژی دەوڵەتی ئیسلامی و سوننەگەرایی بوون، نوێ نیە و یەکجار کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری سەرهەڵدانی دەستە و حیزبە نەیار و بەرهەڵستەکانی دەوڵەتی عەباسی و کاتی خۆی ئەندامان و لایەنگرانی بزاڤی بابەکی خوڕەمی(٢٠١-٢٢٣ك/٨١٧-٨٣٨ز) و بە هەمان بوختان تاوانباردەکران(١)، دواتر-سەدەی ١١ك/١٧ز- کاکەییەکانیش لەم چەشنە درۆ و بوختانانە دەرباز نەبوون(٢)، گەڕۆکی ئیتالیش دومینیکۆ سیستینی(١٧٥٠-١٨٣٢) -ساڵی ١٧٨١- گوێی لە هەمان بوختان بووە دەرهەق کوردە یەزیدییەکان(٣)، دیارە مەلا کورتبین و توندڕەوەکان رۆڵیان کەم نەبوو لە ورووژاندنی ئەم تەرزە بوختان وتوهمەتانە(٤).

لە راستیدا تاکە سەرچاوەی ئەم ئاخافتنەی دەرهەق شەبەك، نوسینەکەی گەڕۆکە فەرەنسیی ڤیتال کینیە Vital Cuinet- ساڵی١٨٩١، ئەنستاس لێرە و هەروەها مینۆڕسکی لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی، هەمان زانیارییان بڵاوکردووەتەوە و ئاماژەیان بە نوسینەکەی ڤیتال کینیە داوە(٥).

---

(١) بڕوانە: البغدادي، الفرق بین الفرق، ص٢٤٠، الغزالي، فضائح الباطنیة، ص٢٣.

(٢) البرزنجي، النوافض للروافض، ص١٠٦، الکاکائیة في التاریخ، ص ٧٥-٧٦.

(٣) سیستیني، رحلة من اسطنبول الی البصرة، ص ٢٧.

(٤) گوبینو، سه سال در أسیا، ص٢٤٧.

(٥) مجلة المشرق، العدد(١٣)، السنة الثانیة :١٨٩٩، ص٧٣٢، دائرة المعارف الاسلامیة، مادة الشبك، ١٣/١٦٢- ١٦٣.

کرملی بەخۆیشی دەڵێت ئەوەی ناوی شەبەکی بەم بوختانە زڕاند، مەسیحیەکانی ناوچەکە بوون بێئەوەی لە راستی و دروستی ئەم هەواڵە بکۆڵنەوە(١)، لە گوتارێکیش دا لە گۆڤاری (المقتطف) کە بە ناوێکی خوازراوەوە بڵاویکردۆتەوە، لەو ئاخافتنەی پەشیمان بۆتەوە و ئەم بوختانەی رەتکردۆتەوە(٢)، هەروەها ئەحمەد صەڕافیش بە توندی رەتیکردۆتەوە(٣).

بۆمان هەیە بپرسین کام ئەشکەوتی گەورە لەو ناوچەیە هەیەو چۆن ئەو هەموو خەڵکە لەو شوێنە کۆدەبنەوە، دیارە ئەمە هەواڵێکی هەڵبەستراوەو مەسیحیەکانی ناوچەکە بە گەڕۆکە فەرەنسیەکەیان گوتووە، پاشان لە موصڵ بزاڤێکی مێژوونوسی بەرفراوان هەبووە و چەندین مێژوونوسی گەورە دەرکەوتن، وەك یاسین و محەمەد ئەمینی کوڕانی خەیروڵای عومەری کە چەندین کتێبیان هەیە دەربارەی دەنگوباسی موصڵ، هەروەها هەموو ئەو گەڕۆکانەی سەردانی ئەو ناوچەیەیان کردووە هیچیان ئاماژەیان بە شوێنێکی لەو چەشنە نەکردووە، لەمەش گرنگتر لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە، بزاڤێکی سەلەفیی توندڕەو دەرکەوت کە دامەزرێنەرەکەی ئەحمەدی کوڕی کۆێلە یان کولە(الکولە) بوو(م: ١٧٥٨ز)، دوای خۆی محەمەدی کوڕی درێژەی بە رێبازەکەی داوە و یەکێك لە دروشمەکانیان ئەوەبوو کە دژی بزاڤەکانی صۆفیگەری و پیاوچاکان و دەرویشان راوەستن(٤).

ئەوانیش هیچ ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە شەبەك کارێکی دوور لە جەوهەری ئیسلام ئەنجامدەدەن، هەروەها ئەگەر کارێکی وەها هەبوایە، ئەوا گومان لەوە نەدەکرا کە مەلا و پێشنوێژانی ناوچەکە و ولایەتی موصڵ ، فەتوایان لە دژ دەردەکردن و تەکفیریان دەکردن و بانگەوازی جیهادیان لە دژ دەدان، وەك چۆن لە دژی یەزیدییەکان دەدرا و شێخ عەبدوڵای ربتکی(م:١١٥٩ك/١٧٤٦ز)و زانایانی دی لەمبارەیوە فەتوایان هەیە(٥).

---

(١) مجلة المشرق، العدد(١٣)، ص٧٣٢.

(٢) الطريقة الصفوية ورواسبها، ص٥٤ .

(٣) الشبك، ص١٤١– ١٤٢، الطريقة الصفوية ورواسبها، ص٥٤ .

(٤) الموصل في العهد العثماني، ص٤٠٨–٤١٠.

(٥) الديوجي، تاريخ الموصل، ٢٠٨/٢، و بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگای دەستخەتەکانیانەوە، ١٤٦/٣.

دوور نیە مەبەست لەو ئەشكەفتە و زیارەتكردنی، ئەشكەفتی داود(كهف داود) بێت كە وەك باسكرا نیشتمانی شەنبەكیەكان بوو و لەبەر پیرۆزیەكەی خەڵكی ناوچەكە لە مێژەوە وەك یاقوتی حەمەوی دەڵێت زیارەتیان دەكرد(١) و ڕەنگە هەر لەوێ یادی عاشورا و بۆنە ئایینیەكانی دیان كردبێتەوە، ئەم زیارەتەش لە لایەن كەسانی دی و نەیارانی كوردانی شەبەكەوە بەمەبەستی ناوزڕاندنیان خراپ لێكدراوەتەوە.

شەشەم– شەبەك لە شوێنكەوتووانی ڕێبازە صۆفیگەریەكانن:

دوای مردنی ئەبو محەمەدی شەنبەكی، هەر لە خەڵوەتگاكەی خۆی لە گوندی (الحدادية) لە خوارووی عێراق نێژراوە و گۆڕەكەی گڵكۆی لەسەر چێكراوە و لەودەمەوە بووە زیارەتگا و وەك شوێنێكی پیرۆز خەڵكی سەردانیان دەكرد، دواتر كوڕ و وەچە و لایەنگر و شاگردانی ئەبوبەكری هاواری و ئەبومحەمەدی شەنبەكی نەیانهێشت یادەوەری و شوێنەواریان كوێرببێتەوە و بیروباوەڕ و هزری صۆفیگەرییان ببڕێتەوە و درێژەیان پێدا، تا وەك تەریقەت و ڕێبازێكی صۆفیگەری لێهات كە لە سەرچاوەیەكدا بە ڕێبازی هاواری شەنبەكی (السلسلة الشنبكية الهوارية) ناوبراوە(٢)، كە هاوتەریبی ڕێبازەكانی قادری و رفاعی و سوهرەردی لە ناوەوە و دەرەوەی كوردستان جەماوەری خۆی هەبوو، لە دیارترین شاگردان و درێژەپێدەرانی ئەم ڕێبازە:تاج العارفين ابو الوفای نەرگسی(م: ٥٠١ك/١١٠٧ز) كە لە نێوخۆی كوردستان بە پیرشەهریاری هەورامان دەناسرێت، محەمەدی كوڕی ڕۆستەم ناودار بە جاییگیری كورد(جاكير الكردي)، محی الدين عەلیی كوڕی عیسای هاواری كە بە سەید صادق دەناسرێت و باژێڕی سەید صادق بە ناوی ئەوەوە ناونراوە(٣).

---

(١) معجم البلدان، ٣/٣٥١.

(٢) الواسطي، تذكرة المقتفين، ص١١٨.

(٣) لە كتێبی(لەبارەی كەلتور و مێژووی كوردەوە) بە درێژی لە بارەیانەوە دوواوم.

لێرە بەدواوە وێرای شەنبەکی وەك هۆزێکی کورد، ڕێبازی صۆفیگەریی شەنبەکیش هاتەگۆڕێ(١)، بەواتایەکی دی شەنبەکی لە پاڵ چەمکی خێڵەکی نەتەوەیی، چەمکی ئایینی و مەزهەبیشی لەخۆگرت و شەنبەکی بووە مەزهەبێکی صۆفیگەریی ناسراو و خاوەند لایەنگر وئەندام و تەکیە و خەڵوەتگا، وەلێ مخابن بە پێچەوانەی ڕێبازەکانی دیکە، پێزانین و دەنگوباس لەسەر ئەم ڕێبازە یەکجار کەمە و ئەوەی هەشە پەیوەستە بە دەرەوەی کوردستان، ئەوەندە هەیە گڵکۆکەی ئەبومحەمەدی شەنبەکی لە گوندی (الحدادية) بووە خەڵوەتگایەکی گەورە و بارەگای بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکە و نەوە و مورید و شاگردانی لە ڕێنوێنیی خەڵکی و بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەیان بەردەوامبوون، لەوانەش (موفق الدين علي بن محمد بن عبدالرحمن الشنبكي:م ٦٨٨ك/١٢٨٩ز)(٢).

هەروەها شێخ كمال الدين يونسی کوڕی تاج الدين محەمەد وەك باب و باپیرانی، خۆی بۆ دینداری و خوداپەرستی تەرخانکردووە و لە زۆنگاوەکانی حەوێزە گۆشەگیر بووە و بە (الشنبكي الحويزي) نابراوە و ئەوەندی لە بارەوە دەزانرێت کە (ابوالفتوح الطاوسي:م٨٧١ك/١٤٦٦ز) ڕێباز و خەرقەی توستەریی(٣) لە كمال الدين يونسی شەنبەکیەوە وەرگرتووە ولە نامیلکەی (جمع الفرق لرفع الخرق) باسیکردووە(٤).

وێڕای کوردستان و عێراق، ڕێبازی شەنبەکی گەهیشتە مصریش و خەڵوەتگا و تەکیەی شەنبەکی لە قاهیرە هەبوو، پیاوچاکێکی شەنبەکی کە لە قاهیرە ژیاوە و مردووە و گۆڕ و گڵکۆکەی لە گەڕەکی ئۆزبەگیەیە(الأزبكية)، بەلاّم ڕوون نیە ناوی چیەو و چ پەیوەندییەکی بە ئەبوبەکری شەنبەکیەوە هەیە، ئایا کوڕ یان نەوە یان یەکێك لەلایەنگرانی بووە، ئەوەندە هەیە لە ساڵی ٩٣٣ك/١٥٢٦ز سیدی

---

(١) بڕوانە: الواسطي (ت٧٤٤هـ/١٣٤٤م)، ترياق المحبين في طبقات خرقة المشايخ العارفين، ٢/٢– ٥، محمد علي زاهر أبي الوفا، اللؤلؤ الفريد في ذكر كلمة التوحيد في الطريقة الوفائية الشنبكية الخلوتية، مطبعة السعادة (القاهرة:١٩٢٨).

(٢) ابن الفوطي، مجمع الآداب في معجم الالقاب، ٥/٦٣٨.

(٣) ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ صۆفی سەهلی توستەری(م:٢٨٣ك/٨٩٧م).

(٤) الكتاني، فهرس الفهارس، ٢/٩١٤–٩١٥.

ئەحمەدی كوڕی حاجی محەمەدی شەنبەكی كە ئەمیش نازانرێت بە خۆی لە بنەماڵەی شەنبەكی بووە یان موریدی ڕێبازی شەنبەكی بووە، هەڵساوە مزگەوتێك و خەڵوەتگایەكی لەسەر گۆڕی شەنبەكی بنیادناوە و دواتر ئەو گەڕەكەی ئەم خەڵوەتگایەی لێ بووە هەر بە (حارة الشنبكية) ناسراوە(١)، وا دیارە صۆفی و موریدانی ڕێبازی شەنبەكی لە قاهیرە كەم نەبوون، لەوانە ناصرالدینی كوڕی محەمەدی شەنبەكی كە صەفەدی(م:٧٦٤ك/١٣٦٢ز) لە بازاڕی كتێبفرۆشیی قاهیرە چاوی پێیكەوتووە"(٢).

هەروەها شەنبەك–شەبەك و تیرە و بنەماڵەكانی دیی كوردی شارەزور و كرماشان و هەورامان، دەستبەرداری بیروباوەڕی ڕێبازی(هاواری–شەنبەكی–وەفائی)نەبوون و لەگەڵ خۆیان بردیانە هەواری نوێیان، پیاوچاك عەلی جاكیری–جاییگیری كە لە گۆڕستانی عەنناز (عنَّاز الاسود) لە موصڵ نێژدراوە، ڕەنگە لە ڕووی بیروباوەڕی صۆفیگەریەوە یان بە خزمایەتی، جۆرە تێكەڵییەكی بە شێخ جاكیری كوردەوە هەبێت كە ناودارترین شاگرد و درێژەپێدەری ڕێبازی ناوبراو بوو، محەمەد ئەمینی عومەری (١٧٣٨– ١٧٨٨ز) دەڵێت لەوانەیە لە نەوەی شێخ جاكیر بێت یان ڕاستتر موریدی ڕێبازەكەی بێت، ئەو ڕاستیەش ئاشكرا دەكات كە ناو و یادی شێخ جاكیر دەنێو كوردانی موصڵ زیندووە و ئەمەش وای لێكردووە كە بڵێت لەوانەیە هەر لە خۆیان بێت(٣).

ئەوەی شایانی سەرنجە گۆڕەكەی عەلی جاكیری –جاییگیری بەلای كوردە موسڵمان و یەزیدیەكانەوە جێگایەكی زۆر پیرۆزبووە و هەردەم سەردانیان كردووە و نەزر و نیازیان لەلا گرتۆتەوە، تەنانەت لە كن كەسانی دزەوەش ڕێزی لێگیراوە(٤).

جگە لەمە، پیاوچاكێكی دی بە ناوی حاجی ئەبوبەكری كوڕی (سلطان العارفین شیخ جمال الدینی الحسینی أبوالوفا) لە گۆڕستانێكی باكوری شورای

---

(١) علي مبارك باشا، الخطط التوفيقية، ٩٠/٦.

(٢) أعيان العصر وأعوان النصر، ١٦٧٧/٤.

(٣) العمري، منهل الأولياء ومشرب الأصفياء(الموصل:١٩٦٨)، ١٠٦/٢–١٠٨.

(٤) المصدر نفسه، ١٠٨/٢.

موصلٚ–واتا له نزیکی گوندەکانی شەبەك–نێژرابوو، گۆڕ و گڵکۆی ئەمیش لەکن خەڵکی شوێنێکی پیرۆزبوو، محەمەد ئەمینی عومەری بە هەڵەدا چووە و ئەم ئەبولوەفایەی لەکن بووەتە(تاج العارفین) ئەبولوەفای نەرگسی(١)، سێهەمی سێکوچکەی رێبەرانی رێبازی (هاواری –شەنبەکی–وەفائی)، کە ئەمیش بە سەیدی حوسێنی–نەوەی ئیمام حوسینی کوڕی عەلی –دادەنرا، بەڵام ناکرێت پەیوەندیی روحی نێوان ئەم دوو (ابوالوفای الحسیني)یە رەتبکرێتەوە و بە رێککەوت نیە کونیە و نازناوی هەردووکیان وەك یەکە.

له سەدەکانی دوواتر–وەك بۆمان دەرکەوت– پەیتا پەیتا کوردانی رۆژهەڵات روویاندەکردە ولایەتی موصلٚ و ئەمانیش شێوەزار و بیروباوەڕی ئاییینیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت وهێنایان، ئەوەتا سەرباری هاوزمانی، جۆرە لێکچونێکیش بەدیدەکرێت له نێوان بیروباوەڕی شەبەك و باجۆران و ئیمام ئیسماعیل(٢)پایەیەکی تایبەتی هەیە لەکن هەر دوو لایان.

بەمەزەندە لە کۆتاهی سەدەی هەژدەهەم یان نیوی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بیروباوەڕی صۆفیگەریی قزڵباشی و بەکتاشی لە رێگای خێلٚ و بنەماڵە تورکمانەکانەوە لەناو دێهاتێکی شەبەك بڵاوبووەتەوە، وەکو زانراوە زۆربەی رێبازە صۆفیگەرەکان هەرچەند سەرەتا و لە کۆتاهی سەردەمی عەباسییەوە، سوننی بوون و ئیمامی عەلی و ئەندامانی بنەماڵەی پێغەمبەر ئامادەییەکی وەهایان لەم رێبازانە نەبوو، بەڵام بەرەبەرە تەصووف لە سوننەگەریەوە چووە ئامێزی شیعەگەریەوە(٣).

---

(١) المصدر نفسه، ٢/١٣٤–١٣٥. تاج العارفین ئەبولوەفای نێرگسی هەر پیر شالیار– شەهریاری هەورامانە.

(٢) ئەو ئیسماعیلەی لای ئەم باسکە شیعیانە پیرۆز و پایەبەرزە، ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری صادقە(م:١٤٥ك/٧٦١ز) و ناوی شیعەی ئیسماعیلی لە ناوی ئەمەوە وەرگیراوە، نەك ئیسماعیل پێغەمبەر وەك ئەنستاس ماری کرملی تێیگەیشتووە و نە ئیسماعیلی صەفەویش وەك (کامل الشیبي) بە ئەنقەسد لێکیداوەتەوە تا ئەمەش بکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە شەبەك پاشماوەی شیعەی قزڵباشیی صەفەویە، الطریقة الصفویة ورواسبها، ص ٥٠.

(٣) بڕوانە: کامل الشیبي، الصلة بین التصوف والتشیع، منشورات الجمل (بیروت:٢٠١١).

– ئەنجام :

– شەبەك بە نەژاد و بە زمان کوردن و زمانیان یەکێکە لە شێوەزارەکانی گۆرانی و هەورامی و زۆر نزیکە هەمان هۆزی شەنەبك بێت کە لایەنی کەم لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینیەوە هۆزێکی ناسراوی گۆران و گوندنشین بووە و بەهۆی صۆفی ئەبومحەمەدی شەنبەکیەوە لە سەرچاوەکان ناسراوە.

– بەشێکی ئەم هۆزە، لە ئاکامی هۆکارێك یان زیاترەوە لە سەدەکانی ٧–٨ك/١٣–١٤ز لە رۆژهەڵاتی موصڵ گیرساوەتەوە ودواتر لە سەردەمی عوسمانیدا، لە دێهاتەکانی سەر بە بەرتللە نیشتەجێ بووە و هۆزێکی جێگیر و گوندنشین و مەڕدار بووە و ساڵانە باجی مەڕو ماڵاتی داوەتە دەسەڵاتدارانی عوسمانی، بە تێپەڕبوونی رۆژگار و بەپێی تایبەتمەندی و یاسای زمانی کوردی دەنگی (ن) لە وشەی شەنبەك سواوە و بووە بە شەبەك.

– بە هۆی رەوشی تایبەتی ژیانیانەوە و بە پێچەوانەی هۆزە چەکدارەکانەوە، شەنبەك کەمتر ناوی لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بەڵام چونکە خاوەند رێبازێکی صۆفیگەری بووە و هەندێك هۆزی دیکەی کورد وەك باجوان و رۆژبەیانی و کەلهوڕ و لەك و زەنگەنە و داودی، کە لە کرماشان و هەورامانەوە هاتبوون، ئەمانەش هاونشینی شەبەك بوون و زمانیان لەیەك نزیك بووە، بۆیە زیاتر ناوی شەبەکیان بەسەر دابڕا، واتا دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان شەبەك یان شەنبەك، وەك هۆزێکی بچووکی ناو کۆنفیدراڵیەکی خێڵەکی لە رۆژهەڵات و باکووری موصڵ و شەنبەکی وەك رێبازێکی صۆفیگەری کە دامەزرێنەرەکەی لەم هۆزە بووە و شەبەك وەك دێهستان–گوندەوارێك کە سەرباری شەبەك خێڵ و تیرە و بنەماڵەی دیکەی دەگرتەوە.

– بیروباوەڕی صۆفیگەرانەی ئەبو محەمەدی شەنبەکی لەگەڵ ئەبوبەکری هەواری و ئەبولوەفای نێرگسی وەك رێبازێکی صۆفیگەری لێهات و بووە درێژەپێدەری رێبازی توستەری کە دەگەڕێتەوە بۆ صۆفیی ناودار سەهلی توستەری، لە سەدەکانی دواتر ئەم رێبازە لە جیهانی ئیسلامی بڵاوبووەوە و

گەیشتە مصریش و چەندین شاگرد و موریدی و لایەنگری ئەم ڕێبازە هەروەها کوڕ و نەوەکانی ئەم ڕێبازە درێژەیان بەم ڕێبازەدا.

– خاڵێکی دیکەی کۆکەرەوەی کوردی شەبەك و ڕێبازی هاواری–شەنبەکی– وەفائی ئەوەیە کە ئەم کوردانە بیروباوەڕ و ژمارەیەك کاراکتەری ڕێبازەکەیان بردە نیشتمانی نوێیان.

– دواتر بیروباوەڕی صۆفیگەریی قزڵباشی و بەکتاشی لە ڕێگەی بنەماڵە تورکمانەکانەوە لەناو شەبەك بڵاوبووەوە و بەهۆی دەرهاوسێتی و تێکەڵبوونەوەش لەگەڵ صارلی و یەزیدی و مەسیحیەکانەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ئەم ئایینانە، مەزهەبە صۆفیگەرییەکانیش مەرجەعی جێگیریان نیە، بەڵکو بەردەوام بیروباوەڕ و لێکدانەوەی نوێیان بۆ دێت و ئەم ڕێبازانە بەردەوام لە گۆڕانکاریدان و ڕێبازی شەنبەکیش لەم ڕاستییە بەدەر نەبووە.

وێنەکان



کلکۆی سوڵتان ئیسحاق لە کوندی پەردیوەر. شێخان لەگەڵ ڕەزداران
سوداد رسول و محمد رشید امینی ١٨-٣-٢٠١٨



آستان مقدس حضرت سلطان سهاک

گلکۆی پیر میکائیل لە گوندی دەودان ـ پاوە ١٩-٣-٢٠١٨



مزگەوتی (ابواحمد الشنبكي) لە شەقامی شەنبەکی لە قاهیره

سەرچاوەکان

أ- بە زمانی عەرەبی:

- أحمد شوكت، الشبك، الكُرد المنسيون، منشورات وزارة الثقافة(السليمانية:٢٠٠٤).
- إدمونز، س، ج، كورد وتُرك وعَرب، ترجمة جرجيس فتح الله، دار آراس(أربيل: ٢٠١٢).
- الأربلي، علي بن عيسى بن أبى الفتح(ت:٦٩٢هـ/١٢٩٣م).
- كشف الغمة في معرفة الأئمة، دار المرتضى(بيروت:٢٠٠٦).
- الأردلاني، زين العابدين بن يوسف بن محمد الكوراني(ت: بعد١٠٧٠هـ/١٦٦٠م).
- اليمانيات المسلولة على الرافضة المخذولة، في كتاب (رسائل في الرد على الرافضة)، جمع وتحقيق حمدي عبدالمجيد السلفي، مطبعة خبات(دهوك: ١٩٩٧).
- الأرشيف العثماني، دفتر تحرير مُفصل وإجمال ولاية أربيل سنة ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، ترجمة وتقديم د.خليل علي مراد، الأكاديمية الكردية(أربيل:٢٠١٥).
- الأشعري، ابوالحسن علي بن إسماعيل بن إسحاق(ت: ٣٣٠هـ/٩٤٢م).
- مقالات الإسلاميين وإختلاف المصليين، دار الحديث(القاهرة: ٢٠٠٨).
- الباليساني، طه بن يحيى بن سليمان الكردي(ت:١٢٠٥هـ/١٧٩٠م).
- رحلة الشيخ طه بن يحيى الكردي، ت:علي عيسى النجم، دار الكتب العلمية(بيروت:٢٠٠٧).
- البدليسي، الأمير شرفخان بن شمس الدين(ت:١٠١٠هـ/١٦٠١م).
- شرفنامه، ترجمة محمد جميل الملا أحمد الروزبيانى، ط٢(أربيل:٢٠٠١).
- البرزنجي، محمد بن عبدالرسول(بابا رسول)الحسيني(ت: ١١٠٣/١٦٩١م).
- الفصول في مناقب السيد عبدالرسول، نشره د. عماد عبدالسلام في كتابه: دراسات وثائقية عن تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، دار الزمان(دمشق: ٢٠١١).
- النوافض للروافض، نشره ابو عبدالرحمن النعيمي في موقع www.archief.org .
- البغدادي، عبدالقهار بن طاهر الأسفراييني(ت: ٤٢٩هـ/١٠٣٧م).
- الفرق بين الفرق، دار الآفاق الجديدة (بيروت: ١٩٧٧).
- ابن الجوزي، أبوالفرج عبدالرحمن بن علي(ت: ٥٩٧هـ/١٢٠٠م).
- المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، دار الكتب العلمية(بيروت:١٩٩٢).
- جون جاكسون، مشاهدات بريطاني عن العراق، الدار العربية للموسوعات (بيروت:٢٠٠٠).
- الحلي، العلامة جمال الدين الحسن بن يوسف بن المطهر(ت:٧٢٦ه/١٣٢٦م).
- الألفين في إمامة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب، مكتبة الألفين(الكويت:١٩٨٥).
- الخصيبي، الحسين بن حمدان(ت:٣٣٤ه/٩٤٦م).

- الهداية الكبرى، مؤسسة البلاغ (بيروت:١٩٩١).
- خليل علي مراد، الكُرد وكُردستان في كتاب جهان نما، الاكاديمية الكردية(أربيل: ٢٠١٢).
- خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وإيران، المركز القومي للترجمة (القاهرة: ٢٠٠٩).
- دائرة المعارف الاسلامية، كرامرز، مادة صارلية، ج ١٤، مينورسكي، مادة أهل الحق، ج٣، مادة السلطان إسحاق ج١١، مادة الشبك، ج ١٣.
- الذهبي، شمس الدين محمد بن عثمان بن قايماز(ت: ٧٤٨هـ/١٣٤٧م).
- تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، دار الكتاب العربي(بيروت:١٩٩٣).
- ريج، كلوديوس جيمس، رحلة ريج سنة ١٨٢٠الى العراق، الترجمة العربية(بيروت: ٢٠٠٨).
- الزَّبيدي، محمّد بن محمّد بن عبد الرزّاق الملقّب بمرتضى(ت: ١٢٠٥هـ/١٧٩١م).
- تاج العروس من جواهر القاموس، دار الهداية(بلا).
- زهير كاظم عبود، الشبك في العراق، ط٤، المؤسسة العربية(بيروت:٢٠٠٩).
- السجستاني، ابو يعقوب إسحاق بن أحمد(ت: بعد٣٦٠هـ/٩٧١م).
- كتاب إثبات النبوات، تحقيق عارف تامر، دار المشرق(بيروت: ١٩٨٦).
- سعدي عثمان، كردستان الجنوبية في القرنين(١٧–١٨م)، مكتبة سوران(اربيل: ٢٠٠٦).
- سعيد الديوجي، تاريخ الموصل، دار الكتب(الموصل: ٢٠١١).
- سليمان الصائغ، تاريخ الموصل، المطبعة السلفية(القاهرة:١٩٢٣).
- السمعاني، عبد الكريم بن محمد بن منصور(ت:٥٦٢هـ/١١٦٦م).
- الأنساب، تحقيق عبدالله عمر البارودي، دار الجنان(بيروت:١٩٨٨).
- سهيل قاشا، الموصل في مذكرات الرحالة الأجانب، دار الوراق(لندن: ٢٠٠٩).
- سيستيني، دومينيكو، رحلة من أسطنبول الي البصرة سنة ١٧٨١، الترجمة من الفرنسية الأب بطرس حداد، دار ومكتبة البصائر(بيروت:٢٠١٠).
- شاخوان شبك، الشبك (شبانكاره–باجلان)، دراسة تاريخية لغوية، مجلة سرهلدان، العدد(١٢)، كانون الثاني(دهوك :١٩٩٤).
- شاكر خصباك، العراق الشمالي، مطبعة شفيق(بغداد:١٩٧٣).
- أبن شهراشوب، رشيد الدين محمد بن علي الطبسي(ت: ٥٨٨هـ/١١٩٢م).
- معالم العلماء، عني بنشره عباس أقبال، مطبعة فردين(طهران: ١٣٥٣هـ).
- الشهرستاني، ابوالفتح محمد بن عبدالكريم(ت: ٥٤٨هـ/١١٥٣م).
- الملل والنحل، مطبعة حجازي (القاهرة:(د.ت)).

- الشوكاني، محمد بن علي بن محمد(ت:١٢٥٠هـ/١٨٣٥م).
- البدر الطالع بمحاسن مَن بعد القرن السابع، دار ابن كثير(دمشق:٢٠٠٦).
- الشيبي، كامل مصطفى، الصلة بين التصوف والتشيع، منشورات الجمل(بيروت:٢٠١١).
- ـــــــــــــــــ، الطريقة الصفوية ورواسبها في العراق، مكتبة النهضة(بغداد:١٩٦٧).
- الصراف، أحمد حامد، الشبك من فرق الغلاة في العراق، مط:المعارف(بغداد: ١٩٥٤).
- الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك(ت: ٧٦٤هـ/١٣٦٣م).
- أعيان العصر وأعوان النصر، دار الفكر(بيروت ١٩٩٨).
- ابن طاووس، رضي الدين علي بن موسى الحسني(ت:٦٦٤ك/١٢٦٥م).
- فرج المهموم في تأريخ علماء النجوم، مطبعة أمير(قم:١٣٦٣ش).
- الطوسي، شيخ الطائفة محمد بن الحسن(ت: ٤٦٠هـ/١٠٦٧م).
- إختيار معرفة الرجال(رجال الكشي)، مؤسسة النشر الإسلامي(قم:١٤٢٧هـ).
- عارف تامر، تاريخ الإسماعيلية، الدعوة والعقيدة، دار ضياء الريس(لندن: ١٩٩١).
- عباس العزاوي، الكاكائية في التأريخ، مكتبة النهضة العربية(بغداد: ٢٠١٦).
- ـــــــــــــ، تاريخ العراق بين الإحتلالين، الدار العربية للموسوعات(بيروت:بلا).
- علي أكبر كُردستانى، الحديقة الناصرية في تأريخ وجغرافية كُردستان، ترجمة جان دوست، دار آراس(أربيل:٢٠٠٢).
- علي باشا مبارك، الخطط التوفيقية الجديدة، الهيئة المصرية العامة للكتاب(القاهرة :١٩٨٧).
- علي شاكر علي، ولاية الموصل العثمانية في القرن السادس عشر، أطروحة الدكتوراه، جامعة الموصل (الموصل: ١٩٩٢).
- عماد عبدالسلام رؤوف، الموصل في العهد العثماني، مطبعة الآداب(النجف :١٩٧٥).
- ـــــــ، دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، دار الزمان(دمشق:٢٠١١).
- العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله(ت:٧٤٩هـ/١٣٤٨م).
- التعريف بالمصطلح الشريف، دار الكتب العلمية(بيروت: ١٩٨٨).
- مسالك الأبصار في ممالك الامصار، ج٣، المجمع الثقافي(ابوظبي: ٢٠٠٣).
- العمري، محمد أمين بن خيرالله(ت: ١٢٠٣هـ/١٧٨٨م).
- منهل الأولياء ومشرب الأصفياء، مطبعة الجمهورية(الموصل:١٩٦٨).
- العمري، ياسين بن خيرالله(ت: ١٢٣٥هـ/١٨٢٠م).
- عجائب الأثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، مطبعة أم الربيعين(الموصل: ١٩٤٠).
- الغزالي، ابو حامد محمد بن محمد الطوسي(ت:٥٠٥هـ/١١١١م).

- فضائح الباطنية، تحقيق عبد الرحمن بدوي، مؤسسة دار الكتب الثقافية(الكويت:بلا).
- الغياثي، عبدالله بن فتح الله البغدادي(ت: بعد٨٩١هـ/١٤٨٦م).
- التاريخ الغياثي، تحقيق طارق نافع الحمداني، مطبعة أسعد(بغداد:١٩٧٥).
- فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي،مركز دراسات الوحدة العربية(بيروت: ٢٠٠٧).
- فرهاد دفتري، الإسماعيليون، ترجمة سيف الدين القصير، دار الساقي(بيروت: ٢٠١٢).
- ابن الفوطي، كمال الدين عبدالرزاق بن أحمد الشيباني(ت: ٧٢٣هـ/١٣٢٣م).
- مجمع الآداب في معجم الألقاب، تحقيق: محمد الكاظم(طهران: ١٤١٦هـ).
- الفيروزآبادي، مجدالدين محمد بن يعقوب(ت:٨١٧هـ/١٤١٤م).
- القاموس المحيط، ط٢(بيروت:٢٠٠٣).
- كارستن نيبور، رحلة نيبور الكاملة الى العراق، دار الوراق(لندن: ٢٠١٢).
- الكتاني، محمد عَبْد الحَيّ الإدريسي(ت:١٣٨٢هـ)، فهرس الفهارس والأثبات ومعجم المعاجم والمشيخات والمسلسلات، دار الغرب الإسلامي(بيروت:١٩٨٢) .
- الكرملي، إنستاس ماري، مجلة المشرق، العدد(١٣)، السنة الثانية :١٨٩٩، العدد(١٣)، السنة الخامسة :١٩٠٢.
- ليرخ، بيوتر، دراسات حول الاكراد، ت: عبدي حاجي، مكتبة الأسد(دمشق :٢٠٠٠).
- محمد أمين زكى بك، خلاصة تأريخ الكُرد وكُردستان، ترجمة وتعليق محمد علي عوني، مطبعة السعادة(القاهرة:١٩٣٩).
- الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، دار مطبعة التمدن(بغداد:١٩٦١).
- محمود أحمد محمد، حلقة مفقودة من تأريخ شهرزور أو مذكرات علماء الدين البلباسيين، مجلة كاروان، العدد(٣٦) (أربيل:أيلول١٩٨٥).
- مسعر بن المهلهل الخزرجي(ت: ٣٩٠هـ/١٠٠٠م).
- الرسالة الثانية، نشرها مينورسكي، مطبعة جامعة القاهرة (القاهرة: ١٩٥٥).
- معروف النودهي، الأعمال الكاملة لمعروف النودهي، مطبعة العاني(بغداد: ١٩٨٤).
- المقدسي: مطهر بن طاهر(ت:٣٢٤هـ/٩٣٦م).
- البدء والتاريخ، تحقيق و نشر كليمان هيوار(باريس: ١٩١٩).
- المقريزي، تقي الدين بن علي بن عبدالقادر(ت: ٨٤٥هـ/١٤٤١م).
- الخطط المقريزية، تحقيق: خليل منصور، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٩٨).
- المنشي البغدادي، محمد بن احمد، رحلة المنشي البغدادي عام ١٨٢٠، ترجمة عباس العزاوي، دار الوراق (لندن: ٢٠٠٨).

- ميريلا غاليتي، التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين، تعريب د.يوسف حبي، مجلة المجمع العلمي العراقي، الهيئة الكردية، المجلد الثامن(بغداد: ١٩٨١).
- نورالله الشوشتري(ت: ١٠١٩هـ/١٦١٠م).
- مجالس المؤمنين، ترجمة محمد شعاع فاخر، دار هشام(د.ت).
- النوبختي، ابومحمد الحسن بن موسى(ت: ٣١٠هـ/٩٢٣م).
- فرق الشيعة، مطبعة الدولة(أستانبول:١٩٣١).
- الواسطي، شهاب الدين أبوالهدى أحمد بن عبدالمنعم (ت:بعد٧٧٧هـ/١٣٧٥م).
- تذكرة المقتفين في مناقب أبي الوفا تاج العارفين-پير شهريار-، الأكاديمية الكُردية(أربيل:٢٠١٦).
- ياقوت الحموي، شهاب الدين ياقوت بن عبدالله الرومي(ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م).
- معجم البلدان، دار الفكر (بيروت:(د.ت)).
- اليامي، الأمير بدرالدين محمد بن حاتم اليماني(ت:بعد ٧٠٢هـ/١٣٠٢م).
- السمط الغالي الثمن في أخبار الملوك من الغز باليمن، تحقيق ركس سمث(كمبرج:١٩٧٣).

ب- به فارسی:

- أهل حق: نامه سرنجام يا كلام خزانه، تحقيق وتفسير صديق صفى زاده بورهكهيى، انتشارات هيرمند(تهران:١٣٧٥ه.ش).
- أهل حق: مجموعه رسائل وأشعار أهل حق، بإصلاح و. ايوانف (تهران: ١٩٦٠).
- إيرج بهرامى، أسطوره أهل حق، چاپخانه أحمدى(تهران:١٣٧٨ش).
- پرويز ازكايى، سرگوزشت نامايى مير سيد على همدانى، فرهنگى إيران زمين، شماره(٢٨)، زمستان سال ١٣٦٨.
- تودار، عبدالصمد بن صالح بن مراد(ت:بعد١٠٩٩ك/١٦٨٨ن).
- نورالانوار در سلسله آل أطهار، انتشارات حسينى نسب(سنندج: ١٣٦٩ش).
- حمدالله مستوفى قزوينى(ت: ٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
- تارخ گُزيده، إنتشارات أمير كبير(تهران:١٣٨١ش).
- نزهة القلوب، إنتشارات حديث أمروز(قزوين:١٣٨١ش).
- رسول جعفريان، تاريخ تشيع در إيران، چاپخانه مهارت(تهران:١٣٩٠ش).
- سياوش دلفانى، پيدايش سلسله أهل حق، منشور أميد(تهران: ١٣٩٢ش).
- سيد قاسم أفضلى، دفتر رموز يارسان و گنجينه سلطان صحاك(تهران:؟).

- سید محمود أنواری، میر سید علی همدانی و تحلیلی آثاری أو، دانشکده علوم و أدبیات إنسانی، شماره(٢٣)(تبریز: بایز ١٣٥٦ش).
- شاه طهماسب صفوی، تذکرة شاه طهماسب، إنتشارات شرق(تهران:١٣٦٣ش).
- صدیق صفی زاده بورەکەیی، مشاهیر أهل حق، کتابخانه طهوری(تهران: ١٣٦٠ش).
- طیب طاهری، سرأنجام، مجموعه کلامهای یارسان، چاپخانه آراس(أربیل:٢٠٠٧).
- القاشانی، ابوالقاسم عبدالله بن محمد(ت: ٧٣٨هـ/١٣٣٧م).
- تاریخ أولجایتو، به إهتمام مهین همبلی، إنتشارات علمی(تهران: ١٣٨٤ش).
- کیخسرو أسفندیار، کتاب دبستان مذاهب، کتابخانه طهوری(تهران: ١٣٦٢ش).
- گۆبینو، ژوزف ئەرتور، سه سال در آسیا(١٨٥٥–١٨٥٨)، ترجمة عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر قطره(تهران:١٣٨٣ش).
- المازندرانی، عبد الله بن محمد بن کیا(تقریبا در سنه ٨٦٥هـ/١٤٦١م).
- رساله فلکیه در علم سیاقت، بتصحیح والتر هینس، چاپخانه فرانس اشتاینر (ویسبادن:١٩٥٢).
- محمد رضا شفیعی کدکنی، قلندریه در تأریخ، إنتشارات سخن(تهران:١٣٩٤ش).
- محمد نوربخش بن عبدالله قطیفی(ت:٨٦٩ه/١٤٦٥م).
- رسالة الهدی، من مهدی هستیم، ترجمه به فارسی، بکوشش رسول جعفریان، پیام بهارستان، سال(٥)، شماره(١٧)(پایز: ١٣٩١ش).
- سلسلة الأولیاء، بإهتمام محمد تقی دانش پژوه، له کتێبی(جشن نامه هانری کربن، زیر نظر سید حسین نصر(تهران:١٣٩٧ش))، ل٦–٦١ بڵاوکراوەتەوە.
- ملا پریشان، ابو القاسم(سەدەی٨–٩ك/١٤–١٥ز).
- دیوان ملا پریشان کُرد، گردآورد وناشر فتحعلی زیباجویی، چاپ محمدی(کرمانشاه:(؟)).
- مهری رحیمی وأمیر إسماعیل آذر، کتابشناسی فرقه أهل حق"یارسان"، نشریه عرفان إسلامی، شماره(٤٩٥)(تهران:پاییز١٣٩٥ش).
- میرزا شکرالله سنندجی(سال١٣١٩ه/١٩٠١م)، تحفهء ناصری در تاریخ وجغرافیای کُردستان، تصحیح وتعلیقات حشمت الله طبیبی، إنتشارات أمیر کبیر(تهران:١٣٦٦ش).
- نور علی إلاهی، آثار الحق، به اهتمام بهرام إلاهی، إنتشارات جیحون(تهران: ١٣٧٣ش).
- ویبرت بلوشر، سفرنامه بلوشر، ترجمه کیکاووس جهانداری(تهران: ١٣٦٩ش).
- یار موردای تیموریان زند، نمی از یم حقیقت، چابخانه بهرام(تهران: ١٣٨٢ش).

ج– به کوردی:

- ئیڤانۆف، پەیڕەوانی راستی، یارانی کوردستان"ئەهلی هەق"، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم(هەولێر: ٢٠٠٣).
- بێسارانی، مەلا مستەفا(م:١٧٠٠ز)، دیوانی بێسارانی، إنتشارات کردستان(سنندج:٢٠١٧).
- رەنجووری، مەلا عومەری زەنگەنە(م:ز ١٨١١ز)، دیوانی رەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی آفاق عربية(بەغدا:١٩٨٤).
- زێوەر، مەلا عەبدوڵا(م:١٩٤٨)، گەنجینەی مەردان و یاداشتی رۆژانی دەربەدەری، پێشەکی و پەراوێز محەمەدی مەلا کەریم، مطبعة الادیب البغدادية(بەغدا:١٩٨٥).
- ژۆکۆڤسکی، ڤ. أ، مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران ساڵی ١٨٨٦، وەرگێڕانی لە رووسیەوە ئەنوەر قادر محەمەد، لە کتێبی:چەند وتارێکی کوردناسی، بنکەی ژین (سلێمانی:٢٠٠٨).
- سالم، عبدالرحمن بەگ(م:١٨٦٩)، دیوانی سالم، بنکەی ژین (سلێمانی:٢٠١٥).
- شێخ رەزای تاڵەبانی(م:١٩١٠)، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، پڕۆژەی هاوسەر (سلێمانی: ٢٠٠٥).
- عبدالکریمی مدرس، بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق(بەغدا: ١٩٨٤).
- کۆمەڵێك رۆشنبیری گەنج، دیاری لاوان(بەغدا:١٩٣٤). بنکەی ژین دووبارە لەگەڵ بەڵاڤۆکی (یادگاری لاوان) بڵاویکردۆتەوە(سلێمانی:٢٠٠٥).
- مارك سایکس، هۆزەکانی کورد، وەرگێڕانی حسین جاف(بەغدا:١٩٩٢).
- محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، چاپخانەی الحوادث(بەغدا:١٩٨٤).
- محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگای دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی السالمي(بغداد:١٩٩٩)، بەرگی چوارەم، چاپخانەی الخنساء(بغداد:٢٠٠٢).
- محەمەد عەلی سوڵتانی، بزووتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، وەرگێڕانی عەدنان بەرزنجی، دەزگای ئاراس(هەولێر: ٢٠١١).
- محەمەد موکری وچەند نوسەرێك، چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵا، دەزگای موکریانی(هەولێر:٢٠٠٥).
- مەولەوی، مەلا عەبدوڕەحیمی تاوەگۆزی(م:١٨٨٢)، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەراداغی، ناوەندی راگەیاندنی ئارا(سلێمانی:٢٠١٥).
- میرزا عەبدولقادری پاوەیی، دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی، کۆکردنەوە و ئامادەکردن: محەمەد رەشیدی ئەمینی، إنتشارات کردستان(سنه:١٣٩٦ش).

- نەجاتی عەبدوڵا، شەبەك: مێژوو و زمان و باوەڕیان، گۆڤاری ئەكادیمیانی كوردستان، ژمارە(٤)(سلیمانی:ئەیلول٢٠١٥).
- نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، كتێبی یەكەم، الدار العربیة للعلوم(بیروت:٢٠١٢).

د- بە توركی و ئینگلیزی:

- حاجی خلیفە و ابوبكر بن بهرام الدمشقی، كتاب جهان نما(انقرە:٢٠٠٩).
- YUSUF HALACOGLU, ANADOU’DA ASIRETLER], CEMAATLER , OYMAKLAR (1453-1650) (ANKARA:2009).
- GEORGE KEPPEL, A JOURNEY FROM INDIA TO ENGLAND (LONDON:1853).
- H.RAWLINSON , NOTES ON A MARCH FROM ZOHAB(LONDON:1839).

الكاكائية-أهل الحق والشَبك

يتألف الكتاب من دراستين علميتين، تتناول الأولى تاريخ فرقة الكاكايي أو أهل الحق منذ ظهورها بكُردستان مرورا بمراحل تطورها وتأثرها بالديانات السماوية الكبرى والتراث الإيراني القديم وبالطرق الصوفية والفرق الشيعية المختلفة التي إنتشرت بين الكُرد منذ عهد مبكر لا سيما الاسماعيلية المباركية، والتعرف على سيرة أهم شخصياتها الرمزية الرئيسة ممن حل الذات الإلهية المتمثلة بروح الإمام علي بن أبي طالب فيهم حسب إعتقادهم، كباباخوشين و باباناووس و سلطان إسحاق و بابا يادكار ومقارنة حياتهم بسيرة الدعاة الأسماعيلية الأوائل، مع ان النصوص والروايات عنهم شحيحة للغاية ولاتفي بالغرض، دون الخوض في الجوانب الدينية والعقائدية والشعائرية لهم والتي اشبعت بحثا ودراسة وكتب حولها منذ مطلع القرن العشرين العديد من الأبحاث والدراسات من قبل المستشرقين والكُتاب الكُرد وغيرهم.

ووقف الباحث موقف الناقد من النصوص الشعرية الكثيرة المنسوبة الى الشيوخ والزعماء الروحيين لأهل الحق التي حررت في وقت متأخر قد لا يتعدى القرن الثامن عشر ولا يمكن الأعتماد عليه من الناحية التأريخية لما تحويها من أخطاء ومغالطات تأريخية، لا بل إختلاف شديد وتناقضات مثيرة حول عصر و شخصية السلطان إسحاق أو سان سهاك وغيره من رموز الفرقة.

وتوصل البحث الى ان فروعا من هذه الفرقة كانت موجودة بموضع ما من إقليم الجبال وشهرزور خلال العصر العباسي بإسم خوشينان نسبة الى شاهخوشين و بإسم الكاكائية بولايات كرمانشاه وهمذان ولُرستان الصغرى على الأقل منذ القرن السابع عشر على شكل فرق وطوائف دينية شيعية صغيرة ومغمورة، دون أن تعرف باسمها الحالي أهل الحق وإنما عرف كل فرع منه بأسمها الخاص به أو بإسم القبيلة التي ينتمي اليها أفرادها قبل ان تجمعها هذه التسمية خلال القرن التاسع عشر.

والدراسة الثانية تخص الشبك أو الشنبك، والشبك هو الإسم الجامع لقبائل وطوائف وبطون كُردية شتى، أهمها هي قبيلة الشبك نفسها وتجمعها اللهجة الكُردية المعروفة بماچۆ، فضلا عن مجاميع من التركمان والعرب، وهم من السكان الأصليين

للنواحي الشرقية والجنوبية بالموصل ويغلب على حياتهم ومعيشتهم الطابع القروي البسيط والمسالم، وكانوا يقيمون منذ القدم بأكثر من خمسين قرية زراعية حوالي الموصل، وأكد انستاس ماري الكرملي وعدد من المستشرقين والرحالة الغربيين الذين مروا بالموصل منذ أواخر القرن التاسع عشر على إنهم من الكُرد المسلمين، غير ان أصلهم العرقي ومذهبم الصوفي تعرض للتشويه والتزوير متعمداً ولأغراض غير علمية خصوصاً من قبل أحمد حامد الصراف الذي عرض من دون أية أدلة فرضيات حول أصلهم وتأريخ مجيئهم الى أطراف الموصل، كما قال هو وغيره إنهم من التركمان أو العرب أو الفرس.

وتوصلت الدراسة الى أنهم فرع من الشنبك–الشنبكية التي كانت من القبائل الكُردية المعروفة خلال العصور الوسطى الأسلامية ونبغ منها الصوفي الجليل ابو محمد الشنبكي وهو من أبرز رؤوس الطريقة الصوفية الشنبكية التي إنتشرت بكُردستان والعراق ومصر.

وكانت الشنبكية تقيم منذ العهد المغولي بمناطق سكناها الحالية بأطراف الموصل ومنذ مطلع العثماني يختفي حرف النون من إسمهم، فصاروا يعرفون بالشبك وتشير الوثائق العثمانية الى قراهم و مايملكونها من المواشي.

The second study concerned the Shabak or Shanbak Kurds, Shabak is the collective name of various tribes and sects and Kurdish tribes, the most important of which is the Shabak tribe itself. It is composed of the Kurdish dialect known as Macho, as well as groups of Turkomans and Arabs, who are indigenous to the eastern and southern regions of Mosul and whose lives are dominated by a simple rural character And the Muslims, and they have lived since ancient times in more than fifty agricultural villages around Mosul, and confirmed Anastas Mary Karmali and a number of Orientalists and Western travelers who have passed Mosul since the late nineteenth century as Muslims of the Kurds, but their ethnic origin and doctrine The mystic was subjected to distortion and falsification deliberately and for non-scientific purposes, especially by Ahmed Hamid Al-Sarraf, who presented without any evidence hypotheses about their origin and history of coming to the outskirts of Mosul, as he and others are Turkmen or Arabs or Persians.

The study concluded that they are a branch of the Shanbak-Shanbekiya, which was one of the Kurdish tribes known during the Islamic Middle Ages, and was uttered by the great mystic Abu Muhammad al-Shanbaki, one of the most prominent heads of the Sufi method of Sufism that spread in Kurdistan, Iraq and Egypt.

The Shanbakiya has been living since the Mongol period in the areas of its current housing in the outskirts of Mosul ,and Since the beginning of the Ottoman period, The letter (N) disappears from their name, so they know the network and the documents refer to their villages and livestock.

The Kakahi - Ahl al-Haq and Shabak

- Historical investigation -

The book consists of two scientific studies , The first research deals with the history of the Kakayi or Ahl al-Haq sect since its emergence in Kurdistan through its stages of development and its impact on the great heavenly religions and the various Shiie groups that spread among the Kurds from an early age, especially the Ismaili Al-Mubarikia and the biography of the main symbolic characters of the self-deity of the Imam Ali bin Abi Talib, He is with them according to their belief, as Baba Khoshin, Baba Naous, Sultan Ishaq and Baba Yadgar and comparing their lives to the early Ismailism preachers, although the texts and narratives are very trivial and inadequate, without going into the religious and ideological aspects of them. And that is exhaustively researched and studied and wrote around since the beginning of the twentieth century, many researches and studies by orientalists and writers of the Kurds and others.

The researcher stopped the critic from the many poetic texts attributed to the sheikhs and spiritual leaders of the people of truth, which were liberated in the late eighteenth century and can not be relied on from the historical point of view of the historical mistakes and inaccuracies, and there is a doubt and different opnion about the character of commander Sultan Isaac or San Sahak and other band characters.

The research found that this group was present in the state of Kermanshah and Hamadan and the remote mountainous areas of Lurristan and at least since the seventeenth century in the form of small and submerged Shiie sects, without knowing the current name of the people of truth, but knew each branch by its own name or the name of the tribe that To the members before the gathering of this name during the nineteenth century.

ناوەڕۆك

پێشەكی ٧
بەشی یەكەم: كاكەیی–ئەهلی هەق لە سەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاك.......... ٩
– دەروازە:.. ١١
یەكەم: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەكان ودەركەوتنی ئەهلی هەق.................... ١٤
١– هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و دەقەكانی ئەهلی هەق.................... ١٤
٢– بنەچەی ناوی كاكەیی–ئەهلی هەق........................... ١٩
٣–كوردستان لانكەیەكی گروپ و باسكە شیعیەكان...................... ٢٥
٤–سەرهەڵدانی كاكەیی–ئەهلی هەق............................ ٣١
٥– لەنێوان ئەهلی هەق و شیعەی ئیسماعیلی دا.................... ٣٩
٦– هەڵوێستی زانایانی كورد لە شیعەگەری....................... ٤٦
دووەم: كۆششێك بۆ ناسینەوەی پێشەوایانی ئەهلی هەق.................... ٥٠
١– شاخۆشین موبارەكشاه.................................. ٥٠
٢– ناووس–باباناووس.. ٥٦
٣– سوڵتان سەهاك...................................... ٦٣
٤– لە نێوان سوڵتان سەهاك وسوڵتان ئیسحاقی هەورامان دا.................. ٧٢
٥– بابا یادگار.. ٧٧
–ئەنجام.. ٨٠
بەشی دووەم : كوردی شەبەك -شەنبەك لە نێوان راستیە مێژووییەكان و شێواندنی نەیاران دا... ٨٣
یەكەم: ناساندنی شەبەك–شەنبەك.......................... ٨٥
دووەم: بنەچەی وشەی شەبەك :............................. ٨٨
سێهەم: لە شەنبەكەوە بۆ شەبەك........................... ٩٤
چوارەم: شەبەك لە سەردەمی عوسمانی........................ ٩٧
پێنجەم: شەبەك كوردن و موسڵمانن ١٠٣
شەشەم:شەبەك لە شوێنكەوتووانی ١٠٨
– ئەنجام.. ١١٢
– وێنەكان.. ١١٥
– سەرچاوەكان.. ١٢٢
– پوختەی كتێب بە زمانی عەرەبی ١٣٠
– پوختەی كتێب بە زمانی ئینگلیزی......................... ١٣٣

کاکەیی - ئەهلی هەق و شەبەک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی

د.زرار صدیق توفیق

ئەم کتێبە دوو لێکۆڵینەوە لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی کوردی کاکەیی- ئەهلی هەق کە جیاوازە لەو نوسینە زۆر و زەبەندانەی پێشتر لەبارەیانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەوپێیەی سەرچاوەی نوێ بەکارهێنراوە و لێکدانەوەی تەواو نوێ بۆ ناسنامەی کەسایەتیە سەرکیەکانی کراوە و خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەش بۆ دەق و سەرچاوەکانیان ئەنجامدراوە.

لێکۆڵینەوەی دووەمیش دەربارەی کوردی شەبەک-شەنبەکە، لێرەش سەرچاوەگەلێک بەکاهێنراوە و چەردەیەک زانیاری و روونکردنەوەی نوێ و بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەتیی نوسەر خراونەتەڕوو سەبارەت بە پەیڤی شەبەک و چۆنیەتی دەرکەوتن و پەیدابوونیان لە رۆژهەڵات و باشوری موصڵ و زیاتر جەخت لەوە کراوەتەوە کە کوردی رەسەن و هەمان هۆزی شەنبەک(الشنبكیە)ی سەدەکانی ناوەڕاستن، بەمەش ئەو بوختان و بۆچوونە نازانستیانە رەتکراونەتەوە کە لە مێژەوە بە پێنوسی گوماناویی کەسانی ناحەز دەربارەی نەژاد و ناسنامەیان نوسراون.

له بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠٢٠

چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر